
ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان
کوردستان
تایبەت

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا
سێشەممە ٣١ی پووشپەڕی ١٣٩٣ ٢٢ی جولای ٢٠١٤
ژمارە ٦٣٦
www.kurdistanukurd.com

## پەیامی پیرۆزبایی و بەخێرهاتنەوە به بۆنەی گەڕانەوەی مام جەلال بۆ کوردستان

سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان خالید عەزیزی بە بۆنەی گەڕانەوەی مام جەلال تاڵەبانی کە ڕۆژی ٢٨ی پووشپەڕ گەڕایەوە کوردستان پەیامێکی بۆ مەکتەبی سیاسی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان نارد.

دەقی پەیامەکە لە لاپەڕەی ٢دایە

### حدک به دوای یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدبوونی د.قاسملوودا:

# ڕێز لە وەفاداریو هەڵوێستی ئەمەگناسانەی خەڵکی کوردستان دەگرین

## پیلانگێڕیی کۆماری ئیسلامی لە دژی ویستو ئیرادەی سەربەخۆیخوازی لەهەرێمی کوردستاندا

قادر وریا

لە دوای جێگیربوونی هێزی پێشمەرگە لە ناوچە دابڕێنراوەکانی باشووری کوردستان و بە شوێن هاتنەگۆڕی جیددیی داوای گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی ئەم بەشەی کوردستان لە لایەن سەرۆکایەتیی هەرێمو پێشوازیی گشتیی هێزە سیاسییەکانو خەڵکی هەرێمی کوردستان لەم داوایە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر لە هەر دەوڵەتو لایەنێکی دیکە ترسی ڕێنیشتوەو کەوتووەتە دژایەتیو پیلانگێڕی لە دژی ئیرادەی سەربەخۆییخوازانە لە هەرێمی کوردستان‌دا.

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی بە کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان گەیشتوون، لە یەک مانگی ڕابردوودا جموجۆڵێکی بەرچاوی نیزامیوئەمنییەتی لە لایەن دامودەزگا سوپاییو ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بینراون کە تایبەتمەندیی دیاری ئەم جموجۆڵانە دژایەتی لە گەڵ هەرێمی کوردستان لە ئەگەری پەنابردن بۆ گشتپرسیو ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی دایە.

زیادکردنی هێزی نیزامی لە شارو ناوچە سنوورییەکان بە تایبەتی لە ناوچە سنوورییەکانی پاریزگەی ورمێ کە لە گەڵ هەرێمی کوردستان نزیکی یا سنووری هاوبەشیان هەیە (شنۆ، نەغەدە، پیرانشار، سەردەشت)، هاندانی جاشەکان و بەکرێگیراوان بۆ ناونووسی بە مەبەستی «خزمەت» لە دەرەوەی ئێران (عێراقو سووریە) لە بەرامبەر بەڵێنی مووچەیەکی مانگانەی زۆردا، ئاوەدانکردنەوەی کۆمەڵێگ پێگەی نیزامیی چۆلکراو (بۆ نموونە لە شاخو گوندەکانی ناوچەی ڕەبەتو سەردەشت)، پێکهێنانی کۆبوونەوەی تایبەت بۆ بەسیجییەکانو دەستوپێوەندەکانیان بە مەبەستی باسکردن لەو «هەڕەشەو مەترسی»یانەی دەوڵەتو وڵاتی عێراق لە گەڵیان بەرەوڕوون، بەشێک لەو جموجۆڵانەن. ئەم جموجۆڵانە لە کاتێک‌دان کە ڕاگەیەنەکانی سەر بەکۆماری ئیسلامیو کاربەدەستانو نوێنەرانی ئەم ڕێژیمە لەم ماوەیە دا لە دژایەتیکردنی ویستو ئیرادەی سەربەخۆییخوازیو هێرش بۆ سەر هەڵگرانو داکۆکیکارانی ویستی گشتپرسیو داوای سەربەخۆیی، درێغیان نەکردوە.

جگە لەمەش لەم دوایانەدا، حەراسەتی وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی لە پارێزگە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە شێوەی پۆل پۆلو یەک یەک پێوەندیی بە ژمارەیەکی بەرچاوله ڕۆژنامەنووسانو چالاکانی بواری میدیاوە گرتوە.

ل ٢



بە بۆنەی بەشداریی چالاکانەیان لە هەمووی ئەو چالاکیو کۆڕو کۆبوونەوەو ڕێورەسمانە دا کە لە نیوخۆی ڕۆژهەڵات، لە هەرێمی کوردستانو دەرەوەی وڵات لە یادی ٢٥ساڵەی شەهیدکرانی د.قاسملوودا بەڕێوە چوون، کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان سوپاسو پێزانینی ئەم حیزبەی بە هەموو هۆگرانو ئەویندارانی بیرو خزمەتەکانی د.قاسملووی ڕێبەرو خەڵکی کوردستان بە گشتی ڕاگەیاند.
لە ٢٥ ساڵەی تیرۆری د.قاسملوودا، کوردستانو زۆربەی ئەو وڵاتانەی ژمارەیەکی زۆر لەکوردانی نیشتمانپەروەرو ئەمەگناسیان لیٚ‌دەژین، بوون بە مەیدانی چالاکیی سیاسیی، ڕۆشنبیری، نەتەوەییو خەباتکارانە بە مەبەستی ڕێز گرتن لە یادی ئەو ڕێبەرە بە توانایەی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
لە نیوخۆی وڵاتیش، ڕۆژی٢٢ی پووشپەر، خەڵکی دیموکراتو دیموکراتپەروەر بە شێوەی جۆراوجۆروەفاداریی خۆیان بە ڕێگاو ئامانجەکانی ئەو ڕێبەرە نەمرە دووپات کردەوە. لە هێندێک شاربە بایکۆتکردنی شەقام و بازارو شوێنە گشتییەکانو لە هێندێک شاری دیکە بە داخستنی ڕێژەیەکی بەرچاو لە دوکانو بازارو هەروەها بە زاڵکردنی کەشوهەوای نەتەوەییو حەماسی بە سەر شوێنی ژیانیان‌دا، جارێکی سەلماندیان کە تاوانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر د.قاسملووو نەتەوەکەی لە بیر ناکەن. لەم پیوەندیە دا کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕێزی لە هەڵویستی ئەمەگناسانە و وەفادریی خەڵکی کوردستان گرتوە. لە سوپاسنامەی ئەو کۆمیسیۆنەدا هاتوە: "خۆشحاڵین کە ئێوە بە هەڵوێستی ساڵ بەساڵ گشتیتر و یەکگرتووانەترتان، بە کردەوە ڕۆژی شەهیدبوونی د.قاسملووتان کردوە بە ڕۆژی مەحکوومکردنی تیرۆرو سەرکوت‌و، لەم ڕۆژە دا بە کۆماری ئیسلامیی دەیسلمێننەوە کە قاسملوو ئەگەر بە جەستە لە نیومان دا نەماوە، بیرو ڕێگاوئامانجەکانی و خەبات لە پێناویان دا، هەر زیندوو و بەردەوامە." دەقی سوپاسنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر لەم ژمارەیەی"کوردستان"دا بخوێننەوە.




پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕێورەسمی ٢٥ساڵەی شەهیدبوونی د.قاسملوو دا

٤



وتووێژی تلویزیۆنی کوردکاناڵ لەگەڵ سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان

٥



وتاری مستەفا شەڵماشی، لە یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدانی ڤییەن دا

٨



قسەکانی دوکتور ئاسۆی حەسەن‌زادە لە سیمیناری ٢٥ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوو لە پارلمانی بریتانیا

٩



ڕاپۆرتێک لە بارەی ناوەرۆکی وتووێژە خوێناوییەکەی١٣ژوئیەی ڤییەن

١١


### سەرۆکی هەرێمی کوردستان:

## لە بڕیاری سەربەخۆیی پاشگەز نابینەوە




مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە نوێترین دیمانەی خۆی‌دا لەگەڵ کەناڵی ئەلجەزیرە باسی لە دوایین بڕیارەکانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان کرد.

مەسعود بارزانی گوتی زورمان هەوڵ دا عێراق لە سەر بنەمای دەستوورو مافی وەک یەکی هەموو نەتەوەو پێکهاتەکان دروست بکەینەوە، بەڵام ئەوە نەکراو خەتاکەشی لە ئی ئیمە نەبوو، ئەوە دەسەڵاتدارانی بەغدا بوون کە عێراقیان بەرەو هەڵدێری نەمان بردوە.


مەسعود بارزانی دووپاتی کردەوە کە کوردستان بڕیاری خۆی داوە و لێی پاشگەز نابێتەوە، لە هەمان کات‌دا کار لەسەر هەردوو ئاڕاستەکە دەکا، هەم کار لەسەر ئامادەکارییەکان بۆ سەربەخۆیی و ڕیفراندۆم دەکات هەمیش لە پرۆسەی سیاسیی عیراق بەشدار دەبیٚ تا ئەو کاتەی گەلی کوردستان بڕیاری کۆتایی خۆی دەدا.

### بەشداریی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە خۆپێشاندانی بەرینی کوردانی دەرەوەی وڵات بۆ دەربڕینی پشتیوانی لە سەربەخۆیی باشووری کوردستان






# پەیامی پیرۆزبایی و بەخێرهاتنەوە بە بۆنەی گەڕانەوەی مام جەلال بۆ کوردستان





بەڕێز مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان!

لە گەڵ ڕێز و سڵاوی دۆستانە!

لە لایەن خۆمەوە و بە ناوی دەفتەری سیاسی و ڕێبەریی حیزب و هەموو تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، بە گەرمی بەخێرهاتنەوەی سەرۆک مام جەلال بۆ کوردستان دەکەم. هەر لەم پێوەندییەدا لە قووڵایی دڵەوە پیرۆزبایی و چاوو دڵ ڕوونی لە ئێوە و بنەماڵە تێکۆشەرەکەی و سەرجەم هۆگران و خۆشەویستانی مامی بەڕێز لە نێو یەکیەتیی نیشتمانی ، لە نێو نەتەوەی کوردو لە نێو خەڵکی عێراق دا دەکەین. هیوای منو هەموو هاوڕێیانم لە نێو ڕێبەریو تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، سلامەتیی ڕۆژبەڕۆژ زیاترو تەمەندرێژیی مام جەلالی خۆشەویستە. بەوهیوایەی گەڕانەوەی مام جەلال بۆ کوردستان، هاندەری تەباییو یەکگرتوویی خەڵکو هێزە سیاسییەکانی کوردستانو یارمەتیدەری چارەسەری هێمنانە و بە ئاشتیی قەیرانەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی ناوەندیو پێکهاتەکانی دیکەی عێراق بێت.

شەریکی شادی و خۆشیتانین.

**خالید عەزیزی**
**سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**٢٠١٤/٧/١٩**
**٢٨ی پووشپەڕی١٣٩٣**

**درێژەی:**

## پیلانگێڕیی کۆماری ئیسلامی لە دژی ویستو ئیرادەی سەربەخۆییخوازی لەهەرێمی کوردستاندا

لەو چاوپێکەوتنو پێوەندییانە دا، داوایان لە ڕۆژنامەنووسانو میدیاکارانی کوردستان کردوە بە هەموو توانای خۆیانەوە بکەونە دژایەتی لە گەڵ ویستو ئیرادەی سەربەخۆییخوازی لە هەرێمی کوردستانو بە تایبەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بدەنە بەرنووکی هێرشەکانیان. داوای وەزارەتی ئیتلاعات لە میدیاکارانو ڕۆژنامەنووسان ئەوە بووە ویستی پێکهاتنی دەوڵەتی کوردی وەک پرۆژەیەکی ئیسرائیلی بناسێنو وێڕای باسکردن لە مەترسییەکانی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی، داکۆکی لە یەکپارچەیی عێراق بکەن. بەرپرسانی وەزارەتی ئیتلاعات لەم دیدارو پێوەندییانەدا نەشیان شاردووەتەوە کە لە دەرەوەی ئێرانو لە ئاستی ناوچەدا، هێندێک قەلەمیان بۆ ئەم مەبەستە ڕاسپاردوە. هەروەها ڕاشیان گەیاندوە ئەو کەسانەی وەک نووسەر، شارەزا، لێکۆڵەرو شرۆڤەکار، کار بۆ ئەم خەتە سیاسییە بکەن، لە گەڵ پێزانین و پاداشی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرەوڕوو دەبن.

گشتپرسییەکی ئازادو دیموکراتیکدا بڕیارلە سەر چارەنووسی خۆی بداو لە سەر نیشتمانی خۆی، ببێتەخاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ئەویش بێ ئەوەی خاکی نەتەوەو وڵاتێکی دیکە داگیر بکا؟! ئایا ئەمە ئەو پەڕی دوژمنایەتیی ئەو ڕێژیمە لە گەڵ نەتەوەی کوردو پرسە ڕەواکەی ناگەیەنێ کە کاتێک دەگاتە سەر دژایەتیی دابینبوونی مافی سەربەخۆیی بۆ بەشێک لە نەتەوەی کورد، «موسوڵمانبوون»و «ئێرانیبوونی کورد لە هەر جێیەک بیت»و تەنانەت دروشمو سیاسەتو ناوەرۆکی بە ڕواڵەت دژ بە ئیستیعمارو ئیستیکباری خۆی، وەلا دەنێو لە پێناوی دژایەتیی پرسی کورد، دەیانخاتە ژێر پێ؟! ئەم دوژمنایەتییە دەبێ چەندە زۆرو بێسنوور بێت کەمانەوەو پاراستنی یەکەیەکی سیاسی- جۆگرافیایی وەک عێراق_کە دروستبوونەکەی لە ئەساس دا بەرهەمی ڕێککەوتنی هێزە ئیستیعمارییەکان لە سەر دابەشینی سەرزەوییەکانی ئەم ناوچەیە بە بێ ڕەزامەندیی نەتەوەکانی ئەوێ بووە، بەو هەمووە کێشەو قەیرانانەی ڕابردووو ئێستاو داهاتووەوە،لە

## ڕێژیمی ڕیاکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەردەوام هەوڵی داوە لە لایەک «موسوڵمانبوونی نەتەوەی کورد«و لە لایەکی دیکە «ئێرانیبوونی ڕەچەڵەکی کوردەکان» وەک کارتێکی سیاسی بۆ یاریکردن بە پرسی کورد لە وڵاتانی دراوسێدا بەکار بێنێ.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم پێوەندییە دا، بە ئەرکی سیاسیونەتەوەیی خۆی دەزانێ لە هەلومەرجی ئێستادا، ڕووی قسەی بکاتە دوو دەستە بەردەنگ کە ئەم پیلانگێڕییانەی کۆماری ئیسلامی بە جۆرێک لە جۆرەکان پێوەندیی بەوانەوە هەیە:

دەستەی یەکەم، ئەولایەنو کەسانەن کە کۆماری ئیسلامی وەک دۆستو خەمخۆری کورد دەناسن یا بە هەر هۆیەک وای دەناسێنن.

دەستەی دوویەمیش، ئەوانەن کە کۆماری ئیسلامی، دەیەوێ لە دژی ویستی سەربەخۆیی کورد بەکاریان بێنێت.

**

ڕێژیمی ڕیاکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەردەوام هەوڵی داوە لە لایەک «موسوڵمانبوونی نەتەوەی کورد«و لە لایەکی دیکە «ئێرانیبوونی ڕەچەڵەکی کوردەکان» وەک کارتێکی سیاسی بۆ یاریکردن بە پرسی کورد لە وڵاتانی دراوسێدا بەکار بێنێ. ئەمە لە کاتێک دابووە کە لە نێوخۆی ئێراندا، نەک هەر هیچ مافێکی نەتەوەیی کوردەکانی بە ڕەسمیی نەناسیوە بەڵکوو لە هیچ چەشنە سەرکوت و تاوانێک دژی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئێران، دەستی نەگێڕاوەتەوە. خاڵی لەمە سەرنجڕاکێشتر، ئەو سیاسەتو هەڵوێستە ئاشکراو شاراوانەن کە ئەم ڕێژیمە لە کاتی سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونی پرسی کورد لە ناوچەدا، بەڕێوەی بردوونو بەڕێوەیان دەبا. لەم بارەیەوە تەنیا ئاماژە بە دوونموونە دەکەین:

١- نموونەی یەکەم، هاوبەشیی ئەو ڕێژیمە لە پیلانگێڕیو هەوڵەکانی دەوڵەتانی سووریەو تورکیە لە دەیەی ٩٠ی زایینیدا بوو کە هەرێمی کوردستان بە پێچەوانەی ویستی ئەوان کەوتبووە ژێرچەتری چاوەدێرییەکی نێودەوڵەتیو کورد لە ئاکامی ئەو وەزعە دا، پارلمانو حکوومەتی هەرێمی کوردستانی دامەزراند.

٢- نموونەی دووهەم پیلانگێڕیو دوژمنایەتیی ئێستای ئەو ڕێژیمە هەمبەرهاتنەگۆڕی ویستو ئیرادەی سەربەخۆییخوازی لە هەرێمی کوردستانە.

لەو کەسو لایەنانەی کۆماری ئیسلامی وەک دۆستو خەمخۆری کورد دەناسن یا دەیناسێنن، دەپرسین ئەوە چ دۆستو پشتیوانێکی نەتەوەی کوردە، کە چاوی دیتنی ئەوەی نییە ئەم نەتەوە»موسوڵمان»و «بە ڕەچەڵەک ئێرانی»یە،لە

پێکهاتنی وڵاتو دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد، بە باشتر دەزانێ! لە ڕاستیدا ناسینو ناساندنی ڕێژیمێک بەم سیاسەتە دژە کوردییەوە بە «دۆستی کورد»،دەچێتە خانەی خۆفریودانو خەڵک بە فریوبردن. ئەم کارە شیاوی ناوێکی گەورەتر لە «هەڵە»و «بەهەڵەچوونێکی سیاسی»یە. دیارە لەبەرچاونەگرتنو لەبیرخۆبردنەوەی سیاسەتو هەڵویستی تاسەرئێسقان دوژمنانەی ئەو ڕێژیمەش لە ئاست ئەو شانس و دەرفەتە مێژووییانەی بۆ کورد ڕەخساونو دەرەخسێن، هەڵەیەکی گەورەیەو بە هیچ جۆر ڕەوا نییە لە حیسابات و سیاسەتکردنی داهاتوودا، فەرامۆش بکرین.

بۆ ئەو کەسانەش کە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئێراندا دەژینو کۆماری ئیسلامی دەیەوێ بۆ دژایەتیو پیلانگێڕی هەمبەر ویستو ئیرادەی سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستان بە کاریان بێنێت، قسەی ئێمە ئەوەیە وشیاربنو مەکەونە داوی ئەو ڕێژیمەوە. مەسەلەکە زۆر سادەیە: ڕێژیمێک کە ئامادە نییە سەرەتاییترین مافەکانی زیاتر لە١٠میلیۆن کورد لە چوارچێوەی سنوورەکانی وڵاتی خۆیدا بە ڕەسمی بناسێ، دژی دابینبوونی مافەکانو وەدیهاتنی ئاواتو ئارەزووە دێرینەکانی ئەو نەتەوەیە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش،پیلانگێڕی دەکا! ڕووهەڵماڵاوییەکەشی بەو ڕادەیەیە کە دەیەوێ تاکەکانی ئەو نەتەوەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان،ببنە بەکرێگیراویو بەزمانو قەڵەمو چەک،دژی ویستو ئیرادەی پیرۆزی سەربەخۆیی لە نێو بەشیک لە نەتەوەکەی خۆیاندا،بوەستنەوە. پیلانگێڕیو سیاسەتی دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی لە ئاست گشتپرسیو ویستی سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستان،بەر لەوەی دژایەتی لە گەڵ جێبەجێبوونو دابینبوونی مافە ڕەواکانەکانی نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بێ، پێداگرتنەوەیە لە سەر بندەستهێشتنەوەی کورد لە ئێرانداو داننەنان بە بوونی ئەو نەتەوەیەو بە ڕەسمینەناسینی مافە نەتەوەییەکانی. لە یەک وتەدا، بەدەنگەوە چوونو بەشداریی هەر کوردێک لە پیلانگێڕیو سیاسەتی دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی لە ئاست بڕیاڕی گشتیی خەڵکی هەرێمی کوردستان، دەچێتە خانەی پشتکردن لەمافی ڕەوا و بێئەملاوئەولای نەتەوەکەیو، مێژوو لێی نابووری.

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ٢٥ ساڵەی شەهیدانی ڤییەن لە گۆڕستانی پێرلاشێز




لە گۆرستانی پێرلاشێزو لە سەر مەزاری شەهیدان دوکتور قاسملوو و عەبدوڵاقادریئازەر، یادو بیرەوەریی شەهیدانی ڤییەن بەرز ڕاگیراو لەگەڵ ئامانجی بەرزو پیرۆزیان پەیمانی وەفا نوێ کرایەوە.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەمە، ٢٢ ی پووشپەڕ بە بەشداریی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانو بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەریو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانو میوانانی ئێرانیو کوردستانی، بە بۆنەی یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، ڕێورەسمێکی تایبەت لە گۆڕستانی پێرلاشێز لە شاری پاریس بەڕێوە چوو.

سەرەتای ڕێورەسمەکە کاک مەولوود سوارە، ئەندامی ڕێبەریی حیزب و بەرپرسی کۆمیتەی یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدانی وییەن وێڕای بەخێرهێنانی میوانەکان و بەشدارانی ڕێورەسمەکە و سپاس کردن لە کۆمیتەکانی حیزب لە وڵاتەکانی سویس و فەرانسە و ئاڵمان و بێلژیک و بریتانیا کە هاوکاریی بەڕێوەچوونی مەراسمەکەیان کردوە ڕایگەیاند کە ئێستا لەلایەن کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب و کاک عومەر باڵەکی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب، چەپکەگوڵی ڕێز و وەفاداری لە سەر گۆڕی شەهیدان دادەنرێ.

بەدوای ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڕێگای ئازادیی کوردستان بەتایبەت شەهیدانی وییەن، بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەم بۆنەیەوە قسەی کرد. کاک خالید لە سەرەتای قسەکانیدا ئاماژەی بە نوێکردنەوەی پەیمان لەگەڵ شەهیدانی ڤییەنو درێژەپێدانی خەباتی نەتەوایەتی تا وەدیهاتنی ئامەنجەکانی شەهید دکتور قاسملوو کردو بە داخبوونی خۆی لەوە دەربڕی کە دوو ڕێوڕەسم لەلایەن دوو لایەنی دێموکراتەوە بۆ یەک قاسملوو بەڕێوە دەچێ.

بەڕێزیان لە درێژەی باسەکەیدا گوتی؛ باشترین سزا بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک بکەری ئەو جینایەتو تێرۆرە نەمانی ئەو نیزامەیە. بەڕێزیان باسی ئەزموونی ئێستاکەی عێراقو کێشەکانی نێوان کوردستانو بەغداو بە ئاکام گەیشتنی هەوڵەکانی کورد لە گەیشتن بە چارەسەرێکی دێموکراتیکو ئاشتیانە کردو گوتی کێشەی کورد لە ئێرانیش نابێ وەک هەڕەشە چاو لێ بکرێ، بەڵکوو وەکوو دەرفەت سەیربکرێو دەبێ هەموو هەوڵ بدەین مەسەلەی کورد لە ڕێگەی ئاشتیانەوە حەل بکرێ.

سکرتێری گشتی هەر لەم پێوەندییەدا هەڵسوکەوت و هەوڵەکانی دکتور قاسملووی بە شارستانیانە وەسف کردو لە درێژەدا ئاماژەی بە ڕۆڵی بەرچاوی شەهید قاسملوو لە بنیاتنانەوەی ئێراندا کردو گوتی هەر بۆیەش کەوتە بەر ڕقو کینی سەرانی کۆماری ئیسلامی.

لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکەدا دکتور سیروسی ئاموزگار، چالاکی سیاسیو ڕۆژنامەنووسی ئێرانی وێڕای ڕێزدانان بۆ دکتور قاسملوو ئاماژەی بە ڕۆڵی کورد لە ئێرانی پێشووو ئێستاکە کردو باوەڕمەندبوون بە پلوڕالیسمی سیاسی وەک لایەنێکی بەرچاوی کەسایەتی سیاسی دکتور قاسملوو پێناسەکرد. ناوبراو لە درێژەدا گوتی؛ دکتور قاسملوو کەسێک بوو لە خۆی گوزەرابوو و خۆی فیدا کردو تیشکی خستەسەر ئەوەی کە کوشتنی قاسملوو تەنیا نەهێشتنی جەستەی ئەو بوو ، چونکی لە ڕاستیدا نەمانی دکتور قاسملوو هەزاران قاسملووی بە دونیا هێنا و هەر ئەوانەشن کە فریای خەڵک دێن.

کاک عەزیزی مامڵێ، مافناس و چالاکی سیاسی یەکێکی دیکە لەو کەسایەتییانە بوو کە لەو ڕێوڕەسمەدا قسەی کردو گوتی دکتور قاسملوو وەدوای حەلی مەسەلەی کورد لە ئێران کەوتبوو. بەڕێزیان لە درێژەی باسەکەیدا گوتی وەزعیەتی ئێستاکەی عێراق بە گشتیو کوردستان بە تایبەتی هەڵدەگرێ، ئێرانییەکان بە ڕوانگەیەکی دیکەوە بڕواننە مەسەلەی کورد لە ئێران.

دواتر دکتور جمشید ئەسەدی، چالاکی سیاسی و مامۆستای زانکۆ لە پاریس وتارێکی پێشکەش کرد و وێڕای ڕێزدان بۆ دکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، ئاماژەی بەوە کرد، ڕاستە کەسانی وەک دکتور قاسملوو و دکتور بەختیار کوژران، بەڵام ئێستا پرسیار ئەوەیە لەمڕۆدا دەبێ چی بکەین؟ ئایا لێیان ببورین یان نا؟ ئایا دەتوانین بکوژەکان سزا بدەین یان بیان ببورین؟ ئایا مادام کە ناتوانین سزایان بدەین، لێبوردنی ئێمەش بێهوودە نیە؟ بەڕێزیان لە درێژەدا گوتی بە باوەڕی من بکوژەکان ئێستاش دەیانەوێ لە تێرۆ بەردەوام بن، بۆیە ناتوانین بیانبوورین و لە کۆتاییدا هیوای خواست ڕۆژێک بتوانین پێکەوە لە کوردستان ڕێز لە شەهیدانمان بگرین.

لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا دکتور حوسێن لاجەوەردی، سەرۆکی ئەنجوومەنی لێکۆڵەرانی ئێران وتاری پێشکەش کرد گوتی؛ دوو جاری دوکتور قاسملوو دیوەو لە دووهەمین جاردا بەوە گەیشتووە کە دکتور قاسملوو ڕێبەرێکە بۆ داهاتووی ئێران. ناوبراو لە درێژەدا ئاماژەی بەوە کرد کە ئازادی بە بێ بەرابەری پێک نایەو دەبێ لە پێشدا بەرابەر و لە مافدا یەکسان بین.

ناوبراو لە درێژەدا گوتی کۆماری ئیسلامی بەهەموو لقەکانییەوە وەک یەک دەچنو دەبێ تەکلیفی خۆمان لەگەڵ تەواوەتیی کۆماری ئیسلامی ڕوون بکەینەوەو لە هەموو زەرفیەتەکان بۆ دامەرزانی ئێرانێکی نوێ کەڵک وەرگرین.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا نوێنەرایەتی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان لە ئورووپا، ڕێکخراوی سکولار دێموکراتی ئێران و ئەنجومەنی دژی سەرکووتو ئەشکەنجە لە ئێران وێڕای بەشداری کردن لەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی خۆیان پێشکەش بە کومیتەی یادکردنەوەی ٢٥ ساڵەی شەهیدانی وییەن کرد.

لە بڕگەی کۆتایی ئەو ڕێوڕەسمەدا ئامادەبووان چوونە سەرگۆڕی شەهیدانی میکۆنوسو بە دانانی چەپکەگوڵی ڕێزو وەفاداری ڕێزیان لە یادی شەهید دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی گرت.

کاک عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە سەر مەزاری شەهیدانی مێکۆنووس ڕایگەیاند؛ لەگەڵ شەهیدانمان بەڵێن نوێ دەکەینەوە کە هەتا سەر وەفادار و ڕێبواری ڕێگایان بین.

# بەڕێوەچوونی سمینارێک بۆ باس لەسەر بنەماکانی خەباتی دوکتور قاسملوو



کۆمیسیۆنی فێرکردنو پەروەردەی حیزبی دێموکڕات سمینارێکی لە ژێرناوی» خوێندنەوەیەک بۆ بنەماکانی خەباتی دوکتور قاسملوو لە ڕوانگەی ئەمڕۆیی» بۆ ئارەش لوڕستانی، کادری ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات پێکهێنا.

لەو سمینارەدا کە ڕۆژی شەممە ٢٨ ی پووشپەڕ بەڕێوەچوو، کۆڕگێڕ بە ئاماژە بە ١٠ خاڵی بەرچاو لە شێوازی خەباتی دوکتور قاسملوو ئەو بابەتەی بەپێی مێتۆدی «شێوازناسیی سیاسی» هەڵسەنگاند.

شێلگیریو بەردەوامی لە خەباتی نەتەوەیی لە سەر بنەمای کوردتەوەری، تایبەتکردنەوەی چالاکیی سیاسی، جێگیرکردنی ئۆتوریتەی تایبەت، بەربڵاوکردنەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە هەموو ناوچەکانی کوردستان، پێناسەکردنو جێخستنی کلتووری سیاسی، پڕاگماتیزم بوونو ئاکامخوازی، بەشداریی ژن بە شێوەی بەردەوامو سیستماتیک لە خەبات، هێنانەبەرباسی سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک، دروستکردنی پێوەندیی بەربڵاو لەگەڵ حیزبە کوردستانیو ئێرانییەکان، بە ڕۆژەڤکردنی پرسی کورد لە ئاستە جیاوازەکانی جیهان ئەو کۆمەڵە فاکتۆڕو تایبەتمەندییانە بوون کە ئارەش لوڕستانی قسەی لەسەر کردن.

شایانی باسە لە دوایین بەشی ئەو سمینارەدا کۆمەڵێک پرسیارو سەرنج هاتنە بەرباس کە دواتر لەلایەن ئارەش لوڕستانییەوە وڵامی پرسیارەکان درانەوە.

## کۆیە:حیزبی دیموکراتی کوردستان لە یادی ٢٥ ساڵەی تیرۆری ویەن ڕێورەسمێکی پێک هێنا



حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ٢٥ ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و عەبدوڵلا قادریئازەر یادو بیرەوەریی شەهیدانی ڤییەنی بەرز ڕاگرتو پەیمانی بەڵێنو وەفای لەگەڵ ئامانجی شەهیدانو درێژەدان بەرێبازیانی نوێ کردەوە.

ئەو ڕێوڕەسمەڕۆژی ٢١ ی پووشپەڕ بەبەشداریی کۆمەڵێک میوان لەکەسایەتییەسیاسییەکانو نوێنەرانی حیزبەکوردستانییەکانی باشووری کوردستانو سەدان کەس لەکادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بەسروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیبو ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لەیادو بیرەوەریی شەهیدانی حیزبو گەل دەستی پێکرد.

لەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی ٢٥ ساڵەی ڕووداوی تێرۆری ڤییەن لەلایەن کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەوەپێشکێش کرا. دەقی پەیامی دەفتەری سیاسی بەم بۆنەیەوە لەم ژمارەیەی "کوردستان"دایە.

لەبڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی ئەو حیزبو لایەنانەخوێندرایەوەکەبۆ ئەو کۆڕیادەهاتبوونو لەدرێژەدا کۆرسی کۆڕی هونەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان سروودی " ناچی لەبیر"یان پێشکێش بەڕووحی دوکتور قاسملووی نەمر کرد.

لەدرێژەی ئەو ڕێورەسمەدا پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان لەلایەن حەلیمەڕەسووڵی خوێندرایەوەو شاعیری پێشمەرگە کاک ئەحمەد قادری شێعرێکی لەپەسنی دوکتور قاسملوودا خوێندەوە.

شایانی باسەکەڕێوڕەسمی ٢٥ ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و عەبدوڵلا قادریئازەر بەسروودی پڕ لەهەستو جۆشی " ڕێبەری من" لەلایەن کۆرسی گرووپی هونەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوەکۆتایی پێهات.

## کانادا_ وانکۆڤێر

لە ڕۆژاوای کانادا و لە ٢٥ ساڵەی تێرۆری ڤییەندا یادو بیروەریی شەهید دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بەرز ڕاگیرا.

ئەو ڕێوڕەسمە ڕۆژی شەممە، ٢١ی پووشپەر بە بەشداریی دەیان کەس لە چالاکانی سیاسیو ئەندامانی حیزب ی دێموکراتی کوردستان لە ڤانکۆڤێری کاناداو بە ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە شەهیدانی حیزبی دێموکڕاتو لە سەروو هەموویانەوە شەهید دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بەرێوەچوو.

لەو کۆڕیادەدا لەلایەن خەلیل ئەشکانی، بەرپرسی پێوەندییەکانی کۆمیتەی حیزب لە ڕۆژاوای کانادا باسێکی لەسەر کەسایەتیو ڕۆڵی شەهید دکتور قاسملوو لە سەر بزوتنەوەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد پێشکێش کرد.

لە برگەکانی دیکەی ئەو کۆڕیادەدا پەیامی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، پەیامی بزووتنەوەی گۆڕان ، پەیامی ماڵی کورد لە ڤانکۆڤێر خوێندرانەوە.

شایانی باسە لەو کۆڕیادەدا شاعیری خاون هەستی کورد نادر قازی، ناسراو بە خاڵە قازی چەند بەرهەمی شێعریی خۆی لە پەسنی دوکتور قاسملوودا خوێندەوەو کۆڕیادەکە بە نوێکردنەوەی پەیمانی وەفاو بەڵێن لە گەڵ دوکتور قاسملوو کۆتایی پێهات.

رۆژهەڵاتی کوردستان

## چالاکیی تەبلیغی بە بۆنەی ٢٥ ساڵەی تیرۆرکرانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی

سەرەڕای هەڕەشەو گوڕەشەو گوشار و ئەمنییەتی کردنی کەشوهەوای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕێبوارانو هۆگرانو چالاکانی نێوخۆی کوردستان بە بۆنەی ٢٥ ساڵەی تیرۆری مەزنەڕێبەری هاوچەرخی گەلی کوردو سکرتێری گشتی حیزبی دیمۆکرات دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو لە ٢٢ی پووشپەڕ ساڵی ١٣٦٨دا، لە شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە بەڕێوەبردنی تەبلیغات و بڵاوکردنەوەی تراکتو نووسینی دروشمی نەتەوەیی و حیزبی، لە شەقام و شوێنە گشتییەکان وێڕای نوێ کردنەوەی پەیمانی درێژەپێدانی ڕێگەی شەهیدان هەتا گەیشتن بە ئامانج، نفرەت و بێزاریی خۆیان لە کارە تیرۆریستییەکانی تیرۆریستپەروەرانی کۆماری ئیسلامی دەربڕی. ڕێبوارانی درێژەپێدەری ڕێگەی شەهیدانی ڤییەن، لە زۆربەری هەرە زۆری شارو ناوچەو گوندەکانی ڕۆژهەڵات لەم ساڵوەگەڕەشدا، بەبێ گوێدان بە تێچووی نا وتن بە دامودەزگا ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم نیشانیان قاسملوو بیرو هزرێکە لە ڕابردوو و ئێستاو داهاتووی گەلی کورددا وەک ئاوێنە دەدرەوشێتەوە، تیرۆژێکە ڕووناکی بە ڕێگەی ئازادی و گەیشتن بە ماف و ئاواتەکان نەتەوەی کورد دەبەخشێ. بەگوێرەی ئەم هەواڵانەی تا ئێستا لەم پێوەندییەدا بە ماڵپەڕی کوردستان و کورد گەیشتوون چالاکییەکان بەم جۆرە بوون:

**پیرانشار:**

گەڕەکەکانی: مزگەوتی زەرگەتەن، دەوروبەری قەبرستانی زەرگەتەن، کۆنەخانێ، شەقامی سەید برایم، شەقامی سەید قوتب، مەولەوی، زانکۆی پەیام نوورو شارەداری.

گوندەکانی: ترکەش، کەوپەڕ، گەپڵەسەن، لاوێن ، ڕکاوێ و کاسەکەران، دربکە، زەنگئاباد، شنۆزەنگو ئاوایی بەردقل

**بانە:**

گەڕەکەکانی: هەمزاوا، ساڵح ئاوا، شەقامی سەردەشت، دەبیرستان سەدووقی، گەڕەکی تەوحید، ئازادگان، مزگەوتی محەممەدی، مزگەوتی ئیسماعیلی، بڵواری مامۆستا هێمن، پاشاژی نوور، بەهەشتی بانە، گوڵستان، جادەی سەقزو کوی فەرهەنگیان، خوریاوا، عوسمانئاوا، پیرموراد، دوکانان، دەوروبەری ئەماکین، پادگان، کۆنەپردی بانە، مزگەوتی مەلاساڵەو جادەی ئەحمەداوا چالاکیی تەبلیغی کراوەو خەڵک بە ناردنی کورتە نامەی مۆبایلو گۆڕینەوەی پەیامی تایبەت یادو بیرەوەریی شەهید قاسملوویان بەرز ڕاگرتوە.

**مهاباد:**



گەڕەکەکانی: دەوروبەری مەیدانی حەیوانان، فەلەکەی شارەداری، فەلەکەی مەلاجامی، پشتەپ، بەری شیلانان، گەڕەکەکانی فەرهەنگیان، موکریان، شەهرەکی کارمەندان، زەمینەکانی شارەداری، ئەسحابەسپی، چوارڕێیانی ئازادی، مەیدانی ئاردی، گەڕەکی هەژار، باغی سمایلئاغاو باغی شایگان.

هەروەها لە دەوروبەری سەددی مەهاباد، لە ڕێگای مهاباد سەردەشت(بەری تاقەدار) و هەمیش لە ڕێگای مەهاباد بۆ پیرانشار، ئالای گەورەی کوردستان و پۆستێری گەورەی وێنەی ڕێبەری نەمر د.قاسملووە هەڵواسران.

گوندەکانی: داشخانە، کۆنەدێ، گردی یاقووب، قوڵقوڵە، قەرەقشڵاق، کۆسەکەرێزە.

هەروەها لە مەهاباد زۆر لە خەڵک ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ نەچوونە سەر کار و بازاڕ. ئینتێرنێت لە شەوی پێشترەوە هەڵبڕاو خەتەکانی موبایل تا چەندین سەعات کێشەیان هەبوو و ئانتێن دەبڕا. هەروەها خۆبواردنی خەڵک لە چوون بۆ نێو بازاڕ لە کاتێک دایە کە ئیدارەی بەرق هەڕەشەی لە دوکاندارەکان کردوە کە ئەگەر بەشداری مانگرتن بن، بەرقی دوکانەکانیان دەبڕن

**مەریوان**

شەوی ٢٢ی پووشپەڕ لە ئاوایی سەرهویە سەر بە ژاوەرۆی مەریوان ئالای کوردستان لە چە ند شوین هەڵکرا.

**سنە:**

هێندێ شوێنی وەکوو نێو بازاری قەدیمیی شار (گوزەر ) شەقامی شەشەمی بەهمەن، شاپور، فیردەوسی بە گشتی ڕێژەی سەدی ٣٠دوکانەکان داخران.

**کرماشان:**

هێندێ شوێن وەکوو تاریکە بازار، مەیدانی جەوانشێر، چوارڕای "اجاق" و لە شەقامی موسەددیق دوکانەکان تارادەیەک داخران.

**کامیاران:**

لە کامیاران زۆربەی دوکانەکان لە خیابانی تەروەرێز داخران. هەروەها لە شەقامی مەیدانی ئیمام شافعی، جادەی ئەڵک دوکانەکان داخران.

**نەغەدە:**

لە زۆربەی گەڕەکە کوردنشینەکانی ئەو شارە هێزێکی زۆری نیزامیان تێخزاوو دوکان و بازاڕەکانیش تارادەیەک داخران. هاتووچۆی نێوشارکەم بۆوەو گەرموگوڕی ڕۆژانی پێشتری نەما.

**سنە:**

لە نێو شاری سنە ژمارەی هێزە سەرکوتکەرەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیاد کرا. دوکان و بازار کەم بووو خەڵکی زۆر لە نێو شار ودوکان و بازاڕ نەدەبینرا.

**گەلیی قاسملوو، نزیک گوندی قاسملوو:**

هۆگرانی ڕێگا و ئامانجەکانی قاسملووی ڕێبەڕ لە نزیک زێدی ڕێبەرە شەهیدەکەیان لە گەلیی قاسملوو و لە نزیک گوندی قاسملوو، ئالایەکی گەورەی کوردستان و پوستێرێکی گەورەی د.قاسملووی شەهیدیان هەلاوەسی.

**شنۆ:**

سەرەرای ئەوەی رۆژێک پێشتر هێزێکی زۆری بەکرێگیراوانی ڕێژیم دەخزێنە نێو شاری شنۆ، دوکان و بازاڕ بە شیوەیەکی بەربڵاو داخران، بە جۆرێک کە تاق و لۆقە دوکان و بازاڕ هەبوون. هەروەها گاردی ویژەی المهدی(موتور سوار و پیادە) بۆ چاوترساندنی خەڵک هێنرابوونە شاری شنۆ.

**ورمێ:**

٢٢ی پووشپەڕ٢٤ کەس لە زیندانیانی سیاسیی زیندانی ورمێ بەشێوەی گشتی بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر لە یادی ٢٥ ساڵەی تێرۆری د.قاسملوودا مانیان لە خواردن گرت. ئەو مانگرتوانە، زیندانیی غەیری کورد و غەیری سیاسیشیان لەگەڵ نییە. مانگرتنەکە یەک ڕۆژەیە و ڕێک لەبەر تێرۆری د.قاسملوویە و ناشیانهەوێ بیشارنەوە و بەراشکاوی ئەو کاریان کردوە

**لە رۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا کوردکاناڵ و تیشک تیڤی پارازیتیان لە سەربوو:**

بە پێی ئەو هەواڵو پێوەندییانەی لە نیوخۆی رۆژهەلاتی کوردستانەوە وەردەگیرێن، لە شارەکانی کرماشان، پاوە و سنە کاناڵە کوردییەکان بە تایبەتی کوردکاناڵو تیشک تیڤی لە رۆژی ٢٠ پووشپەڕەوە پارازیتیان خرایە سەر. پازایت خستنە سەربەرنامەکانی کوردکاناڵ وتیشک تیڤی لە ساڵانی رابردووش لە بەرەبەری ٢٢ی پووشپەڕدا بۆ پێشگیری لە گەیشتنی بانگەوازی حیزبی دیموکرات بە کۆمەلانی خەڵکی کوردستان و جیبەجیبوونیان، بووە.

## کۆچی دوایی شێخە دێگەیی دۆستی بە نرخو لەمێژینەی حیزبی دیموکراتی کوردستان



کەسایەتیی نیشتمانپەروەرو ناوبەدەرەوەی دەڤەری پشدەر، شێخە دێگەیی، کۆچی دوایی کرد.

پاش چەند مانگ بەربەرەکانیو دەستوپەنجە نەرمکردن لە گەڵ نەخۆشیو ئازار، ڕۆژی دووشەممە ٢٣ی پووشپەڕی ١٣٩٣(١٤ی جولای ٢٠١٤) ، شێخە دێگەیی کە بۆ چارەسەری چووبووە ئێران، لە تاران ماڵاوایی یەکجاریی لە نەتەوەو نیشتمانو خۆشەویستانی کرد.

شێخە دێگەیی بە هۆی ڕابردووی بنەماڵەییو پێوەندیی لە کۆنەوەی بە خەڵکی ڕۆژهەڵات، هەروەها بە هۆی گەلدۆستی، نیشتمانپەروەریو کۆمەلایەتیبوونییەوە، لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا، دۆستو خەمخۆری تێکۆشەرانی ڕۆژهەلاتو بنەماڵەکانیان بوو. زیدەرۆییمان نەکردوە کە بڵێین ماڵی شێخە دێگەیی تەنانەت لەو سەردەمانە دا کە دۆستایەتیی شۆرشگێرانی ڕۆژهەلات، مەترسی و تێچووی بە دواوە بووە، هەر بنکەی ڕێبەرانو تێکۆشەرانی دیموکراتو پێشمەرگەی بریندارو کەمئەندام و خەڵکی ئاوارەو لێقەوماوی ڕۆژهەڵاتی بووە. دیارە شێخە دێگەییو بنەماڵەکەی بە هۆی نیشتمانپەروەریو گەلدۆستبوونیانەوە، بۆ ڕێکخراوە خەباتکارەکانی باشوورو شۆڕشگێرانی ئەم بەشەی کوردستانیش، هەر بەم جۆرە پەناو پشتیوانو دڵسۆز بوون. هەر ئەمەش وایکردبوو،ناوبانگی چاکە و جوامێریی کاکەشێخو ڕێزو خۆشەویستیی ئەو کەسایەتییە، هەردوو بەشی کوردستان بگرێتەوەو شێخە دێگەیی لای هەموو سەرکردەکانی کورد، جێگای متمانەو ڕێزی تایبەت بێت.

تەرمی شێخە دێگەیی بە هاوڕێیەتیی ژمارەیەکی زۆر لە خزمانو دۆستانو ناسیاوانی لە هەر دوو بەشی کوردستان، پێشنیوەڕۆی سێشەممە،٢٤ی پووشپەڕ لە سنووری حاجی عومەرانەوە گەیشتەوە شاری هەولێر. دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژ تەرمی خاڵەشێخ بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییەکانی هەولیرو دەڤەری پشدەرو بیتوێنو، چینو توێژی جۆراوجۆری خەڵک، لە گۆڕستانی قەلادزەییەکان لە هەولێر بە خاک سپێردرا. هەیئەتێک پێکهاتوو لە ئەندامانی ڕێبەری و تێکۆشەرە دێرینەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە ڕێورەسمی بەخاکسپاردنو دواترلە پرسەی نەمر شێخە دێگەییدا بەشدار بوون و لە نزیکەوە هاوخەمی و هاودەردیی خۆیان بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەو دۆستە بە نرخ و لە مێژینەیەی حیزبی دیموکرات، بە بنەماڵەکەیان ڕاگەیاند.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆچی دوایی دۆست و یاوەری دێرین، شێخە دێگەیی خۆشەویست بە خەسارێک بۆ خۆی دەزانێ و بە پێزانین و ئەمەگناسییەوە یادی خزمەتە بێدریغ و بێچاوەڕوانییەکانی خاڵە شێخ و بنەماڵەکەی بەم حیزبە و تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەلات، دەکاتەوە. بە ناوی سەرجەم تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەر ئاستێک و لە هەر شوێنێک هەن،سەرەخۆشی لە بنەمالەی شێخە دێگەیی، لە خەڵکی هەولێر و پشدەر و قەلادزێ دەکەین.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**ناوەندی ڕاگەیاندن**
**٢٤ی پووشپەڕی ١٣٩٣**
**١٥ی جولای ٢٠١٤**

## مەرگی پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکڕات بە ڕووداوێکی نەخوازراو

پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕووداوێکی نەخوازراوو دڵتەزێن گیانی لە دەست دا.

جەعفەر دادوەر، پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەهۆی ڕووداوێکی نەخوازراو، گیانی لە دەست دا.

جەعفەر دادوەر ساڵی ١٣٤٢ لە گوندی قزڵقۆپی لە ناوچەی مەهاباد لەدایک بووە، ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی بۆتە پێشمەرگەو دوای سێ ساڵ پێشمەرگایەتی چۆتەوە نێو شارو وەک ئەندامی تەشکیلاتی نهێنی درێژەی بە تێکۆشانی داوەو ساڵی ٦٥ لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتەوە گیراوەو بۆ ماوەی ساڵێک زیندانی کراوە.

جەعفەر دادوەر پاش ئازادبوون لە زیندان دەستی بەکاری تەشکیلاتی کردۆتەوەو ساڵی ١٣٩٠ دوای ئاشکرابوونەوەی هاتۆتەوە ڕیزی ئاشکرای حیزبی دێموکڕاتو درێژەی بە ژیانی پێشمەرگایەتیی داوە.

شایانی باسە تەرمی جەعفەر



دادوەر دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٢٥ی پووشپەڕ لە نێو ماتەمینیی هاوسەنگەرانیدا بە خاک سپێردراو ڕێوڕەسمی پرسەو سەرەخۆشییەکەی بە بەشداریی سەدان کەس لە تێکۆشەرانی حیزب بەڕێوە چوو.

لەو ڕێورەسمەدا برایم چووکەڵی، ئەندامی ڕێبەریی حیزب لە سەر ژیانو خەباتی جەعفەر دادوەر دواو هاوخەمیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی بە بنەماڵەو کەسوکاری ڕاگەیاند.

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# لە ڕێوڕەسمی ٢٥ساڵەی شەهیدبوونی د.قاسملوودا

**هاونیشتمانانی بەڕێز!**
**خەڵکی خەباتگێڕو خۆڕاگری کوردستان!**
**هۆگرانی ڕێگاو ئامانجو خزمەتەکانی قاسملووی نەمر!**

لە مێژووی پڕکارەساتی نەتەوەکەماندا٢٢ی پووشپەڕ وەبیرهێنەرەوەی یەکێک لە تاڵترین ڕووداوەکان و بەژانترین زامەکانی سەر جەستەو ڕۆحی گەلی کوردی مافخوراو و بێبەشە.

٢٥ساڵ لەمەوبەر لەم رۆژەدا، دڵی پڕلەئومێدی ڕێبەری بەتوانای بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، د.عەبدولڕەحمان قاسملووو هاوڕێ عەبدوڵلا قادری ئازەر، درایە بەر گوللەی چەکی قین لەدڵانی کۆماری ئیسلامیو بەو جۆرە زامێکی قووڵی دیکە کەوتە جەستەی کوردو بۆ جارێکی دیکە بە شەهیدکردنی ڕێبەرێکی کورد کە بۆ ئاشتیو ئازادی خەباتی دەکرد، پەیامی شەڕو ئینکارکردنی مافی نەتەوەی کورد بە گوێی جیهاندا درایەوە.

٢٥ساڵ لەمەوبەرو لە رۆژی١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩دا، کاتێک د.قاسملوو بەمەبەستی وتووێژ بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕی ماڵوێرانکەری ڕێژیمی ئێران لە دژی خەڵکی کوردستانو بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە ئێراندا، چووبووە ڤییەنی پێتەختی ئوتریش، لە سەر مێزی بەناو وتووێژ لەگەڵ هاوڕێیانی کاک عەبدوڵلا قادری ئازەرو د.فازل ڕەسووڵ لە لایەن تیرۆریستە بە ڕواڵەت دیپلۆماتەکانی کۆماری ئیسلامی درانە بەرگولله و شەهید کران. بەم جۆرە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بۆ جارێکی دیکەش نییەتی دوژمنانەی خۆیان بەرامبەر بە مەسەلەی کورد ئاشکرا کردو جیەانیان لەم نیازەی خۆیان گەیاند کە ئەوان ئاشتییان ناوێ و ئامادە نین لە گەڵ کورد ڕێک کەون.

ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی کە بۆخۆیان داڕێژەری سەرەکیی ئەم پیلانە جینایەتکارانەیە بوون، باش ئاگاداری تواناییەکانو ڕۆڵو دەوری قاسملوو لە کاری سیاسیو دیپلۆماسیدا بوون و دەیانزانی شارەزایی و بەتایبەت نفووزی قاسملوو لە کۆڕو کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکاندا چەکێکی گرینگە بۆ ناساندنی نێوەرۆکی دژەمرۆیانەی ڕێژیمەکەی ئەوان و لەقاودانی هەرچی زیاتری تاوانو پیلانەکانیان. ئەوان دەیانزانی قاسملوو تەنیا فەرماندەری هەزاران پێشمەرگەی خۆبەختکەر نیە کە لە سەرانسەری رۆژهەڵاتی کوردستان لە سەنگەری بەرگری لە کەرامەتی ئینسانیی نەتەوەکەیان دانو ساڵانێکە بوون بە لەمپەرێک لە بەرامبەر سیاسەتی قەڵاچۆکردنو کپکردنی دەنگی خەڵکی کوردستاندا، بەڵکوو ڕێبەرێکی سیاسیی بەتواناشە کە لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستانیش گوێ بۆ وتەکانی ڕادەگیرێو سەرنجو تێبینییەکانی سەبارەت بە مەسەلەی کوردو سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی، لێ وەردەگیرێ. هەوڵدانی ئەوان بۆ شەهیدکردنی قاسملوو هەم بەنیازی بێبەشکردنی کورد بوو لە چنینەوەی بەرهەمی ئەو هەموو تێکۆشانەی د.قاسملوو لە لایەکو لە لایەکی دیکەش بە خەیاڵی بەچۆکداهێنانی هێزی پێشمەرگەو لەو ڕێگەوە بەچۆکداهێنانی خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر بیری کۆنەپەرستانەو داگیرکەرانەی خۆیاندابوو.

ئەگەر ئاورێک لە ڕابردووی تێکۆشانی د. قاسملوو بدهینەوە دەبینین کە لە لەگەڵ ئەوەی لەتەمەنی کاری سیاسیی خۆیدا هەموو هەوڵی خۆی داوە بۆ دیتنەوەی ڕێگەچارەی گەیشتنی گەلەکەی بە مافەکانی، بەڵام قەت خۆی لە چوارچێوەی بیری تەسکی سیاسیو حیزبیدا، زیندانی نەکرد. ئەو کاتێک بەتەواوی قەناعەتەوەو بەباوەڕهێنان بەوەی کە مەسەلەی کورد بە ڕێبەریی حیزبێکی بەهێزی کوردی بە ئامانج دەگا، ڕووی کردهوه حیزبیدیموکراتی کوردستان، هەموو هەوڵی خۆی بۆ زیندووکردنەوە و بەهێزکردنی حیزبی دیموکرات دا. د.قاسملوو لە هەلومەرجێکدابڕیاری دا کە بگەڕێتەوەو ڕێبەریی حیزب بکا کە دەیزانی بارودۆخی سیاسیی وڵات بەرەو گۆڕان دەڕواو کورد دەبێ بۆ دەرخستنی پێگەی ڕاستەقینەی خۆی دەوری کاریگەری لەو ئاڵوگۆڕانەدا هەبێ. لە کۆنفرانسی٣و کۆنگرەی٣دا حیزبی دیموکراتی کوردستانی لەباری سیاسی، فیکریو بەرنامەییەوە بەجۆرێک ڕێکخستەوە کە سالانی دواتر، توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاڵوگۆڕە گەورانەی هەبێ کە لە ئێرانو کوردستان دا روو دەدەن. کاتێک چەند ساڵ دواتر لە ئێران شۆڕشکراو ڕێژیمی پاشایەتی ڕووخا،دەرکەوت کە هەوڵەکانی ساڵانی پێشووی قاسملوو چەندە گرنگو بایەخدار بوون .

د. قاسملوو لەگەڵ ئەوهشدا کە زۆرگرنگیی بە کاری ڕێکخراوەییو فیکری دەدا، وەک سیاسەتمەدارێک هەرگیز خۆی بە ڕابردووەوە نەبەستەوە. ئەو بەمانای ڕاستەقینەی وشە، سیاسەتمەدارێکی پراگماتیک بوو. سیاسەتی بۆ بەدەستەێنانی دەسکەوتو سەرکەوتن دەکرد، بۆیە لەهەر فورسەتێک کە هاتبایە پێش کەلکی وەردەگرت. خەڵکی کوردستان باش لەبیریانە کە لە قۆناغی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧دا، ئەو ڕێکخراوانەی لە تێکۆشان و سیاسەتدا تازەکار بوون،ئەو بوێرییانەی قاسملوویان بەسازشکاری و فورسەت تەلەبیو موزاکرەجوویی ناودەبرد. ئەو دەم د.قاسملوو دەیگوت ئەگەر تەنانەت یەک رۆژ درەنگتر شەڕ دەستپێبکا، بە قازانجی کوردە،بەڵام زۆر کەس بە داخەوە لەم رستە پڕمانایە تێنەدەگەیشتن.

هەر ئەو سەردەم کاتێک هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە هەموو بەرەکانی شەڕدا سەرکەوتووانە پێشی بە پەلاماری لەشکری ڕێژیمی تازە گرتبوو، شەڕی ماڵوێرانکەری ئێران و ئێراقیش دەستی پێکرد. د.قاسملوو لە یەکەم پەیامیدا وەک نەیزەکێک دڕێ بە بیری تاریکی کۆنەپەرستان دا کە بەردەوام هەوڵیان دەدا ئەوو حیزبەکەیو خەڵکی کوردستان وەک دوژمنێکی سوێندخواردووی خەڵکی ئێران نیشان بدەن. ئەو،ڕایگەیاند ئەگەر کۆماری ئیسلامی مافەکانی خەڵکی کوردستان بەڕەسمی بناسێ، بە هەموو تواناوە لە بەرامبەر دەستدرێژیی عێراق بۆ سەر خاکی ئێران ڕادەوەستین.

د.قاسملوو نەک لە خەیاڵدا بەڵکوو لە سەر ئەرزی واقیع سیاسەتی دەکرد، بۆیە هەر کات پێویست با قسەی خۆیدەکردو پەیامی خەڵکی کوردستانی بە هەموو لایەک ڕادەگەیاند، بەبێ ئەوەیترسی لە تانەو ڕەخنەی کەس هەبێ. کاتێکیش پێشبینیی ئەوەی کرد کە شەڕی ئێران و عێراق پاش٨ ساڵ بەردەوامی، بەرەو کۆتاییدەڕواو دەیزانی کە هەردوو وڵات زۆرلاواز بوون، دیسان ئەو هەلەی قۆستەوەو جارێکی دیکەش ڕێگەی ئاشتیی خستە بەردەم کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی. د.قاسملوو، هەوڵیدەدا حیزبی دیموکراتو بزووتنەوەی کوردستان لەگەڵ هەلومەرجێکی نوێدا خۆبگونجێنێنو بەو پێوانە سیاسەت بکەن ئەگەر کرا فورسەتەکان بقۆزنەوە. د.قاسملوو بەحەق باوەڕی بەوەهەبوو کە لە ئێران کێشەی کورد بەشەڕ چارەسەر ناکرێ، بۆیە هەموو ڕێگەیەکی دەگرتەبەر بۆ ئەوەی شەڕ لە میللەتەکەمان لەرۆژهەڵات دوور بخاتەوەو تا ئەو جێگەیەی لە تواناداهەیە، هەلی نوێ بۆ چارەسەری پرسی کورد، بخولقێنێ. بەڵام بەداخەوە ڕێبەرانی شەڕخوازو دژەکوردی کۆماری ئیسلامی، نیازپاکیی قاسملوویان بۆ نیازێکی شووم، بۆ لەداوخستنی ئەو ڕێبەرە کوردە قۆستەوەو شەهیدیان کرد.

د.قاسملوو لە هەموو ژیانی سیاسیی خۆیدا هەوڵی دەدا هاوڕێیانیو نەسلەکانی داهاتوو فێربکا کە بە شێلگیریو بەردەوامی بەدوای ئامانجەکانیاندا بڕۆن، لە سیاسەتکردندا ئازابن، توانای ئەوەیان هەبێ لەگەڵ هەلومەرجە سیاسییە نوێیەکاندا خۆبگونجێنن. ئەو فێری کردین لەگەڵ پێداگری لەسەر پرەنسیپەکان تووشی چەقبەستوویی فیکری نەبینو وابکەین بۆ کەلکوەرگرتن لە هەر فورسەتێکو لەهەر قۆناغێکی تایبەت لەخەباتدا، هەمیشە دەستمان ئاواڵەبێ. بێگومان قاسملوو بۆ خەبات سیمبولێک و بۆ سیاسەت مامۆستایەکە کە نەتەنیا حیزبی دیموکرات بەڵکوو هەموو خەڵکی کورد بەتایبەت لە رۆژهەلاتی کوردستان جێی خۆیەتی شانازیی پێوەبکەنو وانەکانی لە بیرنەکەن.

بەم جۆرە قاسملوو شوێندانەرترین ڕێبەری سیاسی بووە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی خەڵکی رۆژهەاتی کوردستاندا و هەتا ئێستاش پێگەی فیکریو سیاسیی ئەو لە پەرەئەستاندندایە. ئێستاش٢٥ساڵ دوای شەهید کرانی د.قاسملوو، بە ڕوونی دەردەکەوێت کە پەیامەکەی لەجێی خۆیدایەو بیری ئینکارکردنو پەنابردن بۆ شەڕو سەرکوتو توندوتیژی نەیتوانیوە و ناتوانێ ئیرادەی نەتەوەیەک لە نێو ببا.

**خەڵکی خۆڕاگری کوردستان!**

لەو٢٥ساڵەداکە ڕێبەری شەهید د.قاسملوو لەنێوماندا نەماوە گەلێک گۆڕان، جیهانو بەتایبەت ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گرتوەتەوە. تێکچوونی دنیای دوو جەمسەری، ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ دەربڕینی ئازادانەی بیرو خواستی نەتەوەییو سەربەخۆبوون لە زۆر لەو ناوچانەدا کە نەتەوەکان بەزۆرەملیو بەدوور لە ئیرادەی خۆیان لە ژێردەسەڵاتی ڕێژیمە توتالیتێرەکاندا ڕاگیرابوون. ئەوکاتو لەئاکامی ئەو گۆڕانانەدا زۆر لەو نەتەوانە، بڕیاری یەکلاکەرەوەیان لەسەر چارەنووسی خۆیان داو چەندین وڵاتو دەوڵەت، سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند.

لەعێراق ڕاپەڕینی خەڵک لە دژی ڕێژیمی بەعسو بەتایبەت راپەڕینە مەزنەکەی٥ی مارسی١٩٩١ی کوردستان، ئەو ناوچەیەی بەرەو گۆڕانێکی گەورە پاڵ پێوەناو بووە هۆی ئەوە خەڵکی باشووری کوردستان لە بەشێکی گەورەی نیشتمانەکەیاندا دەسەلاتی خۆیان بگرنە دەست. ئەمەش بوو بەسەرەتایەک بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دیموکراتیی خۆجێیی و پێکهێنانی پارلمانو حکوومەتی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا.

لە باکووری کوردستان، سەرەڕای ئینکاری دەیان ساڵەی بوونی کورد لە تورکیە، بەدوای بەدەسهەلات گەیشتنی پارتی دادو گەشەپێدان و لەژێر کاریگەریی خەباتی بێوچانی تێکۆشەرانی کورد لەو وڵاتە، دۆزی کورد ڕێگەی بەرەو مەسیری چارەسەری ئاشتیانە گرتوەتەبەر. لەگەڵ ئەوهی شەڕ بۆ لە نێوبردنی کورد دەیان ساڵ درێژەی هەبوو، لەولاشەوە خۆڕاگری و بەربەرەکانی بۆ مان و پاراستنی هوویەتی کوردی بەردەوام بوو، زۆر زووتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا زمانی ئاشتی جێگەی شەر و هەڕەشەی گرتەوە و هەرچەند هەتا ئێستاش چەکەکان بە تەواوی وەلانەنراون بەڵام ئومێدی زۆر هەیە کە قۆناغی کۆتاییهێنان بە شەڕو چەسپاندنی ئاشتی لە پێناوی دابینکردنی مافەنەتەوایەتیەکانی کورددا بگاتە ئەنجام، کە بێگومان دەتوانێ زۆرترین کاریگەریی لەسەر گۆڕانەکانی داهاتوو لە ناوچەکەدا هەبێ.

لە سووریەش بەدوای پەرەگرتنی شۆڕشی گەلانی عەرەب لە وڵاتە عەرەبییەکانداو پەلهاویشتنی ئاگری ئەو شۆرشە بۆ ئەو وڵاتە، دانیشتوانی ناوچەکوردییەکان لەباکووری سووریا، هەلێکی لەباریان بۆ رەخساو هەوڵیاندا ناوچەکانی خۆیان بپارێزنو دەسەڵاتی خۆجێیی کوردی لەو ناوچانەدا دروست بکەن. ئێستا لە بەشێکی ئەو ناوچە کوردییانەدا لە ڕێگەی دروستکردنی کانتۆنی جیاجیاوە، خۆبەڕێوەبەرییەکی کاتی دامەزراوە کە جێگەی خۆشحاڵیەو هیوادارین بەوردبینیی زیاترەوە ڕێبەری بکرێو هاوتەریب لەگەڵ ئامانجە گشتییەکانی نەتەوەی کورد بەرەوپێشبڕواتو لە داهاتوودا ببێتە مەکۆیەک بۆ هەموو رزگاریخوازانی کورد لەم ناوچەیەدا.

بەهام لە ئێرانی ژێر دهسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، ڕێبەرانی ڕێژیم هەتا ئێستاش لەسەر نەبوونی کێشەیەک بە ناوی مەسەلەی کورد لە ئێراندا پێداگری دەکەن. کۆماری ئیسلامی لە٣٥ساڵ تەمەنی خۆیدا لە هەموو ڕێگەیەک و بە هەموو توانایەکەوە هەوڵی سەرکوتکردن و کپکردنی دەنگی خەڵکی کوردستانیداوە. لە هێرشی بەربڵاوی نیزامییەوە کە دەیان هەزار شەهیدی لێکهوتەوە، هەتا پڕکردنی زیندانەکان لە ئازادیخوازانی کورد و ئێعدامی تاک تاکو بە کۆمەڵی رۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە و راوەدوونانی تێکۆشەرانیکورد خۆی نەپاراستوە.

ڕێبەرانی ڕێژیمی ئێران کە تەنیا بیریان لە سەرکوتی کورد و ئیرادەی مافخوازانەی ئەو نەتەوەیە دەکردەوە تەنانەت پەنایان بردە بەر تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دیمۆکرات و پێیان وابوو لە ڕێگەی ئەو زەبرە گەورەوە دەتوانن بە ئاواتەکانیان بگەن. ئێستا دوای٣٥ساڵ لە تەمەنی کۆماری ئیسلامی و دوای تێپەڕبوونی٢٥ ساڵ بە سەر شەهید بوونی د.قاسملوودا دەردەکەوێ کە هیچ یەک لەو ڕێگایانە نەیتوانیوە نیازە شوومەکانی ئەوان وەدی بێنێ. ئاشکرایە ئیرادەی نەتەوەیەک بۆ دهستەبەرکردنی مافەکانی بە هیچ شتێک لەبن نایەو نەتەنیا شەڕو سەرکوت بەڵکوو تیرۆری ڕێبەرەکانیش ناتوانێ ئەوجۆرەی داگیرکەران دەیانەوێ، چارەسەری کێشەکان بکا.

**هاونیشتمانانی بەڕێزا!**

لەماوەی یەک ساڵی رابوردووداو بەتایبەت لەدوای دەرچوونی بەیاننامەی ئاغای روحانی لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری لە ئێراندا بە ئیشارەو لە توێی هێندێک ئاماژەی ناڕوون، ڕووانینێکی تا ڕادەیەک نوێ سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوەکان لە ئێراندا- دیارە لە ژێر ناوی» اقوام ومذاهب«ی ئێرانیدا- هاتوەتە گۆڕێ.

هەرچەند حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە پشتبەستن بە وانەو ئەزموونەکانی ڕێبەرانی شەهیدی، بەردەوام ڕایگەیاندوە کە مەسەلەی کورد لە ئێراندا پرسێکی تایبەتەو دەبێ کێشەکان وەک خۆیان ببینرێنو ڕێگەچارەی ئەم مەسەلەیەش، ڕێگەخۆشکردن بۆ پێکەوە ژیانێکی ئاشتیانە لە ئێرانداو دابینکردنی مافی نەتەوەیییە کە ئەمەش تهنیا بە وتووێژو لیکتێگەیشتن وەدی دێت، بەڵام بەداخەوە سەرانی کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستاش بە ڕوانینێکی ئەمنییەتییەوە سەیری مەسەلەی کوردستان دەکەن. سەرەڕای ئەو لێدوانە پچڕپچڕانە لەسەر مەسەلەی ئازادیی ئەقوامو مەزاهێب، هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتی لە سیاسەتی ڕێژیمدا سەبارەت بە کوردستان و هەوڵدان بۆ دیتنەوەی ڕێگە چارەی ئوسوولی، بەدی ناکرێ.

ل ٧



کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسی لە کاتی پێشکەشکردنی پەیامی دەفتەری سیاسیدا



# خالید عەزیزی: بە قازانجی بیرو ئەندیشەکانی دوکتور قاسملوو بوو کە ئێمە بەسەر یەکەوە بووین و بە یەکەوە یادی دوکتور قاسملوومان بکردایەتەوە

**لە ٢٥ ساڵەی تیرۆری دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو سیاسەتمەداری ناوداری کوردو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتدا، کوردکاناڵ وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێک هێناوە کە لێرەدا دەقی پیادەکراوی ئەم وتووێژە دەخەینە بەر دیدی خوێنەرانی رۆژنامەی کوردستان:**

**کوردکاناڵ: کاک خالیدی بەڕێز زۆر بەخێر بێی سپاس کە داوای ئێمەت لە کوردکاناڵ قەبووڵ کرد.**

زۆر سپاس بۆ ئێوەش هەروەها بۆ سەرجەم بینەرانی کوردکاناڵو تێکڕای کۆمەڵانی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها جێی خۆیەتی کە لەو رۆژەدا سڵاوو ڕێزو ئیحتراموو پێزانینی خۆمان بۆ روحی پاکی دوکتور قاسملوو بنێرینو جێگەی خۆشیەتی کە ئەوش دووپات بکەمەوە ٢٥ساڵ دوای دوکتور قاسملوو ئێمەی تێکۆشەرانی دێموکرات، خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سابیتمان کرد کە هەرچەند دوکتور قاسملوو لەنێوماندا نیە، بەڵام خەباتو تێکۆشانی حیزبی دێموکرات بە تایبەتی بۆ جێبەجێ کردنی بیرو ئەندیشەکانی دوکتور قاسملوو، هەرچەند هەورازو نشێوی هەبووە، بەڵام بەردەوام چۆتە پێشێ، ئەوەش بە هیمەتو تواناییو ڕێزو حورمەتی خەڵکی نێوخۆی وڵاتو حیزبی دێموکراتو حیزبەکەی دوکتور قاسملوو بووە.

**کوردکاناڵ: کاک خالید! کە باس لە مێژووی چەند دەیەی ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێتو لەو نێوەدا بە تایبەتی باس لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکرێت، زۆر نێوی دوکتور قاسملوو دیارە، زۆرجار باس لە دەورو ڕۆڵو نەقشی دوکتور قاسملوو کراوە پێم خۆشە لە زمان جەنابتەوە ببیسم، ڕۆڵ، نەقشودەورو هەروەها ئەوجیاوازیانەی کە دوکتور قاسملووی لە ڕێبەرانی دیکە دەکردەوە چین؟**

زۆر تەبیعیە مادام تۆ ئاوڕ لە مێژووی سیاسی ئێران بە تایبەت لە ٣٥ساڵی ڕابردو بدەیەوە، بە مێژووی جووڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە زۆر شت لە پێوەندی لەگاڵ قەزیەی کورد بە گشتی ئاور بدەیەوە، ناکرێ بە جۆرێک ئاماژە بە دوکتور قاسملوو نەکەی. دەورو کاریگەری دوکتور قاسملوو، بیرو هۆشو ئەندیشەی دوکتور قاسملوو و شۆێنەواری دوکتور قاسملوو دوای نەمانی خۆشی لە جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو گۆڕەپانی سیاسی ئێران بە جۆرێک هەر دیارە، ئەوە دەردەخات کە دوکتور قاسملوو لە هەمانکاتدا کە ڕێبەری حیزبی دێموکرات بوو و کەسێکی بە توانا بوو لە حیزبی دێموکراتدا، بەڵام لە دەرەوەی حیزبی دێموکرات بە هۆی بیر کردنەوەو شێوەی سیاسەت کردنیو خوێندنەوەی لە سیاستو دروست کردنی مەیدان بۆ حیزبی دێموکراتو هەروەها و جووڵانەوەی کورد، دوکتور قاسملوو لەوێڕا گەورەیەکەی پتریش دیارە. تەبیعیە بۆئێمە وەک ئەندامانی حیزبێک کە دوکتور قاسملوو ڕێبەرمان بووە، ڕێبەری خۆمان خۆش دەوێ، هەمیشە پێمان خۆشە بە چاوی ڕێزو ئیحتراموو گەورەیی چاوی لێبکەین، بەڵام هونەری دوکتور قاسملوو ئەوە بوو لە دەرەوەی حیزبایەتیدا لە شێوە فکر کردنەوەی خۆی خەڵکێکی زۆری لە چوارچیوە سیاسەتەکانی خۆیی بەشدار دەکرد. بە باوەری من بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر ئەوانە. جیاواز لەو لایەنە حیزبییەی، ئەگەر ئێران وڵاتێکی دێموکراتیک بوایە، لە ئینتخاباتێکی ئازادو دێموکراتیکدا توانیبات ڕێبەرانی ئیدارەی ئێران هەڵبژێریو ڕێبەرانی ئیدارەی کوردستان هەڵبژێری دڵنیام دوکتور قاسملوو یەکێک لە دوو یا سێ کەسی یەکەم دەبوو کە دەیتوانی وەک دەوڵەتمەردێکی بە توانا هەم لە کوردستانی ئێران هەم لە ئێران دەورێکی باش بگێڕێ. ئەو هەڵسەنگاندنو ئاوڕدانەوانە لە ڕاستیدا بە حەق، حەقی خۆیەتیو ڕەنگە لەوە زیاتریش هەڵبگرێ.

**کوردکاناڵ: لە سیاسەتدا، لە دەرەوەی حیزبدا، تەنانەت ئەوەیکە شارەزای کەسایەتی سیاسی دوکتور قاسملوو بووە دەزانێ کە کەسایەتێکی دووگم نەبووە، لە یەک خانەدا لە سیاسەت نەماوەتەوە، ڕۆژێک باس لە هەڵبژاردن دەکات تەنانەت بۆخۆشی بەشداری دەکات وەک نوێنەری مجلیسی خبرەگان لە ئێران هەڵدەبژێردرێ، ڕۆژێک ئینتخابات تەحریم دەکا، ڕۆژێک دەچێتە فڵانە بەرەوە، ڕۆژێک دێتە دەرەوە بە هەر حاڵ زۆر دەگوترێ ئینعەتافی هەبووە، لە سیاسەتدا ئەمە یانی چی؟**

لە حیزبێکی سیاسیدا نەفەری یەکەم و ڕەییس جمهور یان سەرۆک وزیری وڵاتێک کاتێک دەچێتە نێو تەعامول لەگەڵ ڕووداوەکانو لە سیاسەتدا خۆی بەرامبەر بەو میللەتە یا ئەو حیزبە یا ئەو ئەرکەی پێی ئەسپاردراوە خۆی مەسئوول دەبینیو هەموو هەوڵوتێکۆشانی ئەوەیە کە چۆن بەستەری موناسب بۆ جێبەجێ کردنی سیاسەتەکانی خۆیی درووست بکا. مادام ئاوا چاو لە سیاسەت بکەیی بە مانای ئەوەیە کە سیاسەت وەک مەزهەب چاو لێناکەی، سیاسەت دەخەیە ناو بازنەیەکی گەورەی ئیحتمالاتو فورسەتو گونجانو نە گونجان. لێرەدا با من هێندێک برۆمەوە دواتر، ساڵی ١٩٧٩ی .ز. لە ئێران ئینقلابێک دەکرێ زیاتر لە ٣٥ساڵ پێش ئێستا هەر لەو وەختەدا دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکرات هەموو هەوڵیان ئەوە بوو کە دوای ئینقلاب کێشەی کورد بە موزاکرە چارەسەر بکرێ و لەو پێوەندیەدا چوونە نێو گەمەیەک یا بازیەک کە قەواعیدی بازی خۆی هەبوو. بۆ؟ بەو دەلیلە لە ئێران تازە ئینقلاب کراوە لە دەرەوەی کوردستان ئایەتوڵڵا خومەینیو ڕێبەرانی ئینقلاب ئێستا ماهیەتیان نازانرێ و لە ئێراندا لە تەنیشت ئەوە جەوێکی ئینقلابی لە گۆڕێدا هەیە، لە جەوی ئینقلابیدا عادەتەن ئیحساساتو عاتفەو توندوتیژیو شۆعار زۆرە، تۆ لە کوردستان مەوزوعێکت هەیە، مەوزوعی کوردستانو مافە نەتەوایەتییەکانی خۆمان، لە لایەک خەڵک موسەلەح بووە خارج لە ئیرادەی تۆ کە لە حاڵەتی موسەلەح بووندا تەبیعەتەن جۆرێک روخساری ئینقلابیو شۆڕشگێرانەی دەبێ، لە لایەک چاو لێدەکەی دوڵەتی ئێرانیش، دەوڵەتێکی ئینقلابییەو تازە هاتۆتە سەرکارو هێزو توانایەکی زۆری هەیە، چی دەگەڵ دەکەی، چۆنی دەبێ تەعامول دەگەڵ بکەیی؟

بە باوەڕی من دوکتور قاسملوو جوان تەشخیسیدا کە تەعاموول و موعامەلە بە لەحازی نیزامیو شەڕ لەگەڵ حکومەتێکی تازە ئینقلابی ئاسان نیە، بۆیە زۆری ئیهتمام دا بە موزاکرە، هەوڵیدا بە شێوازی جۆراوجۆر کۆماری ئیسلامی بێنێتە سەر ئەو قەناعەتە و لە نێو خەڵکیشدا ئەو قەناعەتە دروست بکا دەبێ ئەو کێشەیە لە ڕێگای گفتوگۆوە چارەسەر بکرێ و لەو مەیدانەدا تەبیعەتەن زۆر قەزاوەتی لەسەر کراوە، قەزاوەتی عادڵانەی لەسەر کراوەو توندڕەوەکانی ئەو وەخت کە واقەعییاتیان دەرک نەدەکرد.

**کوردکاناڵ: کاک خالید لە نەتیجەی ئەم هەڵوێستە جۆراوجۆرانە لە تێکۆشانی سیاسی دوکتور قاسملوو و هەروەها حیزبی دێموکراتدا زۆرجار ئەم تاکتیک گۆڕینانە ئەم هەڵوێستە جیاوازانە لەوانەیە کێشەی بۆ دوکتور قاسملوو دروست کردبێ کە دەڵێم کێشە لەوانەیە لە نێو خودی حیزبی دێموکراتیشدا موخالفینی خۆی هەبووبێ لە بەرامبەر ئەو سیاسەتە یان نەخێر لە دەرەوەی حیزبی دێموکراتدا زۆر جار لە باسی موزاکرەدا دوکتور قاسملوویان بە سازشکار ناو بردوە، ئەوانە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

بۆ کەسێک کە بیهەوێ گفتمان دروست بکا، بۆ ڕێبەرێکی سیاسی بەتایبەت کەسێکی وەک دوکتور قاسملوو لەو هەلومەرجەی ئەوکاتی ئێران، لەو جەوەی ئینقلابییەدا تەبیعەتەن گفتمان دروست کردن کارێکی ئاسان نیەو تۆ دەبێ ئەو ڕیسکانە بکەیو تەحەمولی ئەو بەرخووردە جۆراوجۆرانە بکەی. ئەگەر من بڕێک بگەڕێمەوە دواتر ئاماژە بە هێندێک شتە تایبەتییەکانی دوکتور قاسملوو بکەم ئەو کات کە موزاکرات دەکرا هەوڵی دەدا بە شێوازی جۆراوجۆر، نەهێڵێ موزاکرە بە شکست بگات. ئەوە هونەر بوو، جمهوری ئیسلامی ئیستراتژیکەکەی ئەوە بوو موزاکردە بە شکست بگا، ئیستراتژی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کە بە شکست نەگا بۆ؟ بۆ ئەوەی کە خەڵکێکی زۆرتر لە ئێران لە قەزیەی کورد تێ بگەن و بە ئیعتباری وان فشار بۆ کۆماری ئیسلامی بێ، دوایە دەبینین کە جەوی ئێران جەوێکی زۆر ڕادیکاڵو ئینقلابیو چەپو ئەوانە بوو و حیزبی دێموکراتیش باوەری بە سوسیالیزم بوو ئەوکاتی، وا چاوەڕوان دەکرا کە حیزبی دێموکرات ئەگەر بەرەیەکی دروست بکا دەبێ دەگەڵ حیزبە چەپو رادیکاڵەکان بەرەیەک دروست بکا، بەڵام دەبینین کاتێک هێرش دەکرێتە سەر موجاهیدینو هەروەها بەنی سەدر لە دەسەڵات دەکەوێ، حیزبی دێموکرات هەڵدەبژێرێ کە دەگەڵ بەنی سەدرو موجاهیدین بەرەیەک دروست بکا و لە نێو خودی حیزبیشدا هەر وەکی تۆ ئاماژەت پێدا ڕەخنەی لەسەر بوو، خۆشبینیو گەشبینی لە سیاسەتدا حەقی ئینسانێکە کە ستاسەتمەدار دەبێ خۆشبینو گەشبین بێ، بەڵام لە سیاسەتدا واقعبینی لە خۆشبینیو گەشبینی گەورەترە، بە باوەری من دوکتور قاسملوو ئەوەی زۆر تێدا بەرجستە بوو، چووە نێو «شورای میللی مقاومت» چون موجاهیدین مەترەح بوون، هێزیان هەبوو، ئاڵترناتیڤ بوونو دوای ئەوە بەنیسەدر بە شێوەیەکی قانوونی لە ئێران هەڵبژێردرا بوو، رەئیس جمهورێکی ئیعتراف پێکراو بوو، بە باوەری من ئەوە یەکێک لە واقعبینیەکانی دوکتور قاسملوو بوو. دوایە شەڕی ئێرانو عێراق دەست پێ دەکا، ئەو لە کۆمەڵگای ئێران هەر بێ تەفاوەت نەبوو، کۆماری ئیسلامی هەوڵی دەدا لە دەرەوەی کوردستان خەڵک لە دژی کوردستان هان بدا، بە زیدی ئینقلابو لایەنگری ئیمپریالیزمو سەر بە ئەمریکاو ئیسراییلمان بناسێنێ، بەڵام دوکتور قاسملوو گوتی ئەگەر کۆماری ئیسلامی مافەکانی ئێمە لەبەر چاو بگرێ، مافەکانی خۆمان بداتێ ئێمە ئامادەیین لە بەرەکانی شەڕ دژی حکوومەتی عێراق شەڕ بکەیین، ئەوانە زیرەکیو هونەری تایبەتی سیاسەت کردنی دوکتور قاسملوو بوو و لە هەمووی ئەوانە کە دێینەوە سەر موزاکرەش کە کاتی خۆی موزاکرە کرا و لەو موزاکرەدا کە لە ڤییەن بوو بە داخەوە دوکتور قاسملووی تێیدا تیرۆر کرا، جاری واهەیە دیسان لەسەر ئەو موزاکرەش قەزاوەتی جۆراوجۆر دەکرێ کە لەوێدا لە قەزاوەت کردنەکە بەوجۆرەی کە دوکتور قاسملوو دەبێ حەقی خۆیی پێ بدرێ غەدری لێ دەکرێ.

**کوردکاناڵ: هەر ئەم باسی موزاکرە لە ڤییەن کە ئاکامەکەی تیرۆری دوکتور قاسملووی لێ کەوتەوە ئێستاشی لەگەڵبێ ڕێبەران چ ڕێبەرانی پێشوو و ئێستای حیزبی دێموکرات ڕەنگە جوابێکیان بۆ ئەوە نەبێ کە بۆچی دوکتور قاسملوو تیرۆر کرا، باسی واقعبینیت کرد بە پێی چ واقعبینییەک دوکتور قاسملوو چووە سەر میزی موزاکرە یان لە ڕاستیدا هەڵەی کار لە کوێدا بوو کە دوکتور قاسملوو تێدا چوو؟**

یەکەم تۆ کاتێک باسی موزاکرە دەکەی یەک سێناریو دابنێی لەو سێناریویەدا دوو لای موزاکرە دەمێکە دەگەڵ یەک لە کێشەدان، لە رەقابەتدان هیچ لا نەیتوانیوە هیچ لا لە مەیدانەکە دەر بکا، ئەوە یەک. حالەتێک ئەوەیە لایەک تەشخیس دەدا لە مەوقەعییەتێک دایە و موقەعیەتەکەی لە دەوروبەر باش نیە، لە فورسەتێک دەگەرێ جەوی خەباتەکەو تێکۆشانەکە بگوازێتەوە بۆ ئاستێکی دیکە. ئەو موزاکراتەی کاتی خۆیی دوکتور قاسملوو دەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەستی پێکردو لە ڤییەنا تیرۆریان کرد تۆ دەبێ لە بازنەیەکدا، لە مەوقەعیەتیدا کە ئەو کاتی ئێران، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شەڕی ئێرانو عێراق و قەزیەی کورد بە گشتی تێیدا بوو. لەو سەردەمەدا شەڕی ئێرانو عێراق ڕادەوەستێ، حیزبی دێموکرات حیزبێک بووە کە هەمیشە لە ئیلاقاتی خۆی دەگەڵ دەوروو بەر سەربەخۆیی خۆیی پاراستبوو، لەوە نیگەران بوو کە ئەو شەڕە ڕابوستێو فشارێکی لە لایەن حکوومەتی عێراقیشەوە بێتە سەری لە لایەن حکوومەتی ئێرانیشوە لە فشار دابێ و لە هەمان کاتیشدا لەو سەردەمدا هەڵەبجەو ئەنفالو ئەوشتانە کرابوو، لە سووریە کورد نەیدەتوانی بڵێ هاووڵاتیشم، لە تورکیە زۆر بە توندی ئینکاری کورد دەکرا، بۆیە ئەگەر ئێمە بە ئینسافەوە بگەڕێینەوە ٢٥ساڵ پێش ئێستا کە کەشو هەوای کوردستان جەوێکی نائۆمێد کونەنندەی تێدا بوو. دوکتور قاسملوو بۆخۆی پێشوو لە کوردستانی عێراق بووە لە ساڵەکانی ٥٨میلادی بەوڵاوە هاتۆتەوەو دوایە چۆتەوە دەرێو دوایە دیسان هاتۆتەوەو حیزبی دێموکراتی دروست کردۆتەوە، زۆر نیگەرانی وەی بووە جارێکی دیکە حیزبی دێموکرات ژیانی سیاسیەکەی بکەوێتەوە تەبعید، زۆر نیگەرانی وەی بووە کە حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵقەندرێو لە باشووری کوردستان نیشتەجێ بێتەوە، کە بە داخەوە وای لێهات. بۆ ئەوەی کە ئەو پێشبینیانەی کە هەیبوو ئەوانە نەیێنە دی و حیزبی دێموکرات تووشی ژیانێکی تاراوگە نەبێت. ڕاستیەکەی هەوڵیدا لەو فەزایەی کە ڕەفسەنجانی هێنایە گۆڕێ کەڵکی لێ وەربگرێ، هەوڵ دەدا موزاکرە بێنێتە پێشێ، ئەگەر وایە بە تەشخیس لەو کەشو هەوایە و بە تەشخیس لەوەیکە شەڕی نیزامی ئێمە، خەباتی پێشمەرگانەی ئێمە سەرەڕای موقەدەس بوونی خۆی، باوەری قووڵی دوکتور قاسملوو بەو خەباتە نەیدەتوانی ئەو وەختی کۆماری ئیسلامی بڕووخێنێ، بۆ ئەوەی کە زەرەرو زیان کەمتر بێتەوە لە بەرەکانی شەڕو بە نیسبەت داهاتووو حیزبی دێموکرات هەوڵ دەدا بۆ موزاکرە.

**کوردکاناڵ: بەڵام نەتیجەی موزاکرەکە کاک خالید ڕێک بە پێچەوانەیە**

جەوهەری ئیدەی موزاکرە دەگەڵ کۆماری ئیسلامی کە دوکتور قاسملوو هێناویەتە گۆڕێو ڕێبەرایەتی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتیش تەئیدیان کردووە کامیلەن درووست بووەو لە جێگای خۆیی دابووە، نەفسی رووداوەکە کە دوکتور قاسملوو تیرۆر دەکرێ نابێ ئیدەی موزاکرەو گفتوگۆو دیالۆگ دەگەڵ کۆماری ئیسلامی، لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی، هەرکەسێک بێ لە نێو ئێمەدا لەبەیین بچێ کە وایە قسە لە موزاکرە کردنەکە نیە کە شتێکی خراب نەبووە و شتێکی باشیش بووە بەڵام لەسەر دەرئەنجامی موزاکرەکە، ئەگەر موزاکرەکە دوکتور قاسملوویی تێدا تیرۆر نەکرابایەو هیچ نەتیجەشی نەبووایە بە باوەری من تاریخ ئاوای دەنووسی کە دوکتور قاسملوو هەوڵی داوە بۆ چارەسەری کێشەی کوردو مەوزوعەکانی خۆی هێنا گۆڕێو کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو لە ئێران ئاگادار بن، بەڵام کۆماری ئیسلامی ئەوەی قەبووڵ نەکرد بەڵام لەبەر ئەوەیکە لەو موزاکرەیەدا نەفەری یەکی حیزبی دێموکرات بە داخەوە تیرۆر دەکرێ، هەمووی قەزاوەتەکانو ئیحساسو عاتیفەی ئێمە کەوتە نێو ئەو بازنەیە. ئشکالی موزاکرە لە جەوهەری موزاکرەکەو ئیدەی موزاکرەکەدا نەبوو، لەوە دابوو بە لەحازی ئەمنییەتی ئیقداماتی دروستو پێویستو مکانیزمی موناسب ڕەچاو نەگیرابوو بۆوەی کە ئەو نیەتانەی کۆماری ئیسلامی کە لە پشتی ئەو موزاکرەیە هەیبوو ئەو نیەتانە هەروا بە ئاسانی جێبەجێ نەبن ئیشکالەکە لەوێ بوو.

**کوردکاناڵ: کاک خالید زۆر جار باس لەوە دەکرێ کە کۆماری ئیسلامی بە تیرۆری دوکتور**



**لە سیاسەتدا سیاسەتمەدار دەبێ خۆشبینو گەشبین بێ، بەڵام لە سیاسەتدا واقعبینی لە خۆشبینیو گەشبینی گەورەترە،**

**قاسملوو لە سیاسەتی لە پراوێز خستن و هەروەها کپ کردنی دەنگی بزوتنەوەی ڕۆژهەڵاتدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا نەزەری جەنابت چیە؟**

ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ ڕابردوو پێش تیرۆری کردنی دوکتور قاسملووش ڕێبەرانی کورد تەنانەت لە سەردەمی حکوومەتی پەهلەویشدا تیرۆر کراون‌و لە سێدارە دراون، ئەوە دەرکەوت کە ئەوە هەڵەیە یا ئەو ئیقدامە بێ مەسئوولانەی کە دەوڵەتە مەرکەزییەکان بە تایبەت کۆماری ئیسلامی بوویەتی لە بەین بردنی ڕێبەرانی ئێمە تەنیا نەتیجەکەی دەبێتە ئەوە کە ئەو کەسایەتییە لە ئێمە بستێنێ. ڕاستە لە دەست دانی دوکتور قاسملوو بۆ حیزبی دێموکرات خەسارەتێکی گەورە بوو، دوکتور قاسملوو پاشخانێکی دەوڵەمەندی لە سیاسەت‌و لە دیپلۆماسی‌و لە حیزبایەتی‌و لە ئێران ناسی‌و لە دنیا ناسی‌دا هەبوو، ئەگەر ئەو توانایيە لەسەر یەک وەک گەنجینەیەک مەجالێکی زۆرتریشی بوایە لە ڕێبەری حیزبی دێموکرات دەیتوانی دەورێکی زۆرتریشی هەبێ بۆ حیزبی دێموکرات. جووڵانەوەی کورد نە تەنیا سەرکوت نەکراوە، بە باوەری من تیرۆر کردنی دوکتور قاسملوو لە نێو کۆمەڵانی خەڵک بێزاری‌و تووڕەییەکی زۆر بە قووەتی بە دژی کۆماری ئیسلامی دروست کرد و لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا تەعەهوداتو ئیلزاماتی دروست کرد، تەعەهوداتو ئیلزامات بەو مانایە حیزبێک ڕێبەرەکەی ئامادەیە لە پێناو مافی میلەتەکەی‌دا گیانی خۆی دابنێ، دەی باشە ئەندامانی خوارەوەی ئەو حیزبە رووحی فیداکارییان تێدا بە قووەت‌تر دەبێ و بەقووەت بوونی رووحی فیدا کاری‌و تێکۆشان لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات ڕەنگی داوە، لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خەڵکێکی زۆر هاتە نێو ئەوە، مادام کۆماری ئیسلامی ڕێبەرانمان لەسەر میزی موزاکرە تیرۆر دەکا ، ئێمە دەبێ خەباتو تێکۆشانی خۆمان بە قووەت‌تر بکەین لە دژی ئەو ڕێژیمە، ئەگەر سەردەمی تیرۆری دوکتور قاسملوو خەباتی کوردایەتی‌و نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شعووری سیاسی لەو پارچەیە بڵێین لە خوارەوەتر بوو یا مەنتەقیەکی مەحدودی داگرتبۆوە، هەر ئەو بێزاری‌و ڕقو کینەیە لە کۆماری ئیسلامی و مودیرییەت کردنی ئەو ڕقو بێزاریە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە تایبەت لەو دواییانەدا بوو بە هۆی ئەوە کە ئەو خەباتو تێکۆشانە زۆربەی زۆری ئوستانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرێتەوە.

تیرۆر کردنی دوکتور قاسملوو لە ئاستی نێو دەوڵەتیش‌دا بێزاری لە کۆماری ئیسلامی‌و ئەوەیکە ئەو حکومەتە ئاوا تەعامول دەگەڵ ڕێبەرێک دەکا، نیشان دا. لە هەمان کاتیشدا پێم خۆشە ئەوەش بڵێین زۆر جار ئێرانییەکان کە باسی ڕابردووی ئێران‌و مێژووی دروست بوونی ئێران دەکەن چ بە کۆماری ئیسلامی‌و چ بە ئەوانی پێشوو باس لە تەمەدونی ئێرانی دەکەن. جارێکی من هەر لەو پێوەندیەدا لە شۆنێک دانیشتبووم کابرایەکی ئێرانیشی لێ بوو دوو–سێ‌دانە کەسایەتی دەرەوەشی لێ بوون، وا تەسەور بکەم لە ئاڵمانیا بوو، چەند ساڵ پێش ئێستا بوو ئەو کابرایە زۆری باسی تەمەدونی ئێرانی کرد بەراستی بۆخۆم بە فکرم دانەدەهات، بەڵام ئەو کابرا ئاڵمانییە قسەیەکی زۆر جوانی کرد، گوتی تەمەدون ئەوەیە کەسێکی وەک دوکتور قاسملوو کە بۆ چارەسەری کێشەیەکی سیاسی دێ، ئاڵای سپی دێنێ بە موزاکرە تیرۆری بکەن؟ ئەو کابرایە بە تەواوی بێدەنگ بوو. جا جێگای خۆیەتی بڵێم ئەو پێ هەڵا گوتنە بە تەمەدونی ئێرانی کە ڕەنگە شتی باشی تێدا بووبێ، بەڵام ئەو جۆرە کردەوانەی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت تیرۆر کردنی دوکتور قاسملوو بەو شێوەیە زۆری زەرەر بە غرووری ئێرانی‌و بە تەمەدونی ئێرانی گەیاند. زۆرێک لە سیاسەتمەدارانی ئێرانی غەیرە کوردیش کە لە دەرەوە قسە دەکەن بە موناسبەت ئاوڕ دەدەنەوەو تەعریف لە خۆیان‌و ئێرانی دەکەن زۆرجار ئەوەیان پێ دەڵێنەوە، ئەوەیە نیشانەی تەمەدونەکەتان کە ڕێبەرێکی وەک دوکتور قاسملووتان لە کاتی موزاکرە کردن‌دا تیرۆر کرد؟! بە باوەری من هەمووی ئەوانە بوونەوە بە وزەو توانای عەکس‌ولعەمەلێکی بەقووەت لە پێناو ئەندیشەو بیرو هۆشی دوکتور قاسملوو لە دژی کۆماری ئیسلامی.

**کوردکاناڵ: کاک خالید بەر لەوەی کە بچین باسی ٢٥ساڵ لە نەمانی دوکتور قاسملوو بکەین کە باسی تیرۆری دەکەین لایەنە ئەمنیەتییەکە جەنابت باست کرد زۆر زوو یەعنی تەقریبەن کەمتر لە دوو ساڵ پاش ئەوە ئێمە دیسانەکە مەجموعەیەک لە ڕێبەرانمان و بەتایبەتی سکرتێری ئەو کات دوکتور سەعیدیشمان لە دەستدا باشە بۆ ئەوە نابێ کە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات خۆیان نەقد بکەن؟**

ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات نە تەنیا دەبێ خۆیان نەقد بکەن بەڵکو بە شێوەیەکی ئاسیب‌شناسی، مەسئوولانە، خۆماڵی، کوردانە، دێموکراتانە، ١٠یان ساڵ لە ڕابردووی خۆمان لە خزمەت بەهێزکردنی حیزبی دێموکراتیش‌دا نەقد بکەین.

ئێمە حیزبێکین نیزیک بە ٧٠ساڵ خەباتو تێکۆشانمان کردووە، لەو نیزیک بە ٧٠ساڵە، غەیری سەردەمی کۆمار دوای ئینقلابی ئێران دوو- سێ ساڵ مەجالی ئەوەمان هەبوو لەناو کۆمەڵانی خەڵک دابین، بەڵام بەشی زۆری ژیانی سیاسی ئێمە لە تەبعید دابووە، ئەوەی کە دوکتور قاسملوو لێی نیگەران بوو بۆیە چوو بۆ موزاکرە. ئێستا نیزیک بە ٣٠ساڵە لە هەرێمی کوردستان ماوینەتەوە و لەو دەورانەدا ئەگەر بڵێم لە ٥٠ساڵی ئەخیردا کێشەی نێوخۆیی، تەحەموول نەکردنی یەکتر لە حیزبی دێموکراتدا کۆمەڵێک لەت بوون و ئینشعاباتی لە بەدووا دا بووە ئەگەر لەمن بپرسی هەم ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەم هاوڕێیانی پێشوو جێی خۆیەتی پێکەوە دانیشین لە بەردەم ئاڵای کوردستان و عەکسی ڕێبەرانی شەهید کە هێمای ئێمەن بڵێین، ئێمە لە کوێوە بۆ کوێ، ئەگەر ئەو نەقدە لە خۆمان بکەیین سادقانەو بە شێوەیەکی ڕێکوپێک، بە ئیحساسی مەسئولیەتەوە ئاوڕ لە ڕابردووی خۆمان بدەینەوە و بەرچاوەڕوونی بدەین بە داهاتوو و بڵێین حیزبەکەی قاسملوو گەورە دەکەینەوە، دەتوانێ ئەو نەقدە شتی باشی لێ‌بکەوێتەوە. دووهەم؛ بە نیسبەت ئەوەیکە ئێمە دواتر لە میکونوس دوکتور سەعیدمان لە دەستدا، دیسان هەر ئەوە دەڵێمەوە، کارەکەی دوکتور سادقی شەرەفکەندی بۆ ئەوەی کە لە میکونوس بچێ دەگەڵ ئێرانییەکان گفتوگۆ و موزاکرە بکا بۆ ئەوەی کە بەرەیەک دروست بکا ئەویش نەک هیچ ئیشکالی تێدا نەبوو، لە جێگای خۆی‌دا بووە. کاری ئێمە ئەوەیە ئێستاش هەر ئەوە دەکەیین خۆ ناتوانین لە ژوورێکی بەستەدا دانیشین، دەبێ بگەڕێین پچینە کۆڕو کۆبونەو سێمینارو موزاکرات‌و دانشتن‌و هەمووی ئەوانە. بەڵام دیسان لەوێ ئیقداماتی ئەمنییەتی خراپ نیە، ڕەخنەم لە ئیقداماتی ئەمنییەتی ئەو کارە هەیە کە لە ڕێستورانی میکونوس گیرابوو، نەک لە نەفسی کارەکەی دوکتور سادقی شەرەفکەندی، ئەوە نەقسێکە لە ئێمەی دێموکراتەکان‌و ڕێبەرانی دێموکرات بوومانە کە ئیدەی باشمان بۆ دێتە گۆرێ وەک بازی سیاسی بەڵام کە دەچینە نێو جێ‌بەجێ کردنی ئیشکالمان هەیە لە مەسەلەی ئەمنییەتی خۆمان‌دا.

**کوردکاناڵ: کاک خالید بە نەقدی دێموکرات مەجالی پرسیارێکی دیکەت کردوەوە بۆ من پاش ٢٥ساڵ چۆن لە دێموکراتو دێموکراتەکان دەڕووانی؟**

پاش ٢٥ساڵ پێم خۆشە لە ڕۆژی یاد کردنەوەی شەهید دوکتور قاسملوودا ئاماژە بە یەک-دوو شت بکەم لە پێوەندی لەگەڵ دێموکراتو دێموکراتەکان‌دا، پێش هەموو شتێکی وا خۆش بوو یا وا باش‌بوو، وا بە قازانجی بیرو ئەندیشەکانی دوکتور قاسملوو بوو کە ئێمە بەسەر یەکەوە بووایین و بە یەکەوە توانیبامان ئەو ئاڵو گۆڕە لە ئەقلیەتی واحید دا دروست بکەین کە بەشێکی دەیان ساڵ پێش ئەوڕۆ دوکتور قاسملوو لە گفتومانی سیاسی‌دا دروستی کردوە. ئێمە بە یەکەوە ئیدامەمان دابا و بەو ئەقلیەتە حیزبی دێموکراتمان لە نێو خۆی وڵات، لە نێو کۆمەڵانی خەڵک بەرجەستە کردباوە، دووهەم؛ لەوە بەداخم کە حیزبەکەی دوکتور قاسملوو بە هەر دەلیلێک بێ ٧ساڵ پێش ئەوڕۆ لەت بوو ئێستا دوو دێموکراتمان هەیە هەردووک لامان ئیحترامان بۆ دوکتور قاسملوو،

هەموو شەهیدەکان‌و ڕابردوو، بیرو ئەندیشەی دوکتور قاسملووش هەیە، بەڵام جێگەی داخە کە لەو ٧ساڵەی ئەخیر دا بە ڕێگا حەلێک نەگەیشتووین کە ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین. ئەوەندەی پێوەندی بە ئێمەوە بێ لە ڕاستی‌دا هەوڵمان داوە کە بە موزاکرەو گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوومان ئەو کیشەیە چارەسەر بکەین و لە تەواوی ئەو چەند ساڵەی ئەخیردا کە ئێمە گفتوگۆو موزاکرەمان هەبوو هەوڵمان داوە بە موناسبەتی جۆراوجۆر هاوکاری لەگەڵ یەک بکەین، بە موناسبەتی ڕۆژی شەهیدان، ڕۆژی دوکتور قاسملوو، ڕۆژەکانی دیکە کە لەو شتانەڕا دەست پێ بکەین کە وردە وردە دێموکراتەکان لێک نیزیک بنەوە، بەڵام ئەوان ئەوەیان بە تەواوی بەستۆە و ئیستعدادی هیچ جورە هەماهەنگی‌و هاوکاریەکیان نەبووە. ئێمە گەڵاڵەیەکمان هێنا ئەوانیش گەڵاڵەیەکی ١٨ساڵ لەوەپێش هێناویانە، تا ئێستاش ئێمە داوامان لێ کردوون ئامادە نەبوون لەسەر ئەو گەڵاڵانە قسان بکەین، تا ئەو جێیەی پێوەندی بەو گەڵاڵەوە هەیە، گەڵاڵەی ئێمە بەرهەمی ڕێگا چارەی ئێمە بۆ چارەسەری کێشەی دێموکراتەکانە، ئێ وانیش هی ئەوانە، ئەو دوو گەڵاڵەیە دەکرێ قسەی لەسەر بکەین، تەعدیل‌و تەئمیمی تێدا پێک بێنین، هەردووک لامان بۆ یەکتر لە پێناو دێموکراتێکی یەکگرتوو تەنازول بکەین. لەو پێوەندیەدا ئەوەی لە ڕوانگەی منەوە گرینگە بۆ چارەسەری کێشەی دێموکراتەکان، بە کورتە ئاوڕدانەوەیەک ئەوەیە کە کەرامەت‌و شەخسییەت‌و ئیحترامی ئینسانەکان، نەشکێندرێن، ئەمنییەتی سیاسی، حقوقی ئینسانی لە حیزبێکی واحید دا بۆ من لە هەموو شتێک گەورەترە، زۆرجار گوتومە ئینسانییەت لە حیزبایەتی گەورەترە. ئەگەر حیزبایەتی ئینسانییەتی ئینسانەکانی خراپ کرد، فێری تۆڵە کردنەوەو ئینتقامجویی‌و یەکتر وەلانان‌و دەستەبەندی‌و باندبازی لە نێو حیزبێک کرد کە ئەو ڕێبەرانەی لەدەست داوە و دەیهەوێ لە داهاتوودا ئیدارەی وڵات بکا ئەو حیزبایەتیە خراپە، من دڵنیام نە پێشەواو نە دوکتور قاسملوو نە دوکتور شەرەفکەندی کاتێک شەهید بوون لەسەر ئەو شتانە شەهید نە بوون، پێشەوا لەسەر دیفاع لە کۆماری کوردستان، دوکتور قاسملوو لەسەر چارەسەری کێشەی کورد لەگەڵ تاران، دوکتور شەرەفکەندی لەسەر دیتنەوەی ڕێگا چارەیەک بۆ بەهێز کردنی بەرەیەک لە ئێران‌دا، کە وایە ئەو شتانە زۆر چووکەن کە ئێمە لەسەری لەت بووین و ئێستا تەوافوقیان لەسەر ناکەین. لە کۆتایی‌دا پێم‌خۆشە یەک شت بڵێم ئەویش ئەوەیە، ئێمە لەو کێشانەدا کە هەمان بووە تا ئێستا یەک شت بکەین، کەسایەتی دوکتور قاسملوو، کەسایەتی سیاسی دوکتور قاسملوو هەمیشە خارج لەو کێشانە ڕابگرین و بە نێوی دوکتور قاسملوو لەسەر تەعریف‌و تەمجید لە دوکتور قاسملوو موزاییدەی سیاسی نەکەین. خەڵکی وا هەیە تەعریف لە دوکتور قاسملوو دەکا کە بە حەق هەڵ دەگرێ بەڵام بۆ ئەوەی نیە کە جێگای خۆیی بداتێ بۆ ئەوەیە کە ڕەهبەرانی دیکە نەقد بکاو بیان کوتێ، ئێ‌وا هەیە دەڵێ کاتێک دوکتور قاسملوو شەهید بوو حیزبی دێموکرات وەک هەتیوی لێ‌هات، بێ سەرپەرەست بوو و ئەوەیکە دێموکراتەکان

ئاوان دەلیلی ئەوەیە کە دوکتور قاسملوو نەماوە. ئێ‌وا هەیە کە نەقدی دوکتور قاسملوو دەکا دەیهەوێ لایەک لە دێموکرات نەقد بکاو ئەزیەتی بکاو شتی ڕابردوو شتی ئاوا بێنێتەوە. بە باوەری من ئێمە دوکتور قاسملوو وەک موزاییدەی سیاسی لە دژی یەک ئیستفادەی لێ نەکەین، بەڵکوو لە فکرو ئەندیشەکەی دوکتور قاسملوو ئیستفادە بکەین لە دژی کۆماری ئیسلامی. وەک چێهرەیەکی سیاسی لە ڕیزی هەموو ڕێبەرانی سیاسی کورد بۆ خۆمان ئیحترامی بۆ دانێین. میللەتێک چێهرەکانی خۆیی بشکێنێ بە مردوو بە زیندۆوە، کەسایەتییە سیاسییەکانی خۆی بشکێنێ، ئەو میللەتە فێری ئەوە دەبێ کە خۆیی بشکێنێ، ئیحترام بۆ خۆی دانەنێ، بە داخەوە لە لەت بوونی دێموکراتەکاندا بە تایبەتی لە دوو- سێ ساڵی ئەول‌دا ئەو دیاردە دزێوە هەبوو، ئێستا بە خۆشییەوە ئەوە نەماوە، هیوادارم ئێمە لە ٢٥ساڵەی یادی دوکتور قاسملوو جارێکی دیکە شانس بدەینەوە بەو موزاکرات‌و دانیشتنانە. ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا ئامادەین بۆ ئەوەی کە حیزبی دێموکراتێکی یەکگرتوو بتوانێ ئیدارەو ڕەهبەری جووڵانەوەی کورد بکا، لە هەمووی ئەو ئیحتمالات‌و سیناریو نادیارو ناڕوونانەی کە لە داهاتوودا دێنەپێش، ڕێگاکەی ئەوەیە کە ئێمەی دێموکراتەکان کێشەی خۆمان چارەسەر بکەین. بە باوەری من، ئاواش فکری لێ‌بکەیینەوە تۆ سبەینێ لەسەر مەوزوعێک هەزار کەس بە موناسبەتی دوکتور قاسملوو خڕ بکەیەوە یا یەک میلیون کەس، ئەگەر کێشەی دێموکراتەکان نەکەوێتە ئاقارێکی مەعقوول و جێ‌بەجێ نەبێ ئەو دوو بەرەکیەو یەکتر بوغزاندنانە پچێتەوە نێو کۆمەڵگای کوردستانی ئێران، کەسایەتی دوکتور قاسملوو چوکە دەکاتەوە، بۆ؟ هەماهەنگی‌و وەحدەت نابێ، ئێنرژییەکە کەڵکی لێ وەرناگیرێ. بە خۆشییەوە پێم خۆشە ئەوە بڵێم لەو دواییانەدا ئەندامانی دێموکرات لە نێو خۆیی وڵات هەر دووک بەشی بە شێوەی مەعقوڵانە مەسئوولانە تەعاموول دەکەن ڕەوابیتان دەگەڵ یەک خۆشە هەر ئەوەشیان لێ چاوەڕوان دەکرێ و ئەوان ئەو کێشانەی کە لێرە لە نێو ئێمەدا هەیە نەیگوێزنەوە نێو خۆیان، تێ‌بکۆشن لە نێو خۆیی وڵات کە ئێمە هەمیشە ئەهەمییەتمان بۆ داناوە عەقلیەتی وەحدەت‌و یەک ڕیزی بە قووەت بکەن و فشار بێنن بۆ هەردووک لا.

**کوردکاناڵ: کاک خالید! سەرەڕای چەندین مانگ لەو گەڵاڵە کە گوزەراوە، تەوافوقاتتان بە ئەنجام نەگەیوە، ئەمە پرسیاری خەڵکیشە، دەڵێن کە ئێوە تەنانەت ناتوانن لە پێرلاشێز لەسەر گۆڕی دوکتور قاسملوو دێموکراتەکان پێکەوە کۆ بنەوە، چی دەڵێی جوابی ئەو خەڵکە چی ئەدەیەوە وەک لایەنێکی قەزیەکە؟**

ئەمن روو بە خەڵکی نێوخۆی وڵات و ڕوو بە ئەندامانی دێموکرات لە هەردووک لا دەڵێم، ئەگەر ئاوڕدانەوەک بە مێژووی دانیشتنەکان‌و موزاکرەکان‌و ڕێگا چارەکان‌و گفتومانی هەردووک لا بدەنەوە بەحەق دەزانن کە ئێمە زۆر مەسئوولانە، بە ئیحساسی مەسئولییەتەوە بە تێبینی، بە وردبینی‌و بە نیگەرانی بە نیسبەت داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و موقەعیەتی حیزبی دێموکرات تەعامولمان کردوە. لە هەوڵەکانی خۆمان‌دا جدی بووین و پێم خۆشە ئەوە بڵێم ئیبتکاری دەست‌پێکردنی ئەو گفتوگۆو دانیشتنانە بەشێکی ماندوویەتی ئێمە بووە. ئەو هاوڕێیانەمان ئەوایل خۆیان لێ نەدەدا بەڵام بە خۆشیەوە ئەوانیش دوای دوایین کۆنگرەی خۆیان هاتنە سەر ئەو قەناعەتە. بۆیە ئێمە کۆتاییمان نەکردوە و بۆ ئێمە کە دەڵێین دێموکرات یەک بگرێتەوە، بەراستی بە دوای ئەوە داین کە دێموکراتێک دابمەزرێتەوە کە هەموو لایەکمان تێیدا مورتاع بین. ئێمە کاری خۆمان کردوە، لەمەو بەدواش ئێمە هەوڵی خۆمان دەدەین، ئەگەر پێویست بێ ئێمە بۆئەوە تەنازول دەکەین، بەڵام ئەو فشارەی کە دەهێندرێ کە ئێوە ئینتزارتان لە ئێمە هەیە، ئێمە دیالۆگمان دەگەڵ ئێوە هەیە خەڵکێکی زۆر لە ئێوە دێن دەگەڵ ئێمە دادەنیشن باسی ئەوە دەکەن، ئێمە دەرکی ئەوە دەکەیین بۆیە ئەوەمان کردۆ ئەوەی کە بە قەولی جەنابت لەسەر پێرلاشێز نەمانتوانی لەسەر ڕۆژێک بە توافوق بگەیین ئەوە نوقتەیەکی زۆر مەنفی‌و خراپە بۆ دێموکراتەکان کە ناتوانن بۆ یادی دوکتور قاسملوو لە سەر گۆڕەکەی بە یەکەوە بیکەن ئێمە هیچ گوناحێکمان نیە هەموو هەوڵێکمان داوە. بەڵام ئەوان هەموو شت ڕەد دەکەنەوە سیاسەتێکی ئینحیسار تەڵەبی خراپیان هەیە و هیوادارم ئاڵوگۆر لەوانیش‌دا بە قووەت‌تر بێ‌و پتر بێینە سەر ئەو قەناعەتە بە یەکەوە بین.

**کوردکاناڵ: کاک خالید! ئەمجارە باسی خۆت! لە قسەکانتان‌دا زۆر نیگەرانی بە نیسبەتی دێموکراتەکانەوە بە نیسبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، دیارە ئەو نیگەرانیانەت بە تایبەتی لە سەر بزوتنەوەی ڕۆژهەڵات بە گشتی نیگەرانێکانت چین بۆ هێندە بە نیگەرانیەوە باسی دەکەی وەک دەڵێی کاتی خۆیی دوکتور قاسملووش ئاوا نیگەران بوو؟**

پێشەکی من بە داهاتووی خەباتو تێکۆشانی خۆمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر خۆش‌بین‌و گەش‌بینم، بە نیسبەت ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە پێموایە کورد لە مەوقەعیەتێک دایە دەتوانە ئیستفادەی زۆریان لێ‌بکا، ڕۆژانە ئێمە خەڵکی نێو خۆیی وڵات دەبینین بەراستی ئەمن ئیحساسی خۆشحاڵی دەکەم، ئیفتخار دەکەم کە خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئوستانەکانی جۆراوجۆر سەرەڕای زەخت‌و فشاری کۆماری ئیسلامی بە شێوازی جۆراوجۆر تەحەمولی موشکلاتێکی زۆر دەکا بەڵام لە خەباتی نەتەوایەتی، لە خەباتی سیاسی‌و مەدەنی خۆی تا ئێستاش ڕانەوەستاوە و بەردەوام چۆتە پێشێ. ئەوە هیوا بەخشە بۆ ئێمەو خەڵک لە نێو خۆی وڵات بە تایبەت بە دوای گفتومانی ئێمەدا تێدەکۆشن لەو فەعالیەت‌و جموجۆڵانەی نێو خۆی وڵات فورسەتەکان لە دەست نەدەن لە هەموو مەجالێک ئیستفادە بکەن بە شێوازی جۆراوجۆر جمهوری ئیسلامی بە چالش بکێشن ئەوە جێگای خۆشحالیە من گەش بینم بە داهاتووی خۆمان، بەڵام بۆ من لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە نیگەرانیەکەم لەوە دایە کە ئیحتمالات زۆر دێتە پێشێ کێ پێشبینی وەی دەکرد عێراق ئەو سوئالە گەورەی لەسەر بێ کە هەڵدەوەشێتەوە وەک واحیدێکی موشەخەس نامێنێ، لە شۆنێک ئیحتمالەن عێراق هەڵوەشێتەوە من دەڵێم ئیحتمالەن هەڵوەشێتەوە کە کورد تێیدا بووە بە دەسەڵاتێک و کورد بەرەو ئەوە دەروا کە لەسەر داهاتووی خۆیی بڕیار بدا. ئەوە گۆڕانێکی زۆرە ئیحتماڵێکی بەقووەتی هێناوەتە گۆڕێ کە تۆ دەبێ بۆی ئامادە بی. ئەوەی لە هەرێمی کوردستان ئێستا کەمێک لێی نیگەرانم و لە دانیشتنی خۆم لەگەڵ لایەنەکان لە لایەن دەفتەری سیاسی حیزبەوە کە پێمان ئەسپێردراوە ئەوە بووە کە وەحدەت‌و یەک ڕیزی خۆیان بپارێزن، ئەگەر وەحدەت‌و یەک ڕیزی خۆیان بپارێزن یەک دەنگ‌و یەک گفتومان‌و یەک وتاریان هەبێ دڵنیام لەو ناوچە شێواوە کە دراوسێکانی کوردستان بە شێوازی جۆراوجۆر دەیان هەوێ بچنە نێو قەزیەکەو شکاف‌و ناکۆکی لە نێوان ڕیزەکانی کورددا دروست بکەن ناموەفەق دەبن ئەو وەقتە کوردێکی

**روو بە خەڵکی نێوخۆی وڵات و روو بە ئەندامانی دێموکرات لە هەردووک لا دەڵێم، ئەگەر ئاوڕدانەوەک بە مێژووی دانیشتنەکان‌و موزاکرەکان‌و ڕێگاچارەکان‌و گفتومانی هەردووک لا بدەنەوە بەحەق دەزانن کە ئێمە زۆر مەسئوولانە، بە ئیحساسی مەسئولییەتەوە بە تێبینی، بە وردبینی‌و بە نیگەرانی بە نیسبەت داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و موقەعیەتی حیزبی دێموکرات تەعامولمان کردوە. لە هەوڵەکانی خۆمان‌دا جدی بووین و پێم خۆشە ئەوە بڵێم ئیبتکاری دەست‌پێکردنی ئەو گفتوگۆو دانیشتنانە بەشێکی ماندوویەتی ئێمە بووە**

یەک گرتوو دەبینن لەو حالەتەدا مەجبوورن موعامەلەی دەگەڵ بکەن بەو دەلیلە نیگەرام کە ئێمە بەو ئەقلیەتە، یەکتر تەحەمول نەکردن‌و دوو بەرەکی‌و چەند بەرەکی‌و ئینشعاب‌و ئینشقاق پچینەوە نێو بازنەیەکی گەورەی سیاسی لە ئێران‌دا وڵامدەری ئەرک‌و مەسئولییەتەکانی خۆمان نەبین، ئەو کێشەو ئەو لایەنە ڕەوانی‌و یەکتر بۆغزاندنەو یەکتر ئەزیەت کردنە بەرینەوە نێو خەڵک، ئەگەر ئێستا ئێمە جەمعێک لێرەو جەمعێک لە دەرەوە پێی مەشغولین زۆرتر مەشغەلەی ئەندامانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتە، من لەوە نیگەرانم ئەو جەمعە ئەو کێشانە بەرێتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و لە ئوستانەکانی کوردستان‌دا بەو شێوەی کە تا ئێستا تەعاموولمان لەگەڵ یەک کردوە تەعامول لەگەڵ یەک بکەیین ئەو وەختە میلیون‌ها لە خەڵکی کوردستانی ئێران دەکەوێتە نێو کێشەکانی دێموکراتەکانەوە، بەوجۆرە گۆڕەپانەکە دابەش بێ ئەوەیە من لێی نیگەرانم و جێگای خۆشیەتی کە من ئەو نیگەرانیە باس بکەم و هەر لەسەر ئەو نیگەرانیەیە کە ئیحساسی مەسئولیەت دروست دەکا بۆیە هەمیشە ئێمە پێش قەدەم بووین بۆ ئەوەیکە ڕێگا چارەیەک بۆ کێشەی دێموکراتەکان ببینینەوە.

**کوردکاناڵ: کاک خالید! باسی دوگم نەبوونی دوکتور قاسملوومان لە سیاسەت‌دا کرد هەڵوێستە جۆربەجۆرەکانی، گەمە سیاسییە جۆربەجۆرەکانی‌و تەنانەت چوونە سەر میزی موزاکرەش، پاس ٢٥ساڵ هەمان شت لە جەنابت دەبیندرێت دیارە بە نەقدەوە چاوی لێ‌دەکەن کە سکرتێری حیزبی دێموکرات واتە خالیدی عەزیزی ڕۆژێک دەگەڵ هەڵبژاردنە ڕۆژێک نیە، ڕۆژێک باس لە مادەی ١٥و ١٩ قانونی ئەساسی لە ئێران‌دا دەکا کە لە ئاستێکی خوارەوەیە و تەنانەت لە چەند مانگی ڕابردودا باس لە**

عەقلیەتی سپای پاسداران‌و خەڵکی دەوروبەری وەلی فەقی شکڵی گرتووە بە دیدی ئەمنییەتی چاو لە کوردستان‌و هەموو ئێران‌و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکا، هەمیشە پێی خۆشە موخالفینی کۆماری ئیسلامی شوعار بدەن باسی توندو تیژی بکەن حاڵەت‌های نا ئەمنی بێنە گۆڕێ، هەڕەشەو گوڕەشە بکەی، لەو حالەتەدا ئەو ئیستعدادی زۆرە بۆ بەربەرەکانی تۆ لەو جورە شوعارانە کە هەر هەڕەشەو گوڕەشە بێ، شوعار بەدەی خۆت دێڵێوە، شوعارەکان ئەگەر وابوون کە خەڵکێکی زۆر خۆی تێدا نەدیتەوە، ئەوە کۆماری ئیسلامی پێی خۆشە، بەڵام ئێمە کە ئێستا مەجالی خەباتی چەکداری ڕاستەو خۆی پێشمەرگانەمان نیە، ئێمە حیزبێکی ئازاد نین لە نێوخۆی وڵات ئەو خەباتە ڕێبەری بکەین ڕێگامان ئەوەیە گفت‌ومانی خۆمان بە شێوەیەکی مەدەنی بخەینە نێو کۆمەڵانی خەڵک، ئەگەر وایە ئێمە شتێکمان دەست پێ‌کردوە کە کۆماری ئیسلامی لێی نیگەرانە. بە نیسبەت هەمووی ئەوانە هەدەفەکەی ئێمە ئەوەیە ئەوەی دوکتور قاسملوو لێی نیگەران بوو کاتی خۆی مەجبوور بوو موزاکرەی کرد کە حیزبی دێموکرات تووشی ژیان لە تەبعید دا نەبێ، لە جێگای خۆی نەمێنێتەوە کە بەشێکی موشکلاتی ئێمە لەوهوە سەری گرتووە. هەدەفی ئێمە و گفت‌ومانێک کە ئەمنیش کۆمەکم پێ کردووە ئەوە بووە کە خەڵکێکی زۆر خۆیان ڕووبەرووی کۆماری ئیسلامی ببینەوە. ئەگەر ئەو حیزبە هەر لە باشووری کوردستان بمێنێتەوەو کۆماری ئیسلامی نەرووخێ‌و ئێمە نەتوانین بچینەوە نێوخۆی وڵات، با عەقلیەتی حیزبی دێموکرات و ئەو حەلە مەدەنیانەی دێنێتە پێشێ کە خەڵکێکی زۆر لە خەباتەکەدا بن لەوێ لە گۆڕەپانەکەدا ڕووبەرووی کۆماری ئیسلامی بێتەوە. ئەگەر کۆماری ئیسلامی بۆخۆی پێیوایە حیزبەکەی ئێمەی لە تاراوگەدا هێشتۆتەوە بەڵام بیرو هۆشی حیزبی ئێمە لە نێو خەڵکێکی زۆر

**هەرچەند ئێستا دوکتور قاسملوو لە نێوماندا نەماوە بەڵام ٢٥ساڵ دوای تیرۆر کردنی شەهید دوکتور قاسملوو بەشیک لەو پرۆژەو ئەو ئارەزوانەی دوکتور قاسملوو بە دوای‌دا دەگەڕا، وەدی هاتووە. قەزیەی کورد لە سێ پارچەکەی دیکەی کوردستان بە خۆشییەوە لە مەوقەعیەتێک دایە کە تازە بەرەو دوایە ناچێتەوەو بەرەو پێش دەچێ**

**دانیشتنی جەنابت بە مەبەستی موزاکرە لەگەڵ نۆێنەرانی کۆماری ئیسلامی کرا، چی ئەڵێی جەنابت ئەمە ئینعیتافە ئەمە خاڵی لاوازە، نەخێر خاڵی بە قووەتە؟**

کاتێک ئەتۆ دێیە نێو هەمووی ئەو مەوزوعاتە، مەسەلەی موزاکرە مەسەلەی مادەی ١٥و ١٩ ، مەسەلەی دروست کردنی حیزبێک لە نێو خۆی وڵات، مەسەلەی خەباتی مەدەنی، مەسەلەی کەڵک وەرگرتن لە فورسەتەکان، هێنانە گۆری زمانی زگماکی، ئەوانە بەشێکن لە پرۆژەو پرۆسەی جێ‌بەجێ کردن‌و جێ خستنی مافە نەتەوایەتییەکانی خۆمان. من ئاماژەم بەوە کرد کە دوکتور قاسملوو سیاسەتی یەک بۆعدی نەدەدیت، سیاسەتی ئاوا چاو لێ دەکرد، لە سیاسەتی یەک بۆعدیدا یەک ڕێگا حەل بەسەرت‌دا تەحمیل دەکرێ، لە سیاسەتێکی ئەوا دا تۆ ئەنواعی ئیحتمالات موتالەعە دەکەی‌و ئەنواعی ڕێگا حەل دەبینیەوە. من لەو کەسانەم لە نیزیکەوە لەگەڵ دوکتور قاسملوو بە ڕاستی کارم نەکردوە، نە عوزوی ڕێبەری حیزب بووم ئەو کاتە، نە ئەو مەوقەعیەتە حیزب‌و تەشکیلاتەشم ئەوەندە لە سەروە بووە، بەڵام هەمیشە کە ئاوڕ دەدەمەوە بە شێوەی سیاسەت کردنی دوکتور قاسملوو، ئەوەی کە دوکتور قاسملوو زۆر لیبڕاڵ‌و زۆر واقع‌بین چاوی لە شتەکان دەکرد بە تاییەت لە جامەعەی پیچیدەی ئێران‌دا ئەوە بە لای منەوە زۆر گرینگی هەبوو، جا کاتێک ئەو مەوزوعاتە دێتە گۆڕێ ئێمە وەک حیزبی دێموکرات، ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات وەزیفەمان ئەوەیە نەقشیەکی سیاسی گەورەی ئێران دەبنێین مەجال‌و دەرفەتەکان، ئاستەنگەکان، فورسەتەکان، توانایی خۆمان، داهاتووی ئێران، ئێران چۆن دروست بووە، چۆن دەگۆڕێ، ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەزع لەوێ، چمان بۆ دەکرێ چمان بۆ ناکرێ، ئاوا چاو لە خەبات‌و تێکۆشان‌و وەزیفەکانی خۆمان بکەین، بە باوەری من کۆماری ئیسلامی ئەو گفت‌ومانەی ئێستای حیزبی دێموکرات کە ئەو شتانەی ئاماژەم پێ کردووە خەڵک تەشویق دەکا لەسەر وانە کار بکەن بە زەرەدی کەمتر، خەتەری زۆر بۆ خۆیان دروست نەکەن تا بە راحەتی تێدا نەچن بەڵکە لەو چوارچێوەدا تەعامووڵ بکەن ئەو گفت‌ومانە مەدەنیە، کۆماری ئیسلامی لەو گفت‌ومانە مەدەنیەی ئێمە دەترسێ و لەو گفت‌ومانە مەدەنیەی نێوخۆی وڵات دەترسێ، کۆماری ئیسلامی کە بە دەبێ بێتە گۆڕێ و لەوێدا ڕووبەرووی ببنەوە، لەسەر موزاکرە ڕەنگە شتێکی زۆرم نەبێ ئێستاش لەو باوەرەدام ئەگەر کۆماری ئیسلامی داوای موزاکرە لە ئێمە بکا، ئێمە دەبێ لەگەڵی دابنیشین کە داوا دەکا مەوزووعاتێکی هەیە و دەبێ گوێی بدەیینێ و بڵێین کە ئێمەش لەسەر موزاکرە ئەو تێبینیانەمان هەیە ئەگەر مەوزوعێک دێنێتە گۆڕێ ئێمە نابێ نادیدەی بگریین، شتەکەی خۆمان باس کەین ئێمە نەکەوینە ئەو خانەیە. دیارە با بڵێم ڕووخانی کۆماری ئیسلامی باشترین شتە بۆ دێموکراسی‌و بۆ خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەرچەند عەواقیب‌و عەواریزی خۆی هەیە، بەڵام ئێمە نابێ لێی بترسیین. بەڵام هەر لەو خانەیەدا گیر نەکەیین مادام ٣٥ساڵە بۆمان نەرووخاوە شتی دیکە نەهێنینە گۆڕێ، بەحس‌و قسە دەبێ بخەینە نێو خەڵک بۆیە گفت‌ومانی موزاکرەش بە باوەڕی من هەر لە جێی خۆیدایە. ئەگەر کۆماری ئیسلامی پەیامێکی بۆ ئێمە ناردبێ‌و ئێمە وڵامەمان داوەتەوە ئەوە لە جێگای خۆی دایە، ئەو سیاسەت دەکا بە دووای بەرژەوەندێکەنی خۆی‌دا دەگەرێ ئێمەش سیاسەت دەکەیین بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆمان‌دا دەگەرێین هەرچەند ئێمە ئێستا چالاکی نیزامیمان نیە کە کوتم بە شێوەی ئازادانە کار بکەین، بەڵام بۆی دەرکەوتووە لە هەمووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئیلامەوە بگرە تا کرمانشان‌و ئوستانی سنەو ئوستانی ورمێ‌و کوردەکانی خوراسان‌و کوردەکانی هەمەدان‌و مەنتەقەی لۆرستان‌و کوردەکانی تاران کە ئەقلیەتی دیفاع لە مافەکانی نەتەوایەتی خۆمان لە پەرەگرتن دایە، بۆی دەرکەوتووە کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە فاکتۆرێک، بۆی دەرکەوتووە ئەو سەردەم بەسەر چوو کە کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنیا بە کێشەی فەلەستین‌و ئیسراییل باسی لێدەکرا ئێستا قەزیەیەک بە نێوی قەزیەی کورد هاتۆتە گۆڕێ، درەنگ یا زوو پێی کۆماری ئیسلامی دەگرێتەوە، بۆیە ئێمە دەبێ لە لایەنێکی دیکەشەوە بێینە سەر دروست کردنی زەمینەو بەستەری موناسب بۆ ئەو جۆرە گفت‌ومانە.

**کوردکاناڵ: کاک خالید وەکو دوایین پرسیار لەم بەرنامەیەدا کە زیاتر تایبەت بوو بە یادی دوکتور قاسملوو، باس لە کەسایەتی سیاسی دوکتور قاسملوو بوو، ئێستا پاش ٢٥ساڵ لە نەمانی دوکتور قاسملوو دەبینین لە باشووری کوردستان باس لە ڕێفڕاندۆم دەکرێت، جەنابت چۆن لەو دۆخە دەڕوانی؟**

دەکرێ بڵێم هەرچەند ئێستا دوکتور قاسملوو لە نێومان‌دا نەماوە بەڵام ٢٥ساڵ دوای تیرۆر کردنی شەهید دوکتور قاسملوو بەشیک لەو پرۆژەو ئەو ئارەزوانەی دوکتور قاسملوو بە دوای‌دا دەگەڕا، وەدی هاتووە. قەزیەی کورد لە سێ پارچەکەی دیکەی کوردستان بە خۆشییەوە لە مەوقەعیەتێک دایە کە تازە بەرەو دوایە ناچێتەوەو بەرەو پێش دەچێ. تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو شۆێنەی دوکتور قاسملوو لێی لەدایک بووە و هەموو ئارەزووکانی ئەوە بووە کە حیزبی دێموکرات جارێکی دیکە لەوێ بتوانێ دەوری هەبێ لەسەر دروست کردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و عەقلییەتێکی سیاسی لەوێ ئێمە ئێستا ئەو مەوقەعیەتمان نیە، لە تەواوی ئەو باسانەی کە مەربووت بە پارچەکانی دیکەیە پێم خۆشە ئاماژە بە یەک شت بکەم ڕاستە لە هەرێمی کوردستان بەرەو ئەوە دەچێ کە ڕاپرسێک بکرێ شتێکی باشە لەسەر چارەنووسی خۆیان بڕیار بدەن، بەڵام ئەوە قەزیەی چارەنووسی باشووری کوردستانە ئەگەر قسەش لە دەوڵەتی کوردی بکرێ قسە لە دەوڵەتی کوردی بۆ باشووری کوردستانە قسە لە دەوڵەتی کوردی یا چارەسەری کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیە، ئەگەر وایە ئەرک‌و تێکۆشان‌و وەزایفەو کاری خۆمان چ بۆ ئێمە حیزبی دێموکرات چ بۆ خەڵک لە نێوخۆی وڵات وەک خۆی لە جێگای خۆی دا هەیە، دەبێ بەردەوام بچێتە پێشێ و دەبێ تێبکۆشین لە هەمان کات‌دا حیزبی دێموکرات هەوڵدەدا هەڵوێستێکی مەسئوولانەی نەتەوەیی هەبێ نیسبەت بە باشووری کوردستان و بە شێوازی جۆراوجۆر بە ئێرانییەکان بڵێین کە ئەگەر لە باشووری کوردستان لەسەر چارەنووسی خۆیان بڕیار بدەن حەق‌و مافی خۆیانە ئەوەشمان لەبەر چاو بێ ئێمە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانین حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان کوردستانی ئێران زۆرتر دە فکری بەشەکەی خۆمان دابین زۆرتر بەوێوە فکرمان مەشغوول کەین، بۆ ئەوێ بنووسین بۆ ئەوێ قسە بکەین، بۆ ئەوێ سیاسەت بکەین، بۆ ئەوێ دیپلۆماسی بکەین، بۆ ئەوێ لۆبی بکەین و دەبێ فکری سەرەکی‌و مەشغەلەی فکری فەعالینی سیاسی لە نێوخۆی وڵات هەر لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ ئەگەر ئێمە لەوێ بەقووەت بین، دەنگمان بە هێز بێ، قەڵەم‌مان باش کار بکا، خەڵکێکی زۆر لە ئێران لە کێشەکەی خۆمان بگەیەنین، بەوجۆرە دەتوانین کۆمەک بکەین بە خوێندنەوەیەکی مەسئولانەی کۆمەڵگای ئێران بەرامبەر بە داهاتووی باشووری کوردستانیش‌و حکوومەتی کۆماری ئیسلامی مەجبوور بە هەڵوێستێکی مەسئوولانە بێ‌و نەکەوێتە خانەی تێکدان، بۆیە بۆ جارێکی دیکە دێمەوە سەر ئەوە کە ئەمن گەش‌بینم بە داهاتووی کورد بە گشتی بەڵام لە تەنیشت ئەوەدا تەئکید لەسەر واقع‌بینییەک دەکەمەوە کە دوکتور قاسملوو هەمیشە بەلایەوە گرینگ بوو، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام دەبێ خۆمان ئەرک‌دار بکەین‌و کاری بۆ بکەین‌و هەوڵ‌و تێکۆشانمان هەر بۆ ئەوێ بێ ئەگەر باشووری کوردستان هیوادارم بەرەو ئەوە بڕوا ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان دەوڵەتی خۆشی پێک هێنا ئەوە بۆ خۆیان بۆ باشووری کوردستان دەوڵەتی کوردیان دروست کردووە نەک بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبیرمان بێ ئێمە دەوری ٢٠دەوڵەتی عەرەبیمان هەیە هەرکەسە مەسئوولە بەرانبەر بەو شۆێنەی تێیدا هەیە.

**کوردکاناڵ: بەڕێز کاک خاکید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆشحالم کە ئەو مەجالەت بۆ ئێمە ڕەخساندو میوانی ئەم بەرنامەوە بووی.**

زۆر سپاس بۆ ئێوەش‌و بۆ هەمووی بینەرانی کوردکاناڵ هەر وەکی لە ڕاگەیاندراوەکانی هەردوو لای دێموکرات هاتووە ئێمە خۆمان مەسئوول‌و مەوزەف دەبینین کە یادی دوکتور قاسملوو بکەینەوە ڕەنگە زۆر ئاسان نەبێ لە ژێر فشارو تەهدیدو عەقلیەتی ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕاحەتی ئیجازەمان پێ بدرێ ئەو ئەرکە بە جێ بگەیەنین، بەڵام هیوادارم هەمووی خەڵک بە هەر جۆرێک بۆیان دەکرێ‌و بە هەر شێوەیەک بۆیان عەمەلیە بە جۆرێک یادی ئەو ڕێبەرە مەزنە بکەنەوە تەواوی ژیان‌و ئەندیشەو فکری خەبات‌و تێکۆشان بوو بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەر لەو پێناوەش‌دا تیرۆر کرا، هەموو لایەکتان هەر ساغ‌و سلامەت بن هیوادارم لە داهاتوویەکی نیزیک‌دا بیرو ئەندیشەکانی دوکتور قاسملوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قانونی بێ، مۆئەسەسەیی بێ، بێ بە دەسەڵات و ئێمەش بە مافەکانی خۆمان شاد بین.

دڕێژەی:

# پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

گۆڕانەکانی ئەو چەندساڵەی دوایی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەت دوو ئەزموونی گرنگی پێوەندیدار بە مەسەلەی کوردەوە لە تورکیاو عێراق ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە ریگەی پێکەوەمانەوە لەنێو نەتەوەکان‌و پێکهاتە جیاوازەکانی وڵاتیکدا، ریگەی لیکتیگەیشتن‌و ریککەوتنە نەک شەڕو سەرکوت‌و پەڕاویزخستن، وەک ئەوەی ئێستا لە عێراقدا دەیبینین. لە عێراق، دوای ١٠ ساڵ دەسهڵاتداریی نوێ‌و دوای ١٠ساڵ هەوڵی کورد بۆ تێگەیاندنی هاوبەشە سیاسییە عەرەبەکانی لە مافەکانی‌و دوای ئەوەی کە هەموو هەوڵێکی بۆ برایەتی و پێکەوە ژیان بێئاکام مایەوە، گۆڕانە چاوەڕوان نەکراوەکان کوردیان گەیاندۆتە قۆناغێکی نوێ لە دابینکردنی مافەکانیان. ئەوان لە باشووری کوردستان بە پشتبەستن بە ئیرادەی خۆیان بەرەو چارەسەرییەکی یەکلاکەرەوە دەڕون. لێرەداجێی خۆیەتی کە هیوای سەرکەوتنیان بۆ بخوازین‌و دڵنیایان بکەینەوە کە ریبوارانی ریگای قازی محەممەدو د. قاسملوو خۆیان بە پشتیوانیان دەزانن‌و لە پاڵپشتی و یارمەتیدانیان دریغی‌ناکەن.

### خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!

ئەگەر ٢٥ ساڵ لەمەوبەر دەستی تیرۆرو جینایەت ریبەریکی مەزنی لە ئێمە ئەستاندو ئێمەی لە زانست‌و توناو ئەزموونەکانی بێبەشکرد، ئەو لە پاشخۆی حیزبێکی بەجیەێشت کە دڵنیا بوو بۆ خەبات و گەیشتن بە ئامانجەکانی دەتوانێ درێژە بە تێکۆشانبدا.

قاسملوو دهیزانی لە حیزبەکەیدا کەسانێکی وا پەروەردە بوون کە بتوانن لەسەر ئەو ریبازە دریژە بەسیاسەت بدەن‌و هەم دڵنیاش بوو لەوەی کە خەڵکی کوردستان وەک پشتیوانانی راستەقینەو هەتاسەری حیزبی دیموکرات، لە بەرامبەر دوژمنانیدا لە پشت حیزبەکەیەوە دەبن‌و ئەمەی بە ڕەمزی سەرکەوتن دەزانی.. چونکە ئەو باوەری وابوو کە سەرچاوەی هێزی بنەڕەتیی خەبات و تێکۆشان، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان‌و هەتا ئەو خەڵکە پشتیوانی حیزبی دیمۆکرات بن، حیزب لە تێکۆشان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانیان راناوەستێ.

### ئێوە خەڵکی تێکۆشەرو ئازادیخوازی کوردستان!

بە وەفاداریتان بە ڕێگاو ئامانجەکانی د. قاسملوو، نیشانتان داوە کە مهرگ، نەک هەر نهیتوانیوە ئهو ریبەرە مەزنە لە بەر چاوی ئێوە ون بکاو لەبیر ئێوەی بباتەوە، بەڵکوو ئێستاش دوای٢٥ ساڵ، ئێوە هەروا یاری وەفاداری ڕێگاو ڕێبازەکەی ئەون‌و قاسملووی نەمر، بۆ ئێوە سیمبوڵی ریبەریکی هەمیشە زیندوویە. هەموو جێهانیان دەزانن دوای تێپەڕ بوونی٢٥ساڵ لە شەهید بوونی ئەو گەورە پیاوە، خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان ئێستاش قاسملوولە نێو خۆیان دا دەبینن‌و لە خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازی‌دا بە ریبەری خۆیانی دەزانن.

### تێکۆشەران، ئەندامان، لایەنگران‌و دۆستانی حیزبی دیموکراتی کوردستان!

لەم بیرەوەرییە ناخۆشەداو لە پاش تێپەڕبوونی ٢٥ساڵ بەسەرشەهید بوونی ریبەری مەزنمان د.قاسملوودا، دەبێ لە ریگەی تێکۆشانی بەردەوام‌و برەوپێدانی تێکۆشان‌و چالاکییەکانمان، هەروەها کارکردن بۆ بەهێزبوون‌و بەرینترکردنی مەیدانی خەباتمان، بە سووربوون لەسەر داوا ڕەواکانمان و پێداگری لەسەر دریژەدانی خەبات تا گەیشتن بە ئامانجەکانمان،یادی ئەو ریبەرە گەورەیەو هاورێی تاسەری، کاک عەبدوڵلا قادری‌و هەموو شەهیدانی کوردستان بەرز رابگرین. هەر لەم بیرەوەرییەش دا بەڕێزەوە یادی نەمر کاک سەلام عەزیزی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکرات دەکەینەوە کە ٢٥ساڵەی تیرۆری د.قاسملووی نەمر بەرامبەرە لە گەڵ پازدەیەمین ساڵی کۆچی دوایی ئەو ڕێڕەوو هاوخەباتە بەوەجەی قاسملووی مامۆستاو ڕێبەر.

حیزبەکەتان، حیزبی دیموکراتی کوردستان ٢٥ساڵ دوای شەهید بوونی د.قاسملووی ڕێبەر، وەفادار بە ڕێگا و ئامانجەکانی و دڵگەرم بە پشتیوانیی نەتەوە ئەمەگناسەکەی قاسملوو، بەگەشبینی‌و هیواوە بەرەوڕووی ڕووداوو ئاڵوگۆڕانی ناوچەو دەوروبەر دەچێ. دڵنیاشین ئەگەر درێژەدەرانی ڕێگەی قاسملووو نەتەوەکەی قاسملوو، هەروا بە وشیاری‌و لێبڕاوییەوە، دریژە بە خەباتی ڕەوای خۆیان بدەن، گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش بە ئامانجەکانی دەگات و ئاواتی بەرزی قاسملوو و هەموو شەهیدانی کوردستان وەدی دێ.

**بەرزو بەڕێز بێ یادی ڕێبەری شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو،**

**سڵاو لە شەهیدانی ڤییەن‌و هەموو شەهیدانی ریگای رزگاریی کورد و کوردستان،**

**سەرشۆڕی بۆ ڕێژیمی تیرۆرستی کۆماری ئیسلامی،**

**سەرکەوتن بۆ خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و هەموو بەشەکانی کوردستان.**

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢١ی پووشپەڕی ١٣٩٣**
**١٢ی جولای ٢٠١٤**

# چەند بەشێک لە وتاری بەڕێز مستەفا شەڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب، لە یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدانی ڤییەن دا



**بەڕێزان نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان!**
**بەڕێزان کەسایەتییە سیاسی، فەرهەنگی، هونەری و کۆمەڵایەتییەکان!**
**بەڕێزان ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان!**
**بەشدار بوانی بەڕێز!**

لە دەوری یەک کۆبوینەوە تا یادی کارەساتێکی دڵتەزێن بکەینەوە کە تێیدا ڕێبەرێکی بێ هاوتای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و نەتەوەی کورد شەهیدی ڕێبەر دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملو، هاوڕێ لە گەڵ دوو کەسایەتی هەڵکەوتوی دیکەی حیزبی دێموکڕات وکورد کاک عەبدوڵڵا قادری ئازەر ئەندامی کومیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات و دوکتور فازل ڕەسوڵ کەسایەتی سیاسی کوردی باشووری کوردستان بوونە قوربانی لە ڕێگای وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان و لە ڕێگای ئاشتی، ئازادی و دێموکڕاسی دا بۆ کوردستان و دەراوسێکانی کوردستان . لە لایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە سپاستان دەکەم کە لە یادی ٢٥ ساڵەی ئەو بیرەوەرییە تاڵە دا لە گەڵمان بەشدارن. بێگومان ئەو یادە تاڵە هەم بیرەوەریەکی ناخۆشە بۆ هەمومان و هەم وزەمان بۆ درێژەدانی ڕێگای شەهیدانی ڕێبەری وەک قاسملو پتەوتر دەکا. بە پێویستی دەزانم وێڕای ناردنی سڵاوێکی بەتین بۆ ڕوحی پاکی هەمو شەهیدانی کوردستان بەگشتی و شەهیدانی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە بە تایبەتی، باسێک لەسەر شەهیدی ڕێبەر دوکتور قاسملو بکەم.

....بە داخێکی گرانەوە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی١٣٦٨ (١٣یژوئیەی١٩٨٩) لە کاتێکدا بۆ دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد لە ئێراندا لەگەڵ چەند نوێنەری حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە وییەن لە سەر مێزی وتووێژ دانیشتبوون، مامۆستای ڕێبەر دوکتور قاسملوو لەگەڵ هاوڕێی تێکۆشەر کاک عبداللە قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو نوێنەری حیزب لە ئوروپا و دوکتور فازل ڕەسووڵ کوردی باشووری کوردستان و مامۆستای زانستگە لە وییەن بە دەستی بە ناو نوێنەرانی دەوڵەت بۆ وتووێژی ئاشتی، شەهید کران.

ئەو تیرۆرە تەنیا دژی حیزبی دێموکڕات و دوکتور قاسملوو نەبوو، بەڵکو لە هەمان کات دا دژایەتییەکی کوێر و قین لەدڵانە بوو لە گەڵ ئاشتی، دێموکڕاسی و ئازادی. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە چەند بواردا دوژمنی سەر سەختی دوکتور قاسملو بوو. ڕژیم دژی کەسایەتییەک بوو کە لە لایەکەوە گەورەترین هێزی نەتەوەیی، مافخواز، دێموکڕاسیخواز ، پێشکەوتوو و شۆڕشگێڕی ڕێبەری دەکرد. لە لایەکی دیکەوە دیارترین کەسایەتی سیاسی، ئاشتیخواز، دێموکڕاسیخواز، بە توانا لە بواری زانستی دا و بە ناوبانگ لە دیپلۆماسی و پەیوەندی دا بوو.

جێگای خۆیەتی ئیشارە بەوە بکەم کە زۆر کەسایەتی کورد و غەیرە کورد لە سەر دوکتور قاسملووی نەمر هەر ئەو بۆچونەیان هەبوو. کە دەتوانین لێرەدا ئیشارە بە مادام میتران کە کەسایەتیەکی گرنگی فەڕانسەیی و هاوسەری فرانسوا میتران سەرۆک کۆماری پێشوی فەرانسە، دوکتور بێرنارد کۆشنەر وەزیری دەرەوەی پێشووی وڵاتی فەڕانسە،کارڵ جێچ هاو خوێندکار و هاوکاری دوکتور لە زانستگای پڕاگ، تۆماس هاماربێری سوئێدی، دوکتور ئیسماعیل بێشکچی، دوکتور مەحموود عوسمان کەسایەتی سیاسی باشووری کوردستان، پییەر مۆروا، سیاسەتوانی فەڕانسەیی، دوکتور کەندال نزان کەسایەتی سیاسی باکووری کوردستان، کریس کۆچێرا ڕۆژنامەوانی بەناوبانگی فەڕانسەیی، دوکتور بێرنارد گرانژۆن فەڕانسەوی، سەلاح بەدرەددین کەسایەتی سیاسی ڕۆژئاوای کوردستان و زۆر سەرکردە و کەسایەتی دیکەی کورد و غەیرە کورد بکەین.

... کۆماری ئیسلامی لە تیرۆری دوکتور قاسملوی نەمر دا چەندین ئامانجی تاقیب دەکرد. دیارە ئامانجی سەرەکی لە ناوبردن، یا لاواز کردنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و لەو ڕێگایەشەوە بە چۆکداهێنانی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان بوو. ئامانجێکی دیکەی کۆماری ئیسلامی لەناوبردنی کەسایەتیەکی سیاسی ئاشتیخواز و دیپلۆمات بوو کە بە شێوەیەکی زانستی، مرۆڤدۆستانە و لە چوارچێوەی مەنشور و بڕیارنامە نێودەوڵەتییەکان دا، بە چەندین زمانی زیندووی دنیا، دەیتوانی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی و پێشێلکاریەکانی بواری مافی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامی دا، لە هەموو دنیا لە قاو بدا. لە لایەکی دیکەوە دوکتور قاسملوو و ئەو حیزبەی کە دوکتور قاسملوو ڕێبەری دەکرد، لەو سەردەمەدا ببوونە پێشەنگی جووڵانەوەی ئازادیخوازی لە سەرانسەری ئێران دا. لە هەموو پانتایی ئێرانەوە ئازادیخوازان ڕوویان لە حیزبی دێموکڕات و دوکتور قاسملوو دەکرد.

....کۆماری ئیسلامی بیری لەوە کردبۆوە کە بە لە نێوبردنی ڕێبەرێکی وەک دوکتور قاسملوو جووڵانەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان بێ سەردەکا و بیری نەتەوەیی پێشکەوتنخواز و گرێدراو بە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییە مرۆڤدۆستەکانەوە، بەرەو لاوازی دەبا. ئەوە لە ڕاستی دا خەونی هەموو ڕێژێم و حکوومەتە دیکتاتۆرەکانە. ئەوان هەمیشە بۆ چونیان ئەوە بووە کە بە لە نێو بردنی ڕێبەری جوڵانەوە، خودی جوڵانەوەکە لە نێو بەرن. ئێعدامی پێشەوا قازی محەممەد لە پێش تێرۆری دوکتور قاسملوو دا و تیرۆری دوکتور شەرەفکەندیش لە دوای تیرۆری دوکتور قاسملوو هەر بەو ئامانجە ئەنجام دراون. ئەو جینایەتانە لە مێژووی پڕ کارەسات و قوربانی دانی نەتەوەکەمان بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بەداخەوە لە هەموو قۆناغەکان دا ئەنجام دراون. بێگومان دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین کە لە داهاتوش دا، هەرچەند ڕەنگە بە بەرنامەی جیاوازەوە، دژی ڕێبەرانمان و کەسایەتییە لێوەشاوەکانمان درێژەی دەبێ. بۆیە جێگای خۆیەتی ڕێبەر و کەسایەتییە شەهیدەکانمان لەبیر نەکەین و قەدری کەسایەتی و ڕێبەرە زیندوەکانیشمان بزانین.

**بەڕێزان!**

یەک پرسیار ڕەنگە لە زەینی هەموومان‌دا بێت و بچێ. بەڕاستی چۆن بوو کە دوکتور قاسملوو، لە گەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی دانیشت و بەم شێوەیە شەهید کرا؟

بە بڕوای من وەڵامی ئەو پرسیارە دەتوانین لە چوارچێوەی هزر و بۆ چوونی دوکتور قاسملوو دا پەیدا بکەین. ڕەوشی ئاشتیخوازانەی دوکتور قاسملوو هەر لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران دا دەست پێ دەکا. هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری حکوومەتی تازەوە هەوڵی داوە تا مەسەلەی کورد لە ئێران دا بە شێوەی وتووێژ چارەسەر بکا. لە هەر دەرفەتێک کە هاتبێتە پێش کەڵکی وەرگرتوە و هیچ پێشنیارێکی ئاشتی ڕەت نەکردوەتەوە. لە بیرمە لە دوای شەڕی سێ مانگە و بەدوای بێ ئاکام مانەوەی وتووێژی هەیئەتی نوێنەرایەتی کورد لە گەڵ حکوومەت، زۆر هەوڵی دا ڕێگایەکی دیکە بدۆزێتەوە. باسی گەڵاڵەی شەش ماددەیی هێنایە گۆڕ و حیزب هەوڵی دیکەی ئاشتی دا. دوکتور قاسملوو پێی وابوو تەنانەت یەک ڕۆژ وەدوا کەتنی شەڕیش نیعەتە بۆ دێموکڕاسیخوازانی کوردستان و ئێران و زۆر هەوڵی دەدا شەڕ لە ناو بەرێ یا لانی کەم وەدوای بخا. هەر ئەوەش بوو کاتی خۆی زۆر لایەن بە حیزبی دێموکڕاتیان دەگوت سازشکار.

دوکتور قاسملوو نەزەری وابوو کە شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە ئەو کەسە نییە کە شەڕ ساز دەکا، بەڵکوو ئەو کەسەیە کە بە هەموو هیزیەوە هەوڵ دەدا بۆ ئاشتی، بەڵام ئەگەر هێرش کرایە سەر گەلەکەی بەو پەڕی توانا‌وە بەرگری دەکا. کەوابو مێتۆدی خەباتی دوکتور قاسملوو ئەوەبو کە بەرگری بکا بۆ سەپاندنی وتووێژ و ئاشتی. هەر ڕاست بە خاتری ئەو مێتودە بوو کە جارێک بە گەڵاڵەی ٢٦ ماددەیی، جارێکی تر بە گەڵاڵەی ٦ ماددەیی هەوڵی دەدا کە نەهێڵێ وتووێژ ڕابوەستێ و شکست بخوا. جگە لەوە دوکتور قاسملوو دەیهەویست لە هەر دەرفەتێک کەڵک وەرگرێ. ئەو باوەڕی بەوە هەبوو کە سیاسەت هونەری مومکینە. ناکرێ لە سیاسەت دا یا هەزارت بوێ یا هیچ. بەڵکوو ژمارەی دیکەش لەو بەینەدا هەن. مخابن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە و تا ئێستاش باوەڕیان بە چارەسەری ئاشتیخوازانە بۆ مەسەلەی کورد نەبوو و نیانە.

کەوابو ئوسول و مێتۆدی دوکتور قاسملوو ئەوەبوو کە وتووێژ ڕەت نەکاتەوە. بە ئاگایی لەو ئاشتیخوازییەی دوکتور قاسملوش بوو کە کۆماری ئیسلامی پلانی تیرۆڕکردنی ئەوی لە چوارچێوەی هێنانەگۆڕی وتووێژ دا دارشت. بەڵام دەبێ ئیقرار بەوەش بکەین کە چ شەخشی شەهیدی ڕێبەرمان، چ هاوڕێیانی لەو دانیشتنەدا بەشدار بوون و چ حیزب بە گشتی و تەشکیلاتی حیزب بە تایبەتی بێ موبالاتییەکی گەورەیان کردوە، لە چۆنیەتی ئۆرگانیزەکردنی دانیشتنەکە دا. کۆماری ئیسلامی بە داڕشتن و بەڕێوەبردنی ئەو پیلانە لاپەڕەیەکی ڕەش و جینایەتکارانەی دیکەی بە مێژووی پڕ لە شورەیی خۆی زیاد کرد و دەبێ بڵێین زەربەیەکی گەورەشی لە حیزبی دێموکڕاتی کورستان و جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی و لە سەرانسەری کوردستان بە گشتیدا. هەروەها خەسارێکی زۆر گەورەی بە پرۆسەی دێموکڕاسی و ئازادی لە سەرانسەری ئێران گەیاند. بەڵام هەرگیز نەی توانی بە هەموو مەبەستە گەڵاوەکانی خۆی بگا. کە بەر لە هەمو شتێک بریتی بو لە بەچۆک داهێنانی حیزبی دێموکراتی کوردستانو جووڵانەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**بەڕێزان!**

پەروەندەی ئەو جینایەتە بەداخەوە هەر وا بە هەڵواسراوی ماوەتەوەو تەنانەت بە دواداچونی قەزاییشی بە تەواوی بۆ نەکراوە. حکوومەتی ئوتریش هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی ئەو جینایەتە دا، بازرگانی بەو مەسەلەیەوە کرد و لە جیاتی تاقیبی جینایەتکاران و بەند کردنیان و سپاردنیان بە دادگا، ئەوکەسەی کە گیرابووش ڕەوانەی ئێرانی کردەوە. حیزبی دێموکڕات لە قۆناغی جیاوازدا ئەوەی لە توانای دابوبێ هەوڵی داوە ئەو پەروەندەیە زیندو ڕابگرێ و لە دەرفەتێک دا بیگەیەنێتە دادگایەکی سەڵاحییەتداری نێونەتەوەیی. تەنانەت دوو ساڵیش لەمەوبەر ئێمە لە دەرەوە کامپینێکمان وەڕێ خست و زۆر ئیمزامان لە کە سایەتی ناودار کۆکردەوە. سەردانی حکوومەتی ئوتریشمان کرد و لە ڕێگای حیزبەکانی ئەوێوە، بە تایبەت لە ڕێگای سەوزەکانەوە مەسەلەکەمان گەیاندە پارلەمانی ئەو وڵاتە. بەڵام تا ئێستاش مخابن بە جێگایەکی مەتلوب نەگەیشتوین. بە باوەڕی من پێویستە هەردوک لای دێموکڕات پێکەوە بەو گرنگە هەستن و کومیتەیەکی هاوبەشی بۆ دانێن تا بە جیددییەتی زۆرترەوە بەدوای ئەو مەسەلە گرنگە دا بچن.

**... خۆشەویستان!**

جێگای خۆشحاڵیە کە ئەمڕۆ لە هەموو کات و ساتێک زیاتر ئاسۆی گەلی کورد بە گشتی ڕوون و پڕ دەسکەوت دیارە. لە باشووری وڵاتەکەمان بەخۆشییەوە حکوومەتێکی گەلی وەک بەرهەمی خەباتێکی دوور و درێژ و پڕکارەسات، دامەزراوە. کورد لەو بەشەی کوردستان خاوەنی سەرۆک، پارلەمانو دەوڵەتی خۆیەتی. خاوەنی هێزی لشکریی پێشمەرگەو دام و دەزگای پاراستنی خۆیەتی و لە ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی عێراقیش دا نیشانی‌دا کە دەتوانێ پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی بکا لە بەرامبەر هەر هەڕەشەیەک دا و بە خۆشییەوە بۆ یەکەم جار توانی هەموو سنورەکانی باشووری کوردستان بخاتە ژێر فەرمانی حکوومەتی هەرێم و ناوچە دابڕێنراوەکان بگێڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان.

.... بێگومان ئەو سیاسەتە ئازایانە و حەکیمانەی باشوری وڵاتەکەمان بەر لە هەموشتێک بەرهەمی یەکگرتویی هێزە خەباتگێڕەکانی و پێکهاتنی حکوومەتی نیشتمانی بنکە فراوانە کە هەموو هێزە براوەکانی هەڵبژاردنی تێدایە. هیواداریین وەک گلێنەی چاویان پارێزگاری لە و یەکیەتییە بکەن و هەرگیز و لە ژێر هیچ فشارێکی دەرەکی ، ئابووری و تەنانەت نیزامیش دا پاشەکشە لەو هەڵوێستە نەتەوەییە یان نەکەن.

هەروەها لە ڕۆژئاوای کوردستانیش کورد خەریکی پێکهێنانی بنکەکانی خۆبەڕێوەبەریە. هەڵوێستی بوێرانەی دەسەڵاتی کوردی لە و بەشەی کوردستان کە بەشداری نەکرد لە هەڵبژاردنە کارتۆنیەکەی ڕژیمی ئەسەد دا، نیشانەی ئیرادە بۆ خۆ بەڕێوەبەری یە. هیواداریین لەو بەشەش یەکیەتیەکی نەتەوەیی لە هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکان پێک بێ و پێکەوە حکوومەتێکی بنکە فراوانی نیشتمانی دامەزرێنن و لە و دەرفەتەی بۆیان هاتوەتە پێش ئەو پەڕی کەڵک وەرگرن و بە یەکگرتویی بەرگری لە دەسکەوتەکانی نەتەوەکەمان لەو بەشە بکەن.

**بەڕێزان!**

لە باکووری کوردستانیش هەتا دێ ئاسۆکە ڕونتر دەبێتەوە. حکوومەتی تورکیا هەرچەند بە هەنگاوی سست و جار و بار پاشەکشەوە، بەڵام هەتا دێ لە واقیعبینی زۆرتر نیزیک دەبێتەوە. دیارە ئەوەش لە دەرک کردنی ئەو مەسەلەیە دایە کە بۆ دەوڵەتی تورک کوردستانێکی دۆست وەک دەراوسێیەک کە دەکرێ لە باری ئابووریەوە لە ئیمکاناتە زۆرەکانی کەڵک وەرگری، زۆر باشترە لە کوردستانێکی دوژمن کە دەبێ بە ملیاردها دۆلار لە ساڵدا سەرف کەی تا بتوانی مەهاری بکەی. وێ دەچێ دەوڵەتی تورک لەوە تێگەیشتبێ کە هیچ سودێک نابینێ لەوەی کە بە هێرشی نیزامی جووڵانەوەی کورد بە چۆک دابێنێ. دەیان ساڵ ئەو سیاسەتە هەڵەیەی بەڕێوە بردوە و هیچی بۆ نەکراوە. ئەگەر لە مەودواش بەو سیاسەتە هەڵەیە کار بکا، جگە لە زیان هیچی دەست ناکەوێ. دیارە دەتوانێ زیان بە کورد بگەیەنێ، بەڵام دۆڕاوی سەرەکی بۆخۆی دەبێ. کورد لە تورکیا نەک تەنیا توانیویەتی بوونی خۆی بسەپێنێ، بەڵکو خەریکە دامەزراوە پێک دێنێ و داوای شەراکەتی دەسەڵات دەکا. خۆکاندید کردنی سەلاحەددین دەمیرتاش بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری لە تورکیا بە لانی کەمەوە نیشانەی باوەڕبەخۆبون و هەڵسوکەوتی کوردە لە ئاستێکی بەرز دا. هەروەها لەبیرمان نەچی کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان نەخشێکی زۆر کاریگەر دەگێڕێ لە سیاسەتی کورد و تەنانەت لە ڕاددەی تورکیاش دا. ڕێبەری پ.ک.ک هەرچەند لە زیندان دایە، بەڵام نەخشی ڕێبەرێک دەگێڕێ کە شوێنکاری لەسەر داهاتوی باکووری کوردستان و تورکیاش هەیە. هەر بەو پێیەش پ.ک.ک ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە داڕشتنەوەی پەیوەندییەکانی کورد و تورک لە داهاتوی ئەو وڵاتەدا. گومان لەوە دانیە بە پێشکەوتن و سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی و دێموکڕاسی لە باکووری کوردستان و تورکیە، هەم مەسەلەی کورد چارەسەر دەبێ و هەم وەڵاتی تورکیە هەنگاوی گەورەتر بەرەو پێشکەوتن داوێ.

بە لام ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەداخەوە لە هەلومەرجێکی تەواو جیاواز دا دەژی. لە لایەکەوە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی تا ئێستاش هەر بە مێتۆدی کۆن و لە ڕێگای سەرکوت و بە ئەمنییەتی کردنی مەسەلەی کوردەوە دەڕوانێتە مەسەلەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی نێو ئێران و تا ئێستا توانیویەتی بە ئێعدام، هێرشی نیزامی و لشکرکێشی ئاورەکە لە ژێر خۆڵەمێش دا ڕابگرێ. ڕەنگە بۆ هێندێک هێز و لایەن و بۆ هێندێک کەس ئەوە بەمانای سەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی لە سەرکوتکردنی خەباتی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران لە قەڵەم بدرێ. بەڵام گومانم لەوە دا نییە کە دۆڕاوی سەرەکی لەو یارییە سیاسیەدا حکوومەتی کۆماری ئیسلامی و شۆوێنیزمی ئێرانییە. ئەوان خۆیان زۆر بە زیرەک دەزانن، بەڵام وەک دەڵێن دەعبای زیرەک بە دەندونکێ پێوە دەبێ. زۆر دەمێکە سیاسەتوانانی ئێرانی پێیان وایە دەتوانن فێڵ لە خەڵکی خۆیان و هەموو جیهانیش بکەن. بەڵام لە ئاخری دا ئەوەی بە دوا کەوتویی ماوەتەوەو لەو سەردەمەدا نەی توانیوە ڕێگای پێشکەوتن بپێوێ، هەر ئەوانن. وەڵاتێکی بەهێز، بە ئیمکاناتێکی زۆری سروشتی وەک نەوت گازەوە و بە خەڵکێکی زیرەک و لێهاتووەوە، ئێستا چەندین هەنگاو لە دوای تورکیایەکی بێ نەوت وگازە و تەنانەت لە سیاسەتی ناوچەیی و نێونەتەوەیش دا پێێ دۆڕاندوە. لە حاڵێک دا لە ڕووی مێژوویی و فەرهەنگییەوە ئێران لە کورد نیزیکترە، بەڵام ئەوە تورکیایە کە کەڵکی زیاتری ئابووری لەو دەرفەتە وەردەگرێ کە لە باشووری کوردستان هاتوتە ئاراوە. کاربەدەستانی ئێرانی غیرەتی گۆڕینی سیاسەتی خۆیان نییە. هەر لە مێتۆدە دواکەوتوەکەی ئەمنییەتی و نیزامی کەڵک وەردەگرن و پێیان وایە دەکرێ و دەتوانن لەم سەردەمەش دا بە ئێعدام و کوشتار و گرتن و ڕاونان دژبەرانی خۆیان لە مەیدان وەدەرخەن. ئەوان بە بیانوی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران کە بە زۆر و ستەم پێکیانەوە لکاندوە، نەتەوەکانی ئێران سەرکوت دەکەن و ئینکاری پێکهاتەی فرەنەتەوە بوونی ئێران دەکەن. ئەوان بەداخەوە لەو ڕاستیە تێناگەن کە سەردەمی ئەو مۆدێلە بەسەر چوە و ڕاست ئەو سیاسەتە دەبێتە هۆی پارچەبوونی ئێران. چونکە چیدی نەتەوەکانی ئێران و لە پێش هەموویانەوە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناتوانن ئەو سیاسەتە شۆوێنیستی و دژ بە مرۆڤایەتیە قەبوڵ کەن و ئەگەر هەر بەو جۆرە ئینکار بکرێن و مەسەلەکەیان لە چوارچێوەی ئێران دا جێ بەجێ نەبێ، بێگومان بڕیار لە چارەنوسی خۆیان دەدەن و لەو مەینەتیە دێنە دەر. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە هەل و مەرجیش بۆ ڕزگاری نەتەوە ژێر دەستەکان و بەتایبەت گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتی دنیا کە کوردە زۆر گۆنجاوە. جێگای نیگەرانیو داخە کە تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری ئێرانیش، چ لە ناوخۆی وڵات و چ لە دەرەوەی وڵات، تا ئێستاش هەرلە چوارچێوەی سیاسەتی ئینکاری دوای جەنگی جیهانی یەکەم دا قەتیس ماوەو ئێستاش پێی وایە تەنیا ڕێگای پاراستنی سنووری جوغڕافیایی ئێران، ئینکاری فرەنەتەوە بوونی ئێرانە. دەنا دەبوو دەمێک بێ هەموویان فیدڕاڵی نەتەوەییان قەبووڵ کردبایە کە تەنیا ڕێگایە بۆ پاراستنی ئێران لە دابەش بوون و بۆ وەدی هێنانی دێموکڕاسی لە ئێران و بۆ ڕیعایەت کردنی مافی مرۆڤ و بۆ ئاوڕدانەوە لە مافەکانی ژنان و چین و توێژە جیاوازەکان و بەکورتی تەنیا ڕێگای پێشکەوتنی ئێرانە. جێگای خۆیەتی لانی کەم ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و ڕوناکبیرانی ئێرانی هەست بەو زەرورەتە بکەن تا درەنگ نەبوە.

**بەڕێزان!**

لە لایەکی دیکەشەوە جووڵانەوەی کورد بە سەردەمێکی زۆر دژوار دا تێدەپەڕێ. زوڵم و زۆری ڕێژیم و خراپی باری ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی لە لایەک و پرش و بڵاوی نێو حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان، سستبونی هیوا بە کاری سیاسی و حیزبایەتی، نا ئومێدی ڕوناکبیرانی سەربەخۆ لە لایەکی دیکەوە، تا ڕاددەیەک سستی بەسەر جووڵانەوەی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان دا هێناوە. بەڵام گومانم لەوە دا نیە کە ئەو دەورانی پرش و بڵاوی و نائومێدیەش بەسەر دەچێ. ئەو هێزانەی کە هۆکاری سەرەکی بۆ پرش و بڵاوی هێزەکانن، ڕۆژێک تێدەگەن کە ئەم وەزعە بەر لە هەموو لایەک بە زیانی ئەوانە.

.... ئەوەندەی پێوەندی بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە بێ، کار کردن بۆ یەکڕیزی نەتەوەیی بە ئەرکی خۆی دەزانێ. چ لە بواری وەسەریەکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکڕاتەوە بێ و چ لە بواری پێکهێنانی یەکیەتیەکی نەتەوەیی بنکە فرەوان ترەوە بێ هەمو کاتێک کاری بۆ کردوە و لە مەودواش بە گوڕتر لە جاران کاری بۆ دەکا.

جارێکی دیکە سپاستان دەکەم بۆ بەشداری لە یادی شەهیدانی وییەن دا و بۆ ڕاگەیاندنی وەفاداریتان بە ئامانجی شەهیدان بەگشتی و قاسملوی ڕێبەر بەتایبەتی.

هەر سەرکەوتو بن.

### قسەکانی دوکتور ئاسۆی حەسەن زادە

# لە سیمیناری ٢٥ ساڵەی تێرۆری دوکتور قاسملوو لە پارلمانی ئینگلستان

**بەڕێزان!**

بۆ من شەرەفێکی گەورەیە کە لەم شوێنە بەپرستیژەم بۆ ئەوەی سەبارەت بە دوکتور قاسملوو و خەباتی کوردەکان لە ئێران قسە بکەم. سوپاسی پارلمانی بریتانیا دەکەم بۆ وەخۆگرتنی ئەم یادە پیرۆزە.

ئێمە سەرلەنوێ لێرە کۆ بووینەوە هەتا یادی عەبدولڕەحمان قاسملوو بکەینەوە کە بیست و پێنج ساڵ پێش ئێستا بە دەستی هەر ئەو کەسانە تێرۆر کرا کە بەڕواڵەت هاتبوون لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە سەبارەت بە چارەسەرێکی سیاسیی پرسی کورد لە ئێران وتوویژی لەگەڵ بکەن.

دوکتور قاسملوو شایانی ئەوەیە بەردەوام یاد بکرێتەوە و ڕێزی لێبگیرێ. ئێمە یەکجار زۆر قەرزداری ئەوین. ئەو تەواوی ژیانی خۆی خستە خزمەت ئازادیی گەلی کورد و هەموو هەوڵێکی دا هەتا مەسەلەی کورد بە دنیا بناسێنێ، لە سەردەمێکدا کە کوردەکان تەنانەت خراپتر لە ئێستاش سەرکوت دەکران و حاشا لە مافەکانیان دەکرا، سەردەمێک کە لەودا کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بەحاڵ ئاگاداری بارودۆخی خراپ و تەنانەت مەوجودییەتی گەلی ئێمە بوو. هەربۆیە ئەم بۆنەیە بۆ یادکردنەوەی دوکتور قاسملوو نیشانەی ئەمەگناسیی ئێمە لەحاند خزمەتەکانی دوکتور قاسملوو بە نەتەوەکەیدایە.

هەر لەو کاتەدا، کەسایەتی و بیروباوەڕی قاسملوو دەبێ لەو خەباتەدا کە ئەمرۆ ئێمە بۆ ئازادیی گەلەکەمان و بۆ دێموکڕاسی لە وڵاتەکەماندا بەڕێوەی دەبەین ڕێنیشاندەرمان بێ. هەربۆیە یادکردنەوەی دوکتور قاسملوو تەنیا وەبیرهێنانەوەیەکی سەمبولیک نیە. بۆ ئێمە کوردەکانی ئێران کە بکوژانی قاسملوو هێشتا چنگیان بەسەر وڵاتەکەماندا گرتووە و بارودۆخی ژیئۆپۆلیتیک و نێونەتەوەییش هێشتا هانابەخشمان نیە، ئەم یادکردنەوەیە کردەوەیەکی سیاسیشە.

ئەگەر قاسملوو ئەوەندە لە یادەوەری سیاسی و بەکۆمەڵی کوردەکان بەتایبەتی لە ئێراندا زیندوویە، ئەمە تەنیا لەبەر کاریزما و کەسایەتیی بەڕاستی بێوێنە و فرەڕەهەندی ئەو نیە. بەڵکوو لە سەرووی هەموو شتێکەوە لەبەر ئەوەیە کە قاسملوو هێمای مێژوویەکی بەردەوام و زیندوویە. قاسملوو هێندێک خیسڵەتی بە خەباتی کوردەکانی ئێران بەخشی کە ببوونە هۆی ئەوە کە ئەو خەباتە تەنیا لە هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی ئەواندا خۆی کورت نەکاتەوە. قاسملوو و لە ڕێگەی ئەویشەوە حیزبەکەی و خەباتەکەی لەڕاستیدا دژە مۆدێل و ئانتی تێزی جەهانبینی و فەلسەفەی حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامی بوون. هەر ئەم دژایەتییە ئاشتی هەڵنەگرە و خەباتی بەکردەوەی قاسملووش بەدژی ئەو ڕێژیمە بوون کە کۆماری ئیسلامییان هێنابووە سەر ئەوە کە قاسملوو وەک ئامانجێکی سەرەکی بخاتە

**قاسملوو هەر بەتەنیا پیاوی بیر و تیئۆری نەبوو، پیاوی کردەوەش بوو، لەگەڵ ئازایەتییەکی کەموێنە و توانایەکی گەورە بۆ داهێنان و دەسپێشخەری و ریسک کردن. چ لەسەردەمی ژیانی ئەکادیمییدا و چ بەدرێژایی ژیانی سیاسیی، هەڵوێستە بوێرەکانی زۆر جار تووشی کێشە و گیروگرفتیان کردبوو**

نێو لیستی ئەو دژبەرانەی دەیویست لە دەرەوەی وڵات لەنێویان بەرێ. لەڕاستیدا شەپۆلی چڕ و تازەی کوشتاری نەیارانی ڕێژیم لە دەرەوەی وڵات لەدوای کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران و عیراق بە تێرۆری دوکتور قاسملوو دەستی پێ کرد.

لە ڕۆژهەڵاتێکی نێوەڕاستدا کە بەدەست ئیفراتیگەری و دابەشبوونەکانەوە هەنجن هەنجن ببوو، قاسملوو نوێنەرایەتیی چەشنێک لە عەقلانییەت و هاوسەنگیی دەکرد. لەکاتێکدا بۆخۆی بەرهەمێکی ئاڵۆزییەکانی کۆمەڵگای خۆی و سەردەمی خۆی بوو، قاسملوو دەیویست ڕۆڵی ئاشتکەرەوەیەکی ئەو دژایەتی و ناتەبایەیانە بگێڕێ کە پرسی کورد و مەسەلەی دێموکڕاسی لە ناوچەیاندا دەورە دابوو. ئەو کە دواتر بووە مارکسیستێک و ڕێبەرێکی ناسیۆنالیستی کوردی لێ دەرچوو، ساڵی ١٩٣٠ لە دایکێکی مەسیحیی ئاسووری و باوکێکی فئودال کە بەشداریی لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ دا کردبوو، لە دایک ببوو. لەحاڵێکدا کە لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتووەوە هاتبوو، هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی تێکۆشانی سیاسی بەدژی ڕێژیمی شا، ڕێگای مۆدێرنیتە و زانستی لە پاریس و پاشان لە پراگ گرتبووە بەر و خوێندنی لەبواری ئابووری‌دا تەواو کردبوو. بەڵام فراوانیی ئاسۆی بیری و خۆشەویستیی بۆ زانست و فێربوون وای کردبوو کە شارەزایەتییەکی زۆر لە بواری پسپۆڕییەکەی ئەولاتر بێ. ئەو کە نزیک بە دە زمانی زیندووی دنیای دەزانی، بەسەر بوارەکانی وەک مێژوو و ئەدەبیاتیشدا زۆر زاڵ بوو و هەموو ئەوانەی دیتبوویان و لەگەڵی دانیشتبوون هەستیان بەوە کردبوو کە لەگەڵ ئەنسیکلۆپیدیایەکی زیندووی فەرهەنگ بەرەوڕوون.

بەڵام قاسملوو هەر بەتەنیا پیاوی بیر و تیئۆری نەبوو، پیاوی کردەوەش بوو، لەگەڵ ئازایەتییەکی کەموێنە و توانایەکی گەورە بۆ داهێنان و دەسپێشخەری و ریسک کردن. چ لەسەردەمی ژیانی ئەکادیمییدا و چ بەدرێژایی ژیانی سیاسیی، هەڵوێستە بوێرەکانی زۆر جار تووشی کێشە و گیروگرفتیان کردبوو، بەڵام ئەو هەمیشە ئەوەی پێ باشتر بوو تا ئەوە کە پرەنسیپەکانی خۆی وەژێر پێ بنێ و حاشایان لێ بکا. لەنێو هەموو ئەو پرەنسیپانەشدا سەربەخۆیی سیاسی بۆ ئەو لە هەموویان گرینگتر بوو و قەت حازر نەبوو سەربەخۆیی خۆی بە پێویستییەکانی پشتیوانی و هاوپەیمانی بگۆڕێتەوە.

قاسملوو بەقووڵی باوەڕی بە مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد هەبوو، بەچەشنێک کە دەیگوت ئەگەر ڕۆژێک کوردەکان دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن کە هەموو کوردستان وەسەریەک بخاتەوە، ئەمە تەجزیەتەڵەبی نیە بەڵکوو یەکگرتنەوەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، بە ناسیارییەک کە لە ئاڵۆزیی پرسی کورد و واقیعییەتە ژیئۆپۆلیتیکەکانی ئەوسای هەبوو، ئەو بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لەنێو ئێرانێکی دێموکراتیکدا خەباتی دەکرد. بەڵام دانانی خەباتەکەی لە چوارچێوەی ئێراندا بە مانای پشتگوێ خستنی بەستراوەیی و هاوپێوەندیی لەگەڵ کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان نەبوو و لەو باوەڕەدا بوو کە بزوتنەوەی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان دەبێ ئاگای لە بەرژەوەندییەکانی کورد لە پارچەکانی دیکە بێ، بەتایبەتی لە کانتێکستی پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا.

سەرەڕای ئیمانی پتەو و پرەنیسپە ڕوونەکانی، قاسملوو سیاسەتمەدارێکی پراگماتیست بوو کە حازر نەبوو بچێتە ژێر باری دیکتاتۆڕیی دۆگمەکان. لەحاڵێکدا ئەو مرۆڤێکی بەتەواوی مانای وشە لائیک بوو، پاش ئینقلابی ١٩٧٩ی ئێران و تەنانەت پاش بایکۆت کردنی ریفراندۆمی کۆماری ئیسلامی وەک تەنیا نوێنەری لائیکی مەجلیسی خوبرەگان هەڵبژێردرا. کاندیداکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەروەها لە یەکەمین هەڵبژاردنی پارلمانیی پاش ئینقلابیشدا بەشدارییان کرد. بەڵام ڕێژیمی نوێ هەڵبژاردنی ئەوانی هەڵوەشاندەوە و قاسملوو بۆخۆیشی بەهۆی مەترسی بۆ سەرگیانی و هەڕەشەی ڕاستەوخۆی شەخسی ئایەتوڵڵا خومەینی هەرگیز لە کۆبوونەوەکانی مەجلیسی خوبرەگاندا بەشدار نەبوو.

قاسملوو هەمیشە ڕێگاچارەی سیاسی و ئاشتیخوازانەی کێشەکانی تەرجیح دەدا. پاش ئەوەی خومەینی فەتوای جیهادی بەدژی کوردستان دەرکرد، ئەو قبووڵی کرد لەگەڵ ئەو ڕێژیمەدا کە بە ڕێژیمێکی سەردەم بەسەرچووی دەزانی دەست بە وتوویژ بکا. ئەو پاش کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران و عیراق بۆ جارێکی دیکە ئەم کارەی کرد. بەڵام دەرکەوت کە وتوویژەکانی یەکەم شتێک نەبووە جگە لە تاکتیکێک لەلایەن ڕێژیمەوە هەتا بۆ داگیرکردنەوەی ناوچە کوردییەکان کات بکڕێ و وتوویژی دووەمیش داوێک بوو بۆ کوشتنی قاسملوو.

ئەخلاقی سیاسی کە ئەوەندە لەلای قاسملوو گرینگ بوو لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا جێبەجێی دەکرد. لەحاڵێکدا ئەو جیهانەی ئەو لێی هاتبوو و تێیدا خوێندبوو لەو سەردەمەدا تەواو کەوتبووە ژێر کاریگەریی ئایدئۆلۆژیی کۆمۆنیستی، ئەو دوودڵ نەبوو لەوە کە بەدژی دەخالەتی سۆڤیەتی لە چیکوسلۆواکی لە ساڵی ١٩٦٨ ڕاوەستێ. ئەو هەروەها لە مەحکوم کردنی گرتنی سەفارەتی ئەمریکا لە تارانیش لە ساڵی ١٩٧٩دا دوودڵیی نەکرد. بەلەبەرچاوگرتنی فەزای دژە ئیمپریالیستیی ئەو سەردەمە، ئەم هەڵوێستانە بەتەواوی ریزپەڕ (ئیستسنا) بوون. دواتر لە ساڵەکانی ١٩٨٠دا لەحاڵێکدا ڕێبەرایەتیی خۆڕاگریی چەکدارانەی بەدژی ڕێژیمی ئێران دەکرد، دوکتور قاسملوو سۆسیالیزمی دێموکڕاتیکی هێنایە نێو پرۆگرامی پارتەکەی. ئامانجی ئەو لەو کارە ئەوە بوو کە هەم مەودایەک بخاتە نێوان خۆی و حیزبەکەی لەگەڵ سۆسیالیزمی مەوجوود بەهۆی نەبوونی دێموکڕاسی تێیدا و هەم ئەو سەرنج و پشتیوانییەی لە ڕۆژئاوا بەدوایدا دەگەڕا باشتر پاساو بدا و ڕێگەی بۆ خۆش بکا.

قاسملوو ئەو ڕێبەرە کوردە بوو کە زۆرترین هەوڵی بۆ بەنێونەتەوەیی کردنی مەسەلەی کورد دا. لە سەردەمێکدا کە جیهانی دەرەوە سەرنج و هۆگرییەکی زۆر کەمی بۆ پرسی کورد لە خۆی نیشان دەدا، ئەو پێی وابوو کە کوردەکان نابێ پێوەندییەکانیان تەنیا لەسەر بنەمای پێوەری ئیدئۆلۆژی دابمەزرێنن. بەم چەشنە ئەو پێوەندیی دۆستانەی لەگەڵ سۆسیال دێموکڕاتەکانی ئورووپا




**لە ڕۆژهەڵاتێکی نێوەڕاستدا کە بەدەست ئیفراتیگەری و دابەشبوونەکانەوە هەنجن هەنجن ببوو، قاسملوو نوێنەرایەتیی چەشنێک عەقلانییەت و هاوسەنگیی دەکرد**

دامەزراند کە زۆربەیان یەکجار زۆر کەوتنە ژێر کاریگەریی کەسایەتی و ڕوانگەی سەرووئاسایی دوکتور قاسملوو. ئەو هەروەها بڕیار بوو چەند ڕۆژێک پاش ئەو ڕۆژەی تێیدا تێرۆر کرا سەردانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکا. جێگەی داخە و فردریک تیسۆ لێرە دەتوانێ ئەو قسەیەم تەئید بکا کە سەرەڕای خیسڵەتی ڕەوا و پێشکەوتنخوازانەی خەباتەکەی، سەرنج و پشتیوانییەک کە دوکتور قاسملوو بۆ ئەو خەباتەی وەدەست هێنا تەنیا مرۆڤدۆستانە بوو. دیارە یارمەتیی مرۆیی لەو سەردەمە سەختەدا بۆ گەلی ئێمە یەکجار بەنرخ بوو و کوردەکانی ئێران بۆ هەموو ئەو شتانەی کەسانی وەک دوکتور تیسۆ ئەوکاتە بۆ گەلەکەمانیان کرد، ئەمەگناسیان.

لەحاڵێکدا دوکتور قاسملوو شۆڕشگێڕێک و سەرکردەیەکی کاریسماتیک بوو، ئاشقی ژیان و هیومانیستێکی مەزن و دێموکڕاتێکی واقیعی بوو. ئەو دژی فەردپەرەستی بوو و دەیتوانی وەک پێشمەرگەکانی لە سەختترین بارودۆخی ژیاندا بژی. ئەو پێی وابوو کە خەبات بۆ مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد نابێ ببێتە هۆی پشتگوێ خستنی ئیدئالەکانی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانیی نێوان مرۆڤەکان، بەتایبەتی یەکسانیی نێوان ژن و پیاو. هەروەها پێی وابوو ئەوە کە ئێمە بەدژی ڕێژیمێکی دڕندە خەبات بکەین کە ڕێز لە هیچ شتێک ناگرێ – نە یاسای نێونەتەوەیی و نە تەنانەت ڕێساکانی خۆیشی– نابێ پاڵمان پێوە بنێ کە ئێمەش بە نۆرەی خۆمان بەهاکانمان سەبارەت بە کەرامەتی مرۆڤ بەتایبەتی لە مەیدانی شەڕدا ژێر پێ بنێین. بەم چەشنە بوو کە ئەو فێری پێشمەرگەکانی خۆی کرد کە لەگەڵ دیلەکانی شەڕ بە باشی ڕەفتار بکەن و هەمیشە ئازادیان بکەن. هەروەها فێری پێشمەرگەکانی کرد کە لە پەنابردن بۆ مێتۆدی تێرۆریستی خۆ ببوێرن، ئەگەرچی زۆر باش دەیزانی کە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە کە مێدیاکانی جیهان کەمتر باسی خەباتەکەی بکەن.

**دۆستانی خۆشەویست!**

ئەگەر گوتم کە داستانی قاسملوو داستانێکی بەردەوامە ئەوە هەروەها لەبەر ئەوەیە کە بۆ ئێمە بیرەوەریی دوکتور قاسملوو بریتییە لە برینێکی ئاوەڵا. ئاوەڵا چونکە ئێمە تەنیا بەدەست پیلانێکەوە ماتەمبار نین کە بەشێوەی نائینسانی و بە کەڵکی خراپ وەرگرتن لە حوسنی نیەتی ئینسانێک، گەلەکەمانی لە ڕێبەرێکی بێوێنە بێبەش کرد. ئێمە هەروەها بەهۆی ئەو ئابڕووچوون و ناعەداڵەتییەوە بێزار و تووڕەین کە دەوڵەتی ئوتریش بە ئازادکردن و ئیسکۆرت کردنی تێرۆریستەکان بۆ پەروازی «ئێران ئەیر»ی فڕۆکەخانەی ڤییەن ئەنجامی دا. ئەم جینایەتە هیچ لێکەوتێکی قەزایی کاریگەری نەبوو و ڕێگە بە جێبەجێ بوونی عەداڵەت نەدرا. بەخۆشییەوە ئەو شانتاژە ئابووری و ئەمنیەتییانەی دەوڵەتی ئوتریش تەسلیمیان بوو نەیانتوانی پێش بەوە بگرن کە لە ساڵی ١٩٩٧دا قازییەکانی ئاڵمان لە کەیسی میکۆنۆسدا سەبارەت بە تێرۆری جێگرەوەی قاسملوو، سادق شەرەفکەندی، ڕابگەیەنن کە پایەبەرزترین کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بەرپرسیاری ئەو ماشێنی تێرۆرەن کە ئەو حکومەتە بۆ لەنێو بردنی نەیارانی خۆی لە دەرەوەی وڵات دایمەزراندووە.

بەشێوەیەکی گشتی‌تر، لەحاڵێکدا کە مافە هەرە سەرەتاییەکانی کوردەکانی ئێران بەشێوەی ئاشکرا و سیستماتیک هەروا پێشێل دەکرێن، قبووڵی ئەوە کە کۆمەڵگای جیهانی هێشتا چارەنووسی ئەو گەلە پشت گوێ دەخا، ئاسان نیە. چۆن دەکرێ قبووڵی بکەین کە تەواوی پرسی مافی مرۆڤ و دێموکڕاسی بەهۆی مشت و مڕەکانی نێوان کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و ڕێژیمی ئێران لەسەر پرسە ئەمنیەتەکانی وەک دۆسیەی ناوکی و ئەمڕۆش قەیرانی سووریە و عیراق بکەوێتە پەراوێز؟ درەنگ یا زوو دەوڵەتی ئوتریش و بنیاتە ئورووپاییە پێوەندیدارەکان دەبێ ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتیی ئەخلاقیی خۆیان ببنەوە و قبووڵی بکەن کە ڕێگەدان بە پێڕاگەیشتنی کەیسی تێرۆری قاسملوو هەر تەنیا ڕەوا و ئەخلاقی نیە، بەڵکوو لەباری سیاسیشەوە بەبەرهەم دەبێ. درەنگ یا زوو، دەسەڵاتە نێونەتەوەییەکان دەبێ ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییە ببنەوە کە بەبێ هەبوونی دەوڵەتانێکی بەرپرسیار لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە لەپێشدا ڕێز لە مافی هاووڵاتیانی خۆیان بگرن، ئاشتی و تەبایی نێونەتەوەیی کە ئەمنیەتی میللی و تەنانەت قازانجی ئابووریی ئەو دەسەڵاتانەی پێ بەستراوەتەوە، واقیعی و پایەدار نابێ.

**دۆستانی خۆشەویست!**

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە هەموو کاتێک زیاتر لە جۆش و خرۆشدایە. سەرەڕای ڕێژەیەکی هەرگیز نەدیتراو لە توندوتیژی و وەحشیگەری، و سەرەڕای مەترسیی جۆراوجۆر لە دەوروبەری ئێمە، هێندێک پەنجەرەی نوێ خەریکن بەڕووی پرسی کورددا دەکرێنەوە. لە خۆم دەپرسم ئایا ئەوە قاسملوو بوو کە زۆر لەپێش سەردەمی خۆیەوە هاتبوو یان ئەوە مێژوو بوو کە مەوعیدی خۆی لەگەڵ قاسملوو لەکیس چوو؟ ئیجازەم بدەن هیوادار بم کە بیرەوەریی قاسملوو و دەرس و ڕێنوێنییەکانی، بەرچاو و بەرپێی هەموومان لەسەر ئەو ڕێگا سەخت و درێژە کە بۆ وەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد و بەگشتی بۆ ئاشتی و دێموکڕاسی لە ناوچەدا لەپێشمانە، ڕووناک بکاتەوە.

سوپاسی سەرنجتان دەکەم.

کوردستان
ڕۆژنامەی ژمارە: ٦۳٦

### قسەکانی د. فرێدریک تیسۆ کۆنسولی پێشووی فەڕانسە لە کوردستان

# لە سیمیناری ۲۵ ساڵەی شەهیدبوونی د. قاسملوو لە پارلمانی بریتانیا



ئەمن یەکجار زۆر خۆشحاڵ و هەژاوم کە ئەمرۆ لێرە لەگەڵتانم بۆ یادکردنەوەی کەسێک کە ئەمن بە مامۆستای خۆمم دەزانی، واتە دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو کە هەروەک هەموو دەزانن بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر بەدەستی ڕێژیمی ئێران تێرۆر کرا. ئەمساڵ چەندین ڕێوڕەسم بەو بۆنەوە لە گۆڕستانی پێرلاشێز و هەروەها لە پارلمانی فەڕانسەش بەڕێوە چوون.

کەس دوکتور قاسملووی لەبیر نەچۆتەوە. کەس ناتوانێ دوکتور قاسملوو لەبیر بکا. هەموو ئەوانەی دەیانناسی دەزانن کە چەندە زیرەکییەکەی و ڕوانینی ئەو بۆ جیهان هیوابەخش بوو. ئەو کەسێک نەبوو کە سیاسەت تەنیا لە گەیشتن بە دەسەڵات و پۆستێکدا ببینێ. بنەمای خەبات و تێکۆشانی وی بەڕاستی بیروباوەڕ بوو و لەبیروباوەڕیشیدا هەتا سەر دەچوو و پێی وابوو کە دەبێ بە تەواوی ئەو نەخشە بنوێنێ کە مێژووی میللەتەکەی لێی داوا دەکا.

ئەمن بەختی ئەوەم هەبوو کە لە مانگی فێبریوارییی ۱۹۸۱ دا لەگەڵی ئاشنا بووم، لە شوێنێک کە بۆ پاراستنی لە بۆمبارانی دژمن دروست کرابوو. ئەو بە تەواوی لە خزمەت مەسەلەی کورددا بوو. پرسیاری سەرەکییش ئەوە بوو کە ئایا دەکرێ بە ئاشتی بگەین بەبێ ئەوەی ئامادە بین لەگەڵ دژمن وتووێژ بکەین؟ هێندێک کەس ئێستاش لۆمەی دوکتور قاسملوو دەکەن کە بۆخۆی ڕاستەوخۆ و بە قیمەتی گیانی خۆی لەگەڵ دژمنەکەی دانیشتووە. بەڵام بەڕاستی ئەگەر دوکتور قاسملوو باش بناسین، دەکرێ لەوەدا کە لۆژیکی ئاشتیخوازانەی خۆی تا سەر جێبەجێ کردووە و گیانی خۆی لەو پێناوەدا بەخت کردوە لۆمەی بکەین؟

ئەمن ئەو پیاوەم پڕ بەدڵ خۆش دەویست، مرۆڤێکی باش و ڕاستگۆ کە قەت حازر نەبوو لەپێناوی ناسران و دانپێدانانی خەباتەکەیدا پەنا بۆ تێرۆریزم بەرێ. ئەوەی قاسملوو خەباتی بۆ دەکرد شتێک نەبوو جگە لە هەقی مان و مەوجوودییەتی گەلەکەی لەنێو ئێرانێکی دێموکراتیکدا و بەڕەسمی ناسران و گەشەسەندنی ناسنامەی گەلەکەی، مافی ئەوە کە کوردەکان بتوانن زمان و فەرهەنگی خۆیان بۆ منداڵەکانیان بگوازنەوە. ئەمانە شتێک بوون کە ئەودەم لە ئێراندا ڕێگەیان پێ نەدەدرا و بەداخەوە ئێستاش هەر مافی کوردەکان لەو وڵاتەدا بەڕەسمی نەناسراوە و ڕێزی لێ ناگیرێ.

ئەمن بەڕاستی قاسملووم خۆش دەویست. قاسملوو مامۆستایەکی بە تەواوی مانای وشە بوو. ئەو ناوچەی خۆی و گەلەکەی خۆی و هەموو کۆت و بەندەکانی ژیئۆپۆلیتیکی ئەو ناوچەیەی گەلی کوردی بەسەر چەند پارچەدا دابەش کردبوو بەباشی دەناسی. ئەمن زۆر شت لەو پێوەندییەدا لەو فێر بووم. بەتایبەتی ئەوە کە چۆن لە پاش کۆماری کوردستان لە مەهابادەوە فەزای سیاسی جاری وابوو کەمێک کرابۆوە و زۆربەی کاتیش بەتەواوی داخرابۆوە. ئێمە ئەو کاتە پزیشک بووین و لەسەر داوای دوکتور قاسملوو چووبووینە کوردستان هەتا کەمێک یارمەتیی پزیشکی بە خەڵکی کورد بگەیەنین، چونکە ئەو کاتە کوردستان هیچ خزمەتێکی پزیشکیی لێ نەمابوو.

ئەمن ئەمرۆ لێرەم هەتا لەگەڵ دۆستانی کوردمان لە لەندەن و لەگەڵ ئەو بریتانیاییانەی پشتیوانی لە کورد دەکەن ڕێز لە یادی دوکتور قاسملوو بگرین. دەستخۆشیش بە پارلمانی ئینگلستان دەڵێم کە لەم دواییانەدا هەنگاوی گەورەی لەبواری بەڕەسمی ناسینی کۆمەڵکوژیی کورداندا هەڵێناوەتەوە.

ئەمن تا ماوەیەک پێش ئێستا بۆ ماوەی پێنج ساڵ کۆنسولی گشتیی فەڕانسە لە هەولێر بووم. ئەمە شتێک نەبوو جگە لە درێژە و سەرەنجامی بەسەرهاتێکی کوردی کە لەگەڵ دوکتور قاسملوو دەستم پێ کردبوو.

لەم کات و ساتەدا ناتوانم ئیشارەیەکیش بە بارودۆخی کوردستانی عیراق نەکەم. بیر بکەنەوە ئەگەر ئەمرۆ دوکتور قاسملوو مابا گفتگۆی چەندە سەرنجڕاکێشمان سەبارەت بە بارودۆخی ئێستا لەگەڵی دەبوو. بێگومان نە دەزانم ئەگەر مابا ئەمرۆ چی دەگوت و نە دەشمهەوێ بە زمانی ئەوەوە قسە بکەم. بەڵام ئەوەی دەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە مێژوو دووبارە نابێتەوە مەگەر لە هەڵەکانیدا. بەڵام کاتێک ئومێدێک هەیە، کاتێک پەنجەرەیەک دەکرێتەوە، وا باشە بە هەڵەشە پڕی نەدەینێ. پێویستە پەنجەرەکە بە کراوەیی بێڵینەوە هەتا دەرفەتی گونجاو ڕێک کەوێ کە لە ڕێگەیەوە دەستمان وەودیوی پەنجەرەکە ڕابگا. وێنای ئەم پەنجەرە کراوەیە بۆ من تەواو واقیعی ئەمرۆی کوردستانی عیراق دەردەخا.

ئێمە مێژووی عیراق و لەبەریەکهەڵوەشانی ئیمپراتۆریی عوسمانی لەسەر دەستی فەڕانسە و بریتانیا لە ساڵی ۱۹۱٦ دا دەناسین. دەشزانین لەو سەردەمەدا دەسەڵاتە ڕۆژئاواییەکان چ بەشێکیان دایە گەلی کورد بەگشتی و گەلی کورد لە عیراق بەتایبەتی. بەشەکەش جگە لە حاشاکردن لە مافەکانی کورد و سەرکوتی ئەم گەلە لەلایەن ڕێژیمی بەغداوە شتێکی دیکە نەبوو. لەحاڵێکدا عیراق وڵاتێکی عەرەبی نیە، بەڵکوو وڵاتێکە بە دوو نەتەوە و چەندین کولتورەوە. ئەم کولتورانە ئەمرۆ بە زمانی توندوتیژی خۆیان دەردەخەن.

وەک خۆم پێم وایە ئەمرۆ کاتی ئەوە هاتووە کە گەلی کورد بە سەربەخۆیی بگا، مافێک کە لە مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان و مەنشووری مافی مرۆڤدا بەڕەسمی ناسراوە. هەر بەڕاست پێتان وایە ئەگەر ئەمرۆ دوکتور قاسملوو مابا، بە هۆکاری ژیئۆستراتژی کە دیپلۆماتەکان زۆریان حەز لێیە، دژایەتیی لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستانی عیراق دەکرد؟ ئەمن بۆخۆم باوەڕ ناکەم کە وای کردبا.

ئەمە ئەو چەند بیر و هەستە بوو کە ویستم لەو دەرفەتەدا لەگەڵ ئێوەی بەش بکەم. سوپاسی ئەو کەسانە دەکەم کە ئەو ڕێوڕەسمەیان وەڕێ خستووە و سپاسیان دەکەم کە منیان دەعوەت کرد بۆ ئەوەی لە هەژانی یادکردنەوە و ڕێزگرتن لە دوکتور قاسملوودا لەگەڵتان بم. هیواداریشم ساڵێکی دیکە هەر دوو لای دێموکڕات پێکەوە لەگەڵ دۆستانی دوکتور قاسملوو یەک ڕێوڕەسمی هاوبەش لە گۆڕستانی پێرلاشێز بەڕێوە بەرن، نەک دوو ڕێوڕەسمی جیاواز. ئەم کارە دەتوانێ پەنجەرەیەک بەسەر کوردەکانی ئێرانیشدا بکاتەوە.



## بەڕێوەچوونی کۆڕیادی ۲۵ ساڵەی شەهیدانی ڤییەن

**ئۆسلۆ**

ڕێکەوتی ۲۱ی پووشپەڕو لە ۲۵ساڵەی تێرۆری شەهیدانی ڤییەن‌دا بۆ یادو بیرەوەریی شەهید دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی کۆڕیادێکی بەرین لە ئۆسلۆی پێتەختی نۆرویژ بەڕێوەچوو..

لەو کۆڕیادەدا کە لەلایەن کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و بە بەشداریی سەدان کەس لە ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتانی سوئێد، نۆرویژ، دانمارک‌و فینلاند بەڕێوە چوو، مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب‌و بەرپرسی کومیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزب؛ ئەحمەدی ڕەئفەت، نووسەرو ڕۆژنامەنووس؛ دکتور گوڵمراد مرادی، وتەبێژی ئەنجومەنی نێونەتەوەیی قەڵەمی ئێران‌و؛ یان بۆیەر، نووسەرو دۆستی گەلی کورد، هەر کام لە سەر لایەنێکی ژیانی سیاسی دکتور قاسملوو قسەیان کرد.

ئەحمەد ڕەئفەت لە باسەکەی‌دا، وەک قوتابییەکی سیاسیی دکتوو قاسملوو گوتی؛ قاسملوو تەنیا ڕێبەرێکی کورد نەبوو، بەڵکوو کەسایەتییەک بوو کە دەیتوانی کاریگەریی لە سەر تەواوی ئێران هەبێ. دکتوور قاسملوو پێش حیزبەکانی دیکەی ئێران باسی لە دێموکراسی دەکرد، هەر بۆیە زۆربەی حیزبەکانی دیکەی ئێرانی ناوبراویان وەک ڕێبەرێکی خۆیان قبووڵ بوو، هەر ئەمەش یەکێک لەو هۆکارانە بوو کە بووە هۆکاری تێرۆرکردنی. قاسملوو قوربانی ڕێگای وتووێژ بوو، ئەو چەک بەدەست نەکوژرا، بەڵکوو چەکێکی گرینگتری بەدەستەوە بوو کە ئەویش چەکی دیالۆگ بوو. نابراو لە باس لە سەر بارودۆخی ئێستای سیاسی‌و داهاتووی ئێران گوتی هەر کەسێک دژی دابەشبوونی ئێرانە، دەبێ بۆ دامەزراندنی سیستمێکی فێدراڵی هەوڵ بدا.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو کۆڕیادەدا سمایل بازیار، کەسایەتی‌و تێکۆشەری دێرینی ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و مامۆستای زانکۆ، باسێکی لە ژێر ناوی «قاسملوو، ناسیونالیزم و ئەندێشەی چەپ» پێشکەش کرد.

کاک سمایل بازیار لە باسەکەیدا تیشکی خستە سەر دوو هێڵی سەرەکیی سیمای قاسملوو، واتە نەتەوەیی بوون‌و چەپ بوونی کاک دوکتور بوو. بەڕێزیان لە باسەکەیدا ئەو بەڵگانەی خستە ڕوو کە چۆن دکتور قاسملوو لە چەپێکی کوردەوە دەبێتە کوردێکی چەپ‌و چۆن هەستی نەتەوەیی‌و بیری نەتەوەیی وا لە قاسملوو دەکا زیاتر وەک کوردێکی چەپ بۆ چارەسەری کێشەی کورد هەنگاو بنێ‌و لە ئاسۆی دوورتری ستراتیژیی قاسملوودا کوردستانی سەربەخۆ هەبێ‌و تەنانەت تێڕوانینی بۆ یەکگرتنەوەی هەر چوارپارچەی کوردستانیش هەبێ‌و بازیار بۆ سەرجەم ئەو باسانەش بەڵگەو دیکۆمێنتی خستە ڕوو.

« یان بۆیەر»، نووسەرو دۆستی نیزێکی گەلی کورد کۆرگێڕێکی دیکەی ئەم کۆڕیادە بوو باسی لە ئەندێشەی پێشکەوتووی دکتور قاسملوو و داهاتووی گەلی کورد کردو گوتی؛ دکتوور قاسملوو واگەورە ببوو کە سیاسەت بکاو بیرو هزرو خوێندنەوەی دروستی بۆ ئەو سەردەم‌و بۆ ئێستا هەبێ‌و ئەو لێکدانەوانەشی بۆ ئێستا دروست دەرچوو. «بۆیەر» پێی وابوو کوردی باشوور سەربەخۆ دەبن، بەڵام کوردی باشوورو بارزانی نابێ بەشەکانی دیکەی کوردستان لەبیر بکەن.



دوا بەدوای «یان بۆیەر»، دکتور گوڵمراد مورادی، نووسەرو وتەبێژی ئەنجوومەنی نێونەتەوەیی قەڵەمی ئێران قسەی کردو، وێڕای ئاماژە بە کەسایەتیی دکتور قاسملوو و ئەو پیلانانەی کە دوژمنان دژ بە ڕێبەرە هەڵکەوتەکانی گەلی کورد دەیگێڕن، گوتی: دکتور قاسملوو بە پێچەوانەی بۆچوونە ناکۆکەکان، سیاسەتمەدارێک بوو ئاگا لە بواری بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌و دەیزانی چۆن دەبێ لەگەڵ دژبەراندا بجوڵێتەوە، هەر چەند ئامانجی دژبەران تەنیا لەنێوبردنی هەڵکەوتەکانی کۆمەڵگای کوردەواری وەکوو خودی خۆی‌و کەسانی وەک ئەو بوو.

دوکتور گوڵمراد گوتی دوکتور قاسملوو بە دروستی دەیزانی نائاگایی دەسەڵاتی هەیە بەسەر هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستداو دەبێ ئەو کەموکورییە لەنێو بچێ. ئەو بیگومان دەیزانی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە وتووێژ هیچیان پێ نییە، بەڵام ئەو نەمرە بۆ سەلماندن بە هەموو نەتەوەکانی ئێران، ئاگایانە ئەو ریسکەی کردو دەیویست هیچ بیانوویەک نەداتە دەستی دوژمنەوە کە بە خەڵک بڵێن حیزبە کوردییەکان نایانەوێ لەسەر چارەسەری کێشەکان لەگەڵ ئێمەدا وتووێژ بکەن.

کۆڕگێر لە کۆتایی باسەکەیدا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە دوکتور قاسملوو یەکێک بوو لە یەکەم ڕێبەرانی حیزبە سیاسییەکان کە دەیزانی هەتاکوو نەتەوەکان ماف‌و مێژووی خۆیان نەزانن، ناتوانن لە ڕێگای یەکگرتندا دەست بدنە دەستی یەک‌و بە دڵ و گیان یەکگرتووانە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان خەبات بکەن.

شایانی باسە ئەو هێز و لایەنانەی بەشداریی ئەو کۆڕیادەیان کردبوو بریتی بوون لە: پارتی دێموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، پارتی سەربەخۆی کوردستان، کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، پارتی یەکێتی دێموکراتی سوریە»پەیەدە»و کۆمیتەی هاوبەشی هێزەکانی ڕۆژهەڵات.

## بەڕێوەچوونی سیمینارێک بەبۆنەی ۲۵ ساڵەی تێرۆری دوکتور قاسملوو لە پارلمانی بریتانیا

لە ۲۵ ساڵەی شەهید بوونی دوکتور قاسملووی نەمردا، بە دەسپێشخەری و ڕێکخستنی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بریتانیا، ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ١٤ ی ژوئیەی ۲۰١٤ سیمینارێک بە بەشداریی خاتوو بەیان سامی عەبدولڕەحمان نوێنەریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرانی حیزب و لایەنەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان و کۆمەڵێک ڕێکخراوی ئێرانی و دەیان کەس لە کەسایەتییە سیاسی و فەرهەنگییە کورد و ئێرانی و بیانییەکانی دانیشتووی لەندەن، سیمینارێک لە یەکێک لە هۆڵەکانی پارلمانی بریتانیا بەڕێوە چوو.

لە سەرەتای سیمینارەکەدا بەڕێوەبەری کۆڕەکە خاتوو ڕۆزا بۆرک بەناوی هاوڕێ مەولود سوارە نوێنەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بریتانیا و «سەنتەری پەرەپێدانی کورد»ەوە بەخێرهێنانی بەشدارانی سیمینارەکەی کرد و وێڕای ئاماژە بە ئامانجی سیمینارەکە کۆڕگێڕەکانی ناساند.

بابەتی یەکەمی سیمینارەکە لەلایەن د. ئاسۆ حەسەن زادە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە پێشکەش کرا. کە دەقی باسەکەی هەر لەم ژمارەیەی «کوردستان» دایە.

پاشان دوکتور فریدرێک تیسۆ کۆنسوولی گشتیی پێشووی فەڕانسە لە کوردستان و دۆستی نزیکی دوکتور قاسملوو باسێکی لەبارەی رابردووی دۆستایەتیی خۆی لەگەڵ دوکتور قاسملوو و تێگەیشتنی لە کەسایەتی و بیروباوەڕی ناوبراو کرد.

ئینجا نۆرە گەیشتنە پەیامی لویس ئەیالا سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست کە بەهۆی کۆبوونەوەی لەگەڵ جۆرج پاپاندریۆ سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە لە سەفەر بوو و نەیتوانیبوو بۆخۆی بەشداری سیمینارەکە بێ. لە سەرەتای ئەو پەیامەدا کە لەلایەن خاتوو لەتیفە پێری بەرپرسی بارەگای ناوەندیی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست لە لەندەن خوێندرایەوە، لویس ئەیالا ئیشارەی بە پێوەندیی مێژوویی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست لەگەڵ کوردەکان کردبوو کە لەڕێگای دوکتور قاسملووەوە دامەزرابوو و گوتی هەروەک چۆن دوکتور قاسملوو بەشێکی بەرچاوی تێکۆشانی سیاسیی خۆی بۆ ناساندنی پرسی کورد لە ئێران بەدنیای دەرەوە لەڕێگای ئەنترناسیۆنال سۆسیالیستەوە کردبوو، کۆتایی ژیانیشی بە چەشنێک بەو ڕێکخراوە بەسترایەوە چونکە تەنیا سێ حەفتە پاش بەشداریی لە کۆنگرەی هەژدەهەمی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست لە ستۆکهۆڵم، تێرۆر کرا.

لویس ئەیالا وێڕای وەبیر خستنەوەی پێکەوە گرێدراویی ئەو بایەخانەی دوکتور قاسملوو خەباتی بۆ دەکردن لەگەڵ ئامانج و پرەنسیپەکانی سۆسیالیستەکانی جیهان، باسی ئەوەی کردبوو کە مەرگی دوکتور



قاسملوو بووە هۆی ئەوە کە زۆر لە بزووتنەوە و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی هەموو قاڕەکانی جیهان لەدوای ئەوە زیاتریش سەرنج بدەنە پرسی کورد و هەوڵ بدەن زیاتر لەگەڵ کەسایەتیی قاسملوو و خەباتی کوردەکان ئاشنا بن.

دوایین کۆڕگێری سیمیناری ۲۵ ساڵەی تێرۆری دوکتور قاسملوو لە پارلمانی ئینگلستان بریتی بوو لە بەڕێز جێرێمی کۆربین ئەندامی پارلمانی بریتانیا و جێگری بەرپرسی کۆمیتەی مافی مرۆڤ لە پارلمانی ئەو وڵاتە. جێرێمی کۆربین لە سەرەتای باسەکەیدا وێڕای دەسخۆشی و خۆشحاڵی دەربڕین لە بەڕێوەچوونی ئەم بۆنەیە وەک دەرفەتێک بۆ هێنانە بەر باسی پرسی کوردەکانی ئێران، باسی بیرەوەریی خۆی لە کاتی تێرۆری دوکتور قاسملوو کرد کە چ دەنگدانەوەیەکی لە بەستێنی سیاسی و مێدیایی بریتانیادا هەبووە و بۆخۆیشی هەر ئەو کاتە بەدواداچوونی بۆ کردووە.

لە کۆتایی قسەکانیدا جێرێمی کۆربین ڕایگەیاند کە خەباتی کوردەکان خەباتێکی ڕەوایە و بە داخ و پەژارەوە بۆ تێرۆری دوکتور قاسملووی ڕوانیەوە و گوتی قاسملوو مرد بۆ ئەوەی ئەوانی دیکە باشتر بژین.

بەشی دووەمی سیمینارەکە بۆ پرسیار و ڕا و بۆچوونی بەشدارانی سیمینارەکە تەرخان کرابوو کە لەو بەشەدا ژمارەیەکی زۆر پرسیار سەبارەت بە پەروەندەی تێرۆری دوکتور قاسملوو و پرسی کورد لە ئێران و ئایندەی دێموکڕاسی لەو وڵاتەدا و بارودۆخی سیاسیی ناوچە و بەرپرسیارێتیی وڵاتانی ڕۆژئاوا سەبارەت بە هەموو ئەو بابەتانە ڕووبەڕووی هەریەک لە دوکتور فرێدرێک تیسۆ و دوکتۆر ئاسۆ حەسەن زادە و بەڕێز جێرێمی کۆربین کرابوونەوە کە لەلایەن ئەوانەوە وڵام درانەوە.

شایانی باسە کە دەیان کەسی دیکە کە بۆ بەشداری لەو سیمینارەدا هاتبوون بەهۆی نەبوونی جێگە نەیانتوانی لە سیمینارەکەدا بەشدار بن. هەربۆیە کۆمیتەی یادی ۲۵ ساڵەی شەهیدانی ڤییەن بە پێویستی دەزانێ سەبارەت بەو بابەتە داوای لێبوردن لە هەموو ئەو بەڕێزانە بکا.



# ئەوان نەک بۆ وتووێژ، بۆ کوشتنی پەیامهەڵگری ئاشتی هاتبوون

## (ڕاپۆرتێک لە بارەی ناوەرۆکی وتووێژە خوێناوییەکەی١٣ژوئیەی ڤییەن)

**بە قەڵەمی کریس کۆچێرا**

دوکتور قاسملوو بۆ باس لەسەر داخوازەکانی گەلی کورد لە گەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیو دیتنەوەی ڕێگاچارەیەکی ئاشتیخوازانە بۆ کێشەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ، چووبووە ڤییەن. ئەو قسانەش کە لەو چاوپێکەوتنەدا کردبوونی، هەر لەو پێوەندیەدا بوون. بەڵام ئەوانەی بە ناوی نوێنەرانی کۆماری ئیسلامییەوە بۆ وتوویژ لەگەڵ دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی هاتبوون، نیازێکی دیکەیان هەبوو:

**ئەوان نەک بۆ وتوویژ بۆ کوشتنی پەیامهەڵگری ئاشتی هاتبوون.**

کاتی خۆی ڕۆژنامەی فەرانسەیی «لۆمۆند» ڕۆژی ١ی ژانویەی ١٩٩٨ وتارێکی بە قەڵەمی کریس کۆچێرا لە بارەی نێوەرۆکی نەواری قسەکانی دوکتور قاسملووو ناردراوانی ڕێژیمی ئێران لە چاوپێکەوتنی ڤییەن دا، بڵاو کردەوە. گۆڤاری «آرش»یش لە ژمارە ٦٥ی خۆیدا وەگێڕدراوی فارسیی ئەم وتارەی بڵاوکردەوە. بەم هۆیەوە کە زۆر لە هۆگرانی کەسایەتیی د.قاسملوو حەز دەکەن بزانن لەم دانیشتنە خوێناوییە دا چ قسەو باسێک لە نیوان د.قاسملوو و ناردراوانی تیرۆریست هاتوونە گۆڕێ، وەرگێڕدراوی کوردیی ئەم ڕاپۆرتەی کریس کۆچێرا لە ٢٥ ساڵەی شەهید بوونی ئەو ڕێبەرە دا، جارێکی دیکە بڵاو دەکەینەوە.

١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩، عەبدوڵڕەحمان قاسملوو سکرتێری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، بە هۆی دوو گولله کە وەسەری کەوتبوو،لەگەڵ دوو کەسی دیکە لە هاوڕێیانی، لە ئاپارتومانێکی شاری ڤییەن دا، کوژرا. ئەو کاتە، دە ساڵ بوو کە شەڕ لە نێوان ئەرتەشی تاران‌و پێشمەرگە کوردەکان دا درێژەی هەبوو. بە دوای یەکەم چاوپێکەوتن لە دیسامبری ١٩٨٨و ژانویەی ١٩٨٩دا، قاسملوو سەر لەنوێ ئەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ نوێنەرانی [ڕێژیمی] ئێران دەست پێکردەوە. یەکێک لەم نوێنەرانە محەممەد جەعفەر سەحراڕوودی، جێگری سەرۆکی ئیتلاعاتی (نێوخۆیی) پاسدارانی شۆرش لە کوردستان بوو، کە لە تەقە کردنەکەدا بۆخۆشی بریندار بوو.

سەحراڕوودی کە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکان خستبوویان، لەلایەن پۆلیسی ئوتریشەوە ئیجازەی چوونە دەر لە نەخۆشخانەی پێدراو توانیی پەنا بۆ سەفارەتی ئێران ببا. ناوبراو لە ٢٢ی ژووئیەدا لە ئوتریش وەدەرکەوت. پارێزەر(ئیسکۆرت)ێکی دیکەی ئێرانی بە ناوی بزورگیان بۆ ماوەیەک لە ئیدارەی پۆلیس ڕاگیرا، پاشان بڕیاری گرتنی ئەو کەسە کە پێشتر درابوو، هەڵوەشێندراو ئەویش توانیی بگەڕێتەوە ئێران. سێهەم کەس حاجی مستەفەویی لاجەوەردی سەرۆکی بەشی ئیتلاعات (ی نێوخۆیی)لە کوردستان، بە ئازادییەکی تەواوەوە توانیی لە ئوتریش بچێتە دەر.

وتوویژەکانی ناردراوانی تاران‌و ڕێبەرانی کورد بەهۆی بەشدارانی وتوویژەکەوە لەسەر کاسێت تۆمار کراوە. ئەونەوارانە کە لە دەستی پۆلیس دابوون، سەرئەنجام درانەوە بە بەرپرسانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران. عەبدوڵلا حەسەنزادە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئیجازەی گوێگرتن لەو کاسێتانەی پێدا‌ین. عەبدوڵڕەحمان قاسملوو قەت بەم وردبینییە دەروونناسییانەوە بۆچوونەکانی خۆی لەبارەی خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران شی نەکردبۆوە:

پرسیارو وەڵامەکانی لایەنە ئێرانییەکان کە پێیان وانەبوو ڕۆژێک لە ڕۆژان قسەکانیان ئاشکرا دەبن، زۆر بە باشی ناتەبابوونی بۆچوونەکانیان‌و ڕوحیاتی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێوان بڕوا هەبوون بە ڕوانگەو دیاردە سیاسییە مۆدێرنەکان‌و بیروبۆچوونەکانی سەردەمی خەلافەتی عەلیدا، نیشان دەدەن.

ئایا بکوژانی قاسملوو پاش بیستنی بۆچوونەکانی، بڕیاریان دا بیکوژن؟ یان تەنانەت بەرلە دەست پێکردنی قسەکانی، بڕیاری کوشتنیان دابوو؟ گوێڕاگرتن بۆ نەوارەکان،ئەم سیناریۆیەی خوارەوەمان دێنێتە بەرچاو:


دەسەڵاتدارانی ئێران کە دەیانزانی بزووتنەوەی قاسملوو لە ئاکامی زەبرە نیزامییەکانی ئێران‌و لەتبوونێک کە ساڵی ١٩٨٨ [ئەم بزووتنەوەیە] بەخۆیەوەی دیت، زۆر لاواز بووەو، هەروەها دەیانزانی قاسملوو پێی خۆشە کێشەکە لە ڕێگای وتوویژەوە چارەسەر ببێ، هەر بۆیە هومێدی ئەوەیان هەبوو کە لەوانەیە بە نیوەی داخوازەکانی، واتە تێکۆشانی قانوونیی حیزبەکەی ڕازی بێ. بەڵام پاش ئەوەی قاسملوو لەسەر ئەوە پێدادەگرێ کە ڕێبەرانی تازەی ئێران (خومەینی ماوەیەک پێشتر لە ٤ی ژوئەنی ١٩٨٩دا مردبوو) دەبێ ڕابگەیەنن کە داخوازی خودموختارییان قەبووڵە، ناردراوانی تاران بە دوای یەکەم چاوپێکەوتن دا، لەگەڵ بەرپرسانی خۆیان پێوەندی دەگرن کە دیارە دەستووریان پێدەدرێ: بیکوژن.

سەحراڕوودی ڕادەگەیەنێ کە ئێمە پێکەوە ڕێک کەوتووین کە ئەم چاوپێکەوتنانەمان بە تەواوی نهێنی بمێننەوە. چونکە دوژمنانێک هەن کە نایانەوێ ئەو گیروگرفتانە چارەسەر بکرێن. ئەو، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ تەنانەت لەنێو حکوومەتی ئێرانیش دا، کەسانێک هەن کە دژی هەر جۆرە چاوپێکەوتن‌و پێوەندییەکن. لە ئاستی هەڵسووڕێنەرانی وڵات دا تەنانەت قسەکردنی ڕاشکاوانەش لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە مومکین نیە.

عەبدوڵڕەحمان قاسملوو دێتەسەر کاکڵەی مەسەلەکە: لە دوو چاوپێکەوتنی پێشوومان دا، ئێمە لەبارەی دوو خاڵی ئەسڵییەوە قسەمان کرد: قبووڵکردنی ئەسڵی خودموختاری‌و ئەسڵی تێکۆشانی ئازادانەی حیزبی ئێمە لەنێوخۆی وڵات دا. ئێوە وڵامتان دایەوە کە هەڵسووڕێنەرانی ڕێژیم لەگەڵ قەبووڵ کردنی ئەسڵی خودموختاریدا نین. لەبارەی خاڵی دووهەمەوە، ئێمە لە دەفتەری سیاسیدا باسێکی زۆر دوورو درێژمان هەبوو کە ئایا پێشمەرگەکان چەکەکانیان تەحویل بدەنەوە یان نا؟ دەفتەری سیاسی وا بیر دەکاتەوە کە مومکین نیە چەک تەحویل بدرێتەوە. ئێوە دەبێ لەومەسەلەیە بگەن کە پاش دە ساڵ شەڕو ئەو هەموو قوربانیدانە، خودموختاری بووە بە سەمبولی داخوازەکانی ئێمە. ئێوە دەتانەوێ ئێمە وشەیەکی دیکە بەکار بێنین؟ ئەگەر نیوەرۆکی خودموختاری قەبووڵ دەکەن، چلۆنە کە لە وشەی خودموختاری دەترسن؟ قاسملوو هەر لەو کاتەدا کە خۆی وک پیاوی خودموختاری ناو دەبا، دەڵێ: نەسڵی من، نەسڵی دێمۆکراسی‌و خودموختارییە. پاشان وێڕای داوای درێژەی وتوویژ، وریایان دەکاتەوەو دەڵێ: دڵنیا بن ئەگەر گیروگرفتی کورد چارەسەر نەبێ، ئەم مەسەلەیە دەبێتە هۆی دوور بوونەوە لە مەرکەزو جیاییخوازی

سەحراڕوودی: ئەوە یەکەم جارە کە لە نێومان دا لەسەر ئەو شتە کە ئیسلام بۆ میللەتەکانی دەکا، باس دەکەین. ئێمە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانمان گوێ بە قسەی کەس نادەین، نە ڕۆژهەڵات‌و نە ڕۆژئاوا، ئێمە ئامادەین خۆمان بکەین بە قوربانیی بیروباوەڕمان.

قاسملوو... من دەمەوێ شتێکتان عەرز بکەم، من لەو هەموو کۆسپانەی لە پێوەندی لەگەڵ ڕاگەیاندنی خودموختاریدا ناوتان بردن، قانیع نەبووم... لە هەلومەرجی ئێستادا ئەوە ئاغایان خامەنەیی‌و ڕەفسەنجانین کە نوێژی هەینیی تاران بەڕێوە دەبەن. ئەوان دەتوانن لە بارەی خودموختاریی کوردستانەوە بیروڕای خۆیان ڕابگەیەنن. قاسملوو پاشان ڕوانگەو بۆچوونی خۆی لە بارەی خودموختارییەوە بە درێژی شی دەکاتەوە: بۆ ئێمە چوار خاڵی بنەڕەتی لەگۆڕێدان: خودموختاری، بە مانای کۆنەبوونەوەی دەسەڵات لە ناوەند، دووهەم خاڵی بنەڕەتی بۆ ئێمە زمانی کوردییە. کوردی دەبێ ببێتە زمانی ڕەسمیی ناوچە کوردنشینەکان. سێهەم خاڵ دیاریکردنی سنوورەکانی ناوچەی خودموختارە. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ فاکتۆرەکانی جوغرافیایی، ئابووری‌و بەتایبەتی ویستی ئەو خەڵکەی لە ناوچە کوردنشینەکان دا دەژین، سەرنجیان بدرێتێ. چوارەم خاڵی گرنگ بۆ میللەتی کورد، دەبێ ئەمنییەتی نێوخۆیی ناوچە کوردنشینەکان بە هۆی کوردەکانەوە بەڕێوە بچێ... ئێمە شتێکی لەوانە زیاترمان ناوێ. ئەوەندەی پێوەندیی بە وەدیهاتن‌و جێبەجێ بوونی ئەم داخوازانەوە هەیە، ئێمە واقیع بینین. بۆ وێنە لەسەر دیاریکردنی سنووری ناوچەی خودموختار ناکۆکی‌و کێشەی چووکە دەبن. بەڵام کوردەکان ئامادەن نین لەسەر ئەم شتە چکۆلانە بەشەڕ بێن، بە مەرجێک کە ئەسڵەکە قبووڵ بکرێ.



**قاسملوو بەم جۆرە ئاکام لە باسەکان وەردەگرێ:**

ئەوەیان مومکین نیە کە وشەی خودموختاری چاوپۆشی لێ بکرێ. ئەم وشەیە بۆ نەتەوەی کورد واتایەکی عاتیفی‌و مێژوویی هەیە. ئەم وشەیە سەمبولێکە. من وا هەست دەکەم کە ئێوە نێوەرۆکەکە قبووڵ بکەن بەڵام دەتانەوێ ئێمە واز لە وشەکە بێنین. لە ئیسلام دا هەرکاتێک دەقێکی پیرۆز دەخوێننەوە، ناکرێ بێ گوتنی بسم الله الرحمن الرحیم دەست پێ بکرێ. ئەوەش ڕاست وایە. ئێوە نیوەرۆکی خودموختاریتان قبووڵە بەڵام بە بێ بسم الله الرحمن الرحیم.

ئێرانییەکان (ناردراوانی ڕێژیم) دەڵێن بۆ درێژەی باسەکان کە هومێدێکی زۆریان خوڵقاندوە دەبێ لەگەڵ تاران پێوەندی بگرین. بۆ سبەینێ ڕۆژی ١٣ی ژوئیە سەحراڕوودی دەڵێ لەگەڵ برادەران پێوەندیی گرتوە: ئێوە دوێنێ گوتتان کە بەرپرسانی ئێرانی دەتوانن لە نوێژی هەینی دا لە بارەی خودموختارییەوە قسان بکەن... هێندێک مەسەلە هەن کە بەرپرسان‌و ئیمام جومعەکان دەتوانن لەبارەیانەوە قسە بکەن. بەڵام دەبێ بزانن کە لەسەر هێندێک مەسەلە بۆچوونی جیاوازمان هەن.

سەحراڕوودی باسێکی دوورودرێژ دەست پێدەکا کە هیچ پێوەندییەکی بە مەسەلەکەوە نیە...ئێستا دێینەوە سەر مەسەلەی خودموختاری. لەم بارەیەوە دوو فکر هەن. یەکێک لەم فکرانە دەمانگێڕێتەوە بۆ سەردەمی حەزرەتی عەلی‌و، ئەویش ئەمەیە کە حەزرەتی عەلی لە ناوەندی خەلافەت دانیشتبووو حکوومەتی دەکرد. بەڵام هێندێک ناوچە هەبوون بە ناوی ولایت (ئوستان) کە حاکمەکان (والییەکان) دەسەڵاتی ئەوێیان بەدەستەوە بووو، لە چاو ناوچە خودموختارەکان دەسەڵاتێکی بەربڵاوتریان هەبوو. لەلایەکی دیکەوە کەسانی ئەوتۆ هەن کە ئەم فکرە بە هی سەردەمی عەلی دەزانن‌و لەسەر ئەم باوەڕن کە هەلومەرجی ئەمڕۆ جیاوازە، دوژمن چوار دەوری ئێمەی گرتوە. واتە وڵاتانێک کە ئەندامی پەیمانی ناتۆ (اوتان) ن، ڕێژیمە کۆنەپەرستەکان، کە ناهێڵن خودموختاری هەر لە چوارچێوەی خۆی دا وەمێنێ. ئەوان هەوڵ دەدەن کە چوارچێوەکەی بەرین بکەنەوە تا سەرئەنجام دەگا بە سەربەخۆیی. کە وا بوو خودموختاری مەسەلەیەک نیە کە ئێمە بتوانین بە یەک دوو بەیاننامە لە نوێژی هەینیدا چارەسەری بکەین. مەسەلەی دووهەم: حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دەیەوێ هەم هەلومەرجی پێشوو بپارێزێ‌و هەم لەگەڵ کۆماری ئیسلامی وتوویژ بکا، بەڵام من دڵنیام کە ئەوەی لێقبووڵ ناکرێ.

سەحراڕوودی درێژەدانی قسەکانی بە حاجی مستەفەوی دەسپێرێ. ناوبراو دەڵێ: بسم الله الرحمن الرحیم... حیزبە کومونیستەکان لە بارەی میللەتەکانەوە پەیڕەوی لە تیئۆریی ئیستالین دەکەن. عەرەبەکان دەڵێن ئەوە نەزەری ئێمەیە. حیزبە سوسیال دێمۆکراتەکان ڕێگا چارەسەری خۆیان هەیە و ئەویش کە پێوەندیی بە هێزە ئیسلامییەکان‌و کۆماری ئیسلامییەوە هەیە تا ئێستا لەم بارەوە شیکردنەوەو لێکدانەوەیەک نەبووە. ئەگەر بتوانین کارێک بکەین کە کۆماری ئیسلامی بە جیددی بەم مەسەلەیەوە خەریک بێ‌و تیئۆریزەی بکا، ئەوە بۆخۆی سەرکەوتنێکی زۆر گەورە دەبێ. لە ئیسلام دا، گومانی تێدا نیە کە پێغەمبەر، محەممەدو جێنشینانی ڕێوشوێنی تایبەت بە خۆیان هەبووە. هیوادارم کە ڕێژیم مل بۆ ئەم جۆرە مەسەلانە ڕابکێشێ‌و لە نێوان ڕێوشوێنە سوننەتییەکان‌و ئەوەی ئێوە داوای دەکەن، بتوانێ شتێک لە نێو ئەو دووانەدا بدۆزێتەوە.

قاسملوو: ئێوە دەڵێن کە لە هەلومەرجی ئێستادا مەسەلەی ئەسڵی چارەسەری مەسەلەی خودموختاری نیە، بەڵکوو چارەسەری پێوەندیی نێوان حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران‌و کۆماری ئیسلامیی ئێران مەبەستی ئەسڵییە. ئێمە هاتووینە ئێرە کە داواتان لێ بکەین مەسەلەی خودموختاری چارەسەر بکەن.

دوکتور قاسملوو هەوڵ دەدا کە مافی دیاریکردنی چارەنووس شی بکاتەوە کە بە چەندین شێوە جێبەجێ دەبێ: سەربەخۆیی، فیدرالیزم یا خودموختاری.

لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: ئەوەی بۆ ئێمە مەسەلەیە ئەوەیە کە ئایا کۆماری ئیسلامی بە ڕاستی دەیەوێ کێشەی میللییەتەکان لە ئێران دا چارەسەر بکا؟ ئەگەر وەڵامی کۆماری ئیسلامی بەڵێیە، ئێمە دەمانەوێ بزانین کە دەیەوێ چۆنی چارەسەر بکا؟ ئایا بە شێوەی سەربەخۆیی، فیدرالیزم یا خودموختاری؟ ئێمە کوردەکان لانیکەمی داخوازەکانمان هێناوەتە گۆڕێ. ئێمە فیدرالیزمیشمان قبووڵە، بە دڵنیاییەوە دەڵێم بە بڕوای من بەو هۆیەوە کەکاتی خۆی لە ئیسلام دا جۆرە فیدرالیزمێک هەبووە واباشترە کە فیدرالیزم هەڵببژێردرێ‌و بۆ وێنە یەکیەتیی کۆمارە فیدراڵەکانی ئێران پێک بهێنرێ. کەوابوو ئێوە ئەگەر نە سەربەخۆییتان قبووڵ بێ، نە فیدرالیزم‌و نە خودموختاری، ئەو بەو مانایەیە کە ناتانەوێ مەسەلەی میللییەتەکان لە ئێران دا چارەسەر بکەن.

**قاسملوو ئەو ئاکامە وەردەگرێ کە :**

لەوانەیە سبەینێ بەشێکی دیکەی ئێران خوازیاری خودموختاری بێ. دەبێ ئەو ئازایەتییە هەبێ‌و بە ئوسوول‌و پرەنسیپی ئەوتۆ، مەسەلە نێوخۆیییەکانی ئێران چارەسەر بکرێن کە هەموو لا قبووڵیان بێ. هەم عەربەکان، هەم بەلووچەکان، هەم تورکمەنەکان‌و هەم کوردەکان ئەگەر لەمڕۆوە نەتوانین ئەو مەسەلانە چارەسەر بکەین دەبن بە موسیبەتێکی گشتی بۆ وڵاتەکەمان.

پاش چەند قسەیەکی دیکە، ئەوان ڕۆژی داهاتوو بۆ درێژەی وتوویژەکان دیاری دەکەن. فازڵ ڕەسووڵ، کوردی عێراقی کە نەخشی نێوبژیوانی هەیە لە قسەکانی هەر دوو لا ئەم ئاکامە وەردەگرێ: یان ئێوە دەگەنە هێندێک ڕێککەوتن‌و درێژە بە وتوویژ دەدەن بەو مەرجەی شەڕ ڕابوەستێ، یان بێ ئەوەی شەڕ بوەستێ، وتوویژەکان درێژە پێدەدەن. بەڵام لە هەر حاڵدا باشترە ئەمڕۆ کە هەلومەرج لەبارە، بگەنە ڕێککەوتن‌و ئاکام، ٣ ساڵی دیکە، لەوانەیە وەزع بگۆڕێ‌و موعادیلەکان‌و هاوسەنگیی هێزەکان بەمجۆرە نەمێنێ‌و هەلومەرجی ئەوکات شتێکی دیکە ببێ.

ئەوە دوا وشەکانن. دەنگی جووڵانی کورسی‌و مێزەکان دەبیسرێ، پاشان دەنگی چوار تەقەی کپ کە دیارە بە چەکی تەیار بە ئامێری دەنگ کپکەر کراون، دێتە گۆڕێ. ئینجا بێدەنگیی تەواو.

# قەیرانی سیاسی‌و بارودۆخی نوێی‌گۆڕانە سیاسی ـ کۆمەڵایەتی‌یەکان



ئارەش لورستانی
و: ئاڵەشین

گەورەترین کێشەی سەقامگیری دیموکراسی لە ڕۆژهەڵات، ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆژئاواچێتی‌و ئیسلامی سیاسییە کە بەناوی بەربەرەکانی مودێرنیتە لە ئارا دایە.

ڕاپەرینی نەتەوەکانی سووریە، بەهاری عەرەبی، یاخیگەریی گرووپە بنئاژۆخوازە ئایینییەکان، ڕووداوەکانی عێراق‌و مەیل بە گۆڕانی کۆمەڵایەتی ڕۆژهەڵات ڕووبەڕووی ململانێ‌و، بەرژەوەندیخوازی زلهێزەکان بووەتەوەو گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە سەرنجدان بە گرینگترین فاکتورە زانستییە سیاسییەکانی خۆی، ڕەوگەی پڕ لە هەوراز و نەشێوی خۆی دەپێوێ. گرینگترین فاکتۆرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بریتین لە ڕێژەی حەشیمەتی، تەکنیک یا تکنۆلۆژی، پاشخانی ئابووری، بایەخە فەرهەنگییەکان، ئایدیۆلۆژی‌و پارادۆکس‌و ناکۆکییە سیاسی ـ کۆمەڵایەتییەکان.

ڕێژەی حەشیمەت‌و فرەچەشنی ئەتنیکی هەمیشە فاکتەری دابەشینی کارو زیادبوونی حەشیمەت‌و مەدەنین. بە سەرنجدان بە بەربەرینی جۆراو جۆری حەشیمەت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی، دابە شینی کار هەمیشە جۆراوجۆر بووەو ئەم دابەشینەی کار، بنەمایی دابەشکردنی دەسەڵات‌و سامان لە ناوچە جۆراو جۆرەکانی وڵات لەبەرچاو دەگرێ. ئەگەر نەریت زاڵ بێ، پێوەندییە نەریتییەکان، سیستمیکی دارزاو و نادادپەروەری نادیموکرات برەو پێدەداو پێوەرو بنەمای دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە سەر بنچینەی خانەدانی نەریتی، لە چوارچێوەیەکی سەقەت‌و پاشڤەڕۆیی دادەمەزرێ کە مافی مرۆڤ فیدای بەرژەوەندی‌و قازانجی دڵخوازی نەریت دەکاو، ڕەوشتی مەدەنیش کە بەرهەمی سیاسی-کۆمەڵایەتی حەشیمەتە، دەبێتە قوربانی پێوەندییە پێناسەکراوو نوێ داوەشاوەکانی نەریت. یەکدەست کردنی حەشیمەتی‌و گرنگی نەدان بە بوون‌و وجودی نەتەوەکانی وڵاتیک، یەکێکی دیکە لە کەم‌و کوری‌و نایەکسانی یەکانی حکوومەتی نەریتی‌یە؛ کە هەوڵ دەدا یەکیەتی‌و یەکپارچەیی وڵاتەکەی لە چوارچێوەی یەک دەوڵەت ـ نەتەوەو بە ئاراستەی بەرژەوەندیی و قازانجی خۆی بەکار بێنێ. ئەو حکوومەتانەی وەک حکوومەتی کۆماری ئیسلامی کە لە سەر بنەمای ئیسلامی برەو بە نەریت و ڕێبارو ئایدۆلۆژی دڵخوازی خۆی دەدا، بە پرۆسەی یەک دەوڵەت ـ نەتەوە تێری نەخواردوە و چەمکی ئۆمەتی وەک بازنەی تەسکی گەمارۆی کۆجێیی کردنەوەی حەشیمەت بەکار دێنێ و، لەم فۆرمەدا دابەشێنی کارو کەڵەکەی ڕەوشت دەکرێتە ئاراستەی بەهێزکردنی میلەتێکی یەکگرتوو.

تەکنیک‌و تکنۆلۆژی وەک فاکتەری دوای حەشیمەت بە ئاقاری گەشەو تەڤگەری حەشیمەت بەرەو دیموکراسی و بایەخسالاری هەنگاو دەنێ، لە سیستمی تاک دەوڵەت ـ نەتەوەیی یا ئۆمەتی یەکگرتوو، نەک هەر نەبووەتە فاکتەریکی پێشەنگ، بەڵکوو وەک هۆکاری کۆنترۆڵی حەشیمەت‌و ئامرازی گوشار بۆ سەر چین‌و توێژە جیاوازی خەڵک لە پێناو پاراستنی سیستمی نەریتی زاڵ بە کار هاتوەو هەموو داهێنان‌و نوێکاری‌یەک لە بیاڤە سیاسی، کۆمەڵایەتی، زانستی‌یەکان تەنیا سترەکچەری پاوانخوازی نەریتی زاڵی بە هێز کردوە.

ژێرخانی ئابووری وەک دیاریکەری سنووری تەکنیک‌و تکنۆلۆژی لە پێناو شوێندانان لە سەر حەشیمەت و ئامانجی کۆتاییشی دامەزراندنی خۆشبژیوی کۆمەڵایەتی و دادپەروەرییە، تەنیا لەو بیاوڤانە دا دەجولێ کە سیستمی دەسەڵاتدار پێناسەی کردوە و لەم نێوانەش‌دا سروشتی‌یە گۆڕانی کۆمەڵایەتی تا ئەو جێگەیەی دەلوێ بە کۆنترۆڵی ئەو فاکتەرانەی لێیان دواوین بە ئاقاری مەوجودییەت و سەقامگیری نەریتی زال دا بچێ.



بایەخە کۆمەڵایەتییەکان وەک یەکەی بایەخ دانان و ڕاکێشانی بەشداری هێزە کۆمەڵایەتییەکان کە ڕاستەوخۆ سێ فاکتەری پێشتر کاریگەرن لە سەری و، ئەم بایەخە کۆمەڵایەتییانەش کاریگەریی دەکەنە سەر فاکتۆرەکانی پێشتر. بایەخە کۆمەڵایەتییەکانیش بە سەرنجدان بە کانالیزە بوونی فاکتەرەکانی حەشیمەت، تەکنیک و ژێرخانی ئابووری لە پێناو ویستی سیستمی زاڵ، لە سەر هەمان بەستێنی پێداویستی یە بیچم دەگرێ و سروشتیشە هەر هێزێکی تاکە کەسی و کۆمەڵایەتی بە پێچەوانەی بایەخە بەرمەبەستەکان هەنگاو بنێ، وەک دژە نورم دەناسرێ و سیستمی دەسەڵاتدار بە کەڵک وەرگرتن لە ئامرازەکانی گوشار هەوڵ دەدا کاریگەرییە نادڵخوازەکانی بەتاڵ بکاتەوە.

ئایدیۆلۆژی وەک پێنجەمین فاکتەرەی گرینگی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە سەرنجدان بە تایبەتمەندییەکانی خۆی وەک پرۆگرام و لۆژیکی سیستمی زاڵ، ڕێکخەری پێوەندیەکانی چوار فاکتەرەکەی پێشووە و ڕاگەیەنەرو جێبەجێکارییانە لە کۆمەڵگەدا. ئایدۆلۆژی بە سەرنجدان بە چەشنی هێزی دەسەڵاتدار، پێوەندی نێوانی دەسەڵات و ئایدۆلۆژی ئەو ڕێگەچارانەی دەیخاتەروو و گرەنتی نێوەرۆکی خودی ئایدۆلۆژی، بەردەوامی یا لاوازی دەسەڵاتە.

شەشەمین و دوایین فاکتەری کاریگەری گۆڕانی کۆمەڵایەتی، پارادۆکس و ناکۆکییەکانن. دژایەتی پارادۆکسەکان؛ کۆمەڵە ناهەماهەنگی و نارەزایەتییەکانی خەڵکی وڵاتیک و، یان کۆمەڵە ناهاوئاهەنگی و ناکۆکی‌یەکانی نێوخۆی سترەکچەرەی هێزی زاڵن، کە دەبنە هۆی سستی و لاوازی پێکهاتەی حکوومەتی‌و پێوەندیی‌و ڕەوت‌و لۆژیکی نێوان پێنج فاکتەرەکەی پێشتر دەفەوتێنێ. لەم قۆناخەدا دژایەتییەکان بە گشتی توندوتیژی‌یان لێ دەکەوێتەوەو پێویستی گۆڕانی کۆمەڵایەتی‌و گۆڕینی سیستم‌و میتۆدی نۆیی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی خۆلێنەبوێر دەبێ.

کاتێک گۆڕانی کۆمەڵایەتی خێرا دەبێ‌و لێکهەڵوەشانی هەموو سیستمی حکوومەتی و سترە کچەرە بنەماییەکانی لێ بکەوێتەوە، شۆڕش ڕوو دەداو ئەگەر بوارو بەستێنی گۆرانکارییەکان و هەلومەرجی تێپەڕین لە قۆناخی خواروو بە بەرەو نێوەڕاست وتەنانەت باڵا دابین نەکرێ، قەیرانی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی ئارایی بواری هاتنە ئارای هەرەج‌و مەرەج‌و شەڕی نێوخۆی شاراوەو نهێنی دەرەخسێنێ.

هەموو کۆمەڵگەیەک بە سەرنجدان بە فۆرم‌و چەشنی گۆڕانی خۆی‌و دامەزراندنی سیستمی نوێ، تێچووی کۆمەڵایەتی، ڕەوانی، ئابووری، سیاسی و فەرهەنگی دەدا. ئەزمونەکانی بەهاری عەرەبی و زاڵبوونی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی بەسەر بیروڕاو سیستمی حکوومەتی هەندێک وڵاتانی عەرەبی‌و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست زۆربەیان هێژمۆنی و سەقامگیریی دەسەڵاتی ئایین و یان باشتر بڵێین دەسەڵاتی نەریتی لێکەوتۆتەوە، کە بەسەرنجدان بە لێکهەڵنەلاواردن و ناڕوونی فاکتەرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و نەبوونی فۆرمی مودێرین‌و دێموکراتیکی هۆکارەکانی گۆڕان، وزەی کۆمەڵگە و خەڵک بەستێنی پێشخستنی و پێشکەوتن ناپێوێ و بەرەی دژە ڕۆژئاوایی و داکۆکییەکەری بایەخە نەریتی ـ مەزهەبییەکان بە شێوەیەکی توندوتیژو نالۆژیکییانە، کەش و سەرچاوە ماددی و هزری‌یەکانی کۆمەڵگە لە

ل ١٣

# زمان وەک شوناس‌و پێناسی نەتەوەیی‌و، وەک ماف‌و داوا

## [ کورتە سەرنجێک لەسەر هەڵوێستی عەلی یونسی لەسەر خوێندن یان نەخوێندن بە زمانی دایک ]



عەلی بداغی

حەسەن ڕووحانی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی ساڵی ٩٢ لە کوردستان‌و ناوچە پەراوێزخراوەکانی دیکەی ئێران زۆرترین دەنگی دەنگدەرانی بۆ خۆی کۆکردەوە کە بێگومان یەکێک لە هۆکارەکانی ئەگەر لەلایەک پێشوازیی‌و ئامادەیی خەڵکی کوردستان بۆ هەرچەشنە گۆڕانێک لە پێناو کرانەوەی سیاسی بوو، هۆیەکی دیکەشی بۆ ئەو وادەو بەڵێنانە دەگەڕاوە کە ڕووحانی لە بواری مافە مەدەنی‌و نەتەوەیی‌و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکدا دەیدان.

یەکێک لە وادەو بەڵێنانە جێبەجێکردنی مافی خوێندن بە زمانی دایکی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن بوو، ئەو بەڵێنییە لە بەیاننامەی ژمارە ٣ ی ڕووحانی‌و لە بەیاننامەی نەتەوەکان (قەومەکان)، دین‌و ئایینزاکان‌دا بە تۆخی ڕەنگی دابۆوە.

حەسەن ڕووحانی دوای بردنەوەی گرەوی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری بە دیاریکردنی عەلی یونسی، وەک یاریدەدەری خۆی بۆ کاروباری کەمایەتییە ئایینی‌و نەتەوەیی‌و ئایینزاکان ئەو تروسکاییەی لە دڵی هیواداری نەتەوەکاندا ڕاگرت کە دەکرێ ئەمجارەیان جێبەجێکردنی ئەسڵی پشتگوێ خراوی ١٥ و ١٩ ی قانوونی بنەڕەتیی وڵات تینێکی تێبگەرێ‌و دوای ٣٥ ساڵ بخرێتە ڕۆژەڤی کاری دەوڵەتەوە. بەڵام لەو دواییانەدا نووسینێکی عەلی یونسی لە پەیجی فەیسبووکیی خۆی لەسەر بابەتی خوێندن یان ڕێگری لە خوێندن بە زمانی دایکی ئەو باسەی بە لایەکی دیکەدا خستەوە.

یونسی دەڵێ «هەندێ لایەن لە نێو دەسەڵاتدا بە هیچ جۆرێک نایانەوێ‌و نایەڵن باس لە خوێندن بە زمانی دایکی‌و خوێندن بە زمانێکی غەیرە فارسی بکرێ، هەندێک لایەنیش لە نێو نەتەوەکانی دیکەی غەیرە فارسدا لە سەر ئەو بابەتە کە زۆریش لە ئەولەوییەت‌دا نییە پێداگری دەکەن‌و ئەوەش کێشەی بۆ دەوڵەت‌و دزگای جێبەجێکاری وڵات دروست کردوە.»

لە پێوەندی لەگەڵ ئەو دوابۆچوون‌و قسانەی یونسی، یاریدەدەری سەرۆک کۆماری ئێران بۆ کاروباری ئێتینیک‌و کەمایەتییە ئایینییەکانی ئێران پێویستە چەند سەرنجێک بێنمە بەرباس:

یەکەم ئەوەی جیا لەوەی بە ڕوونی باس لەوە ناکەن کێن ئەو کەس‌و لایەنانە وەک جن‌و بیسمیللا لە خوێندن




بە زمانی دایکی بۆ نەتەوە نافارسەکان دەسڵەمێنەوە، بەڵام مادام ئەوەی ماوەی زیاتر لە ٣٥ ساڵە دەسەڵات ئەو مافەی لە زۆرینەی خەڵکی ئێران لە زەوت کردوە، خەڵک ئەوە بە ئیڕادەو بڕیاری هەموو حاکمییەت دادەنێن، نەک بەشێک لە حاکمییەت‌و هیچ لایەنێک لە نێو حاکمییەتدا ناتوانێ خۆی لەو تاوانە بدزێتەوە.

دووهەم ئەوەی بە سەرنجدان بەوە کە نەک هەر وادەو بەڵێنی جێبەجێکردنی خوێندن بە زمانی دایکی، بەڵکوو وادەو بەڵێنەکانی دیکەی سەرۆک کۆمار لە کاتی بانگەشەکانی هەڵبژاراردن لەمەڕ کرانەوەی سیاسی‌و بووژاندنەوەی ئابووریی کوردستان‌و سڕینەوەی ڕوانینی ئەمنیەتی لە کوردستان نەهاتوونە دی‌و بێبەشیی خەڵکی کوردستان لە مافە سیاسی‌و مەدەنییەکانیان هەر وەک جارانەو وەک چۆن بینیمان کە سیاسەتی سەرکەوت‌و زەبروزەنگ‌و بگرەو بەندو ئێعدامی چالاکانی سیاسیی کورد هەر وەک پێشوو لە کوردستان لە برەو دایە، دەبێ جەنابتان ئەوە بزانن کە نابێ چیدی خۆڵ لە چاوی خەڵک بکەن، خەڵکی کوردستان ئاکارو ڕەفتارو بڕیارو کردەوەکانتان دەبینێ، نەک قسەی سەر زارتان‌و؛ بە گوتاردەرمانیش پرسی خەڵک لە کوردستان‌و ئێران چارەسەر نابن.

بەڵام لەو بەشەش‌دا کە دەفەرموون! کە «خوێندن بە زمانی دایکی‌و پێداگریی کۆمەڵێک کەس‌و لایەن لە سەر ئەو داوایە کە لە ئێستادا زۆریش لە ئەولەوییەتدا نییە»، لەو بارەوە ئەمن پرسیار لە جەنابتان دەکەم کە ئەگەر ئەو بابەت‌وداوایە لە ئەولەوییەتی داوا سەرەکییەکانی خەڵکی کوردستان نییە، ئاغای حەسەن ڕووحانی لە بەرچی لە بانگەشەکانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریدا بەیاننامەی ژمارە ٣ ی تایبەت بە مافەکانی ئێتینیک‌و کەمایەتییە ئایینییەکانی وەک بەڵگەو سەنەدێک بڵاو کردەوە؟ چۆنە ئەو کات ئەوە ئەولەوییەتی ویست‌و داوای خەڵکی کوردستان بوو، بۆیەش لە بەندی ٤ی بەیاننامەکەدا زۆر بەڕوونی‌و ڕاشکاوی هێنابووتان کە ئامانجی دەوڵەت جێبەجێکردنی ئەسڵی ١٥ ی قانوونی بنەڕەتیی وڵات‌و خوێندن بە زمانی دایکی بۆ هەموو نەتەوەکانی کورد، ئازەری‌و عەرەب‌و نەتەوەکانی دیکەیە، ئێستا چۆنە کە دوای ڕاکێشانی دەنگی ئەو خەڵکەی کە بەتەمای وەدیهاتنی ئەو ماف‌و داوا سەرەکییانە ئێوەی لە هەڵبژاردنەکاندا سەرخست، هەموو ئەوانە بوونە داوای ناڕەواو زێدەخوازی؟

ئاغای یونسی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەوروبەری خۆیان لە ناوچەکەدا دەبینن، دەبینن کە کوردەکان لە باکووری کوردستان خۆیان بۆ گرتنەدەستی پۆستی سەرۆک کۆماری پاڵاوتووە، دەبینن کە لە خۆراوای کوردستان بە دروستکردنی کانتۆنەکان‌و بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری خۆیان ناوچەکانی خۆیان بەڕێوە دەبەن، دەبینن کە کورد لە باشوور چەند هەنگاوی تا سەربەخۆیی ماوە، ئەدی ئێوە لە چی‌ڕا پێتان وایە خوێندن بە زمانی دایک، وەک سەرەتاییترین مافی هەر کەس‌و نەتەوەیەک لە ئێران بۆ کوردستان بەشێک لە داوا سەرەتایی نەک سەرەکییەکانیشی نییە؟

ئەوە نییە لە هەرچی هەڵبژاردنی ئەو وڵاتە بۆ نوێنەرایەتیی مەجلیس، سەرۆک کۆماری‌و شووڕاکانی شارو گوندەکانە یەکەم دروشم‌و بەڵێنیی کاندیداکان کارکردن بۆ ئەو مەبەستەیە، ئەوە نییە شارو گوندی کوردستان نەماوە فێرگەی زمانی کوردی لێ دانەنرێ‌و پیرو منداڵ‌و کوڕو کاڵ خۆویستانە لەو کلاسانەدا بۆ فێربوونی خوێندنەوەو نووسینی زمانی خۆیان بەشدارییان تێدا نەکەن، ئێستا چۆنەو بە چی‌ڕا ئێوە دەڵێن ئەوە داوای سەرەکی‌و گرینگی خەڵکی کوردستان نییەو پێداگری چالاکان‌و هەڵسووڕاوانی سیاسی‌و مەدەنیی نەتەوەکان لە سەر ئەو داوایە لاسارییە؟

ماوە بڵێین کە ئاغای یاریدەدەری سەرۆک کۆمار! زمانی دایک بەشیک لە شوناسی نەتەوەیی‌و کلتووری هەر تاک‌و نەتەوەیەکە، خەڵک شوناس‌و هۆوییەتی خۆیان دەوێ؛ خوێندن بە زمانی دایک مافی سەرەکی، سەرەتایی‌و بێ ئەملاوئەولای هەر تاکێکە، ئەویش لە وڵات‌و نیشتمانی خۆی، ئەوە مافەو هیچ کەس‌و لایەنێک بۆی نییە ئەو مافە لە ئەوی‌دی زەوت کا.

ئاغای یونسی! جیا لەوەی خوێندن بە زمانی دایک مافی سروشتی، بەڵکوو لەمڕۆدا مافێکی کۆمەڵایەتی‌و سیاسیشەو تەنانەت بەپێی پەسندکراوەکانی یونسکۆ دەوڵەتەکان کە ئێرانیش یەک لە وڵاتانی ئەندامە، پێبەند بە پاراستنی زمانەکان وەک میراتێکی سیاسی‌و کلتووری‌و کۆمەڵایەتی کراون‌و ئەوە پێ‌خوێندن‌و بەکارهێنان‌و بە ڕەسمی ناسینی زمانە کە دەتوانێ لە شاڵاوی نەمان بیپارێزێ.

ئاغای یاریدەدەری سەرۆک کۆمار! ئێوە دەبێ بزانن کە نابێ سیاسەتی حاشاو ڕێگریی خۆتان لە وەدیهاتنی یەکێک لە مافە سەرەکییەکانی خەڵک بەوە پاساو بدەنەوە کە ئەوە بابەت‌و داوای سەرەکیی خەڵک نییە، ئەوە خۆڵ لە چاوی خەڵک کردنەوەو کەس ئەوە لە زمانی ئێوە وەرناگرێ، چونکی نیازی دڵی ئێوە ئێستاکە هەموو دەیزانن. بەڵام پرسیار ئەوەیە

**ئاغای یاریدەدەری سەرۆک کۆمار! ئێوە دەبێ بزانن کە نابێ سیاسەتی حاشاو ڕێگریی خۆتان لە وەدیهاتنی یەکێک لە مافە سەرەکییەکانی خەڵک بەوە پاساو بدەنەوە کە ئەوە بابەت‌و داوای سەرەکیی خەڵک نییە، ئەوە خۆڵ لە چاوی خەڵک کردنەوەو کەس ئەوە لە زمانی ئێوە وەرناگرێ، چونکی نیازی دڵی ئێوە ئێستاکە هەموو دەیزانن**

کە تا کەنگێ هەڵە تێگەیشتن‌و چەوت بیرکردنەوەی ئێوە دەبێ هەروا درێژەی هەبێ کە بوونی فرەزمانی لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا نەک هەڕەشە بۆ سەر تەواوەتیی ئەو وڵاتە نەبووەو نییە، بگرە دەرفەت‌و بوارو بەستێنێکی لەبار بۆ تێکەڵاویی زمانی‌و کلتوورییە، بەپێچەوانەو بگرە سووربوون لە سەر سەپاندنی زمانێکی تایبەت‌و فارساندنی بیری کوردی، زمانی کوردی، شوناسی کوردییە کە دەتوانێ مەترسییەکانی لێکترازان‌و هەڕەشە بۆ ئەو تەواوەتییە دروست بکا؟

# حیزبی توودەی ئێران‌و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێران‌دا



د. کامەران ئەمین ئاوە
و: سیراوان مووساپوور

**پێشەکییەک بۆ چوونەناو بابەتی: هەڵوێستی حیزبی توودەی ئێران لە پێوەندیی لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد پێش شۆڕشی ڕێبەندانی ٥٧**

دوای لەسەرکارنەمانی ڕەزاشا، حیزبی توودەی ئێران لە ١٠ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی دامەزرا. لە سەردەمی دەسەڵاتداریتیی محەمەدڕەزاشای پەهلەوی حیزبی توودەی ئێران یەکێک لەو چەند حیزبانە بوو کە بەردەوام بەرگریی لە مافە نەتەوەییەکانی گەلانی ئێران بە شێوەیەکی گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی بۆ گەیشتن بە خودموختاری لە چوارچێوەی ئێران و لە هەمان کاتدا پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئەو وڵاتەی دەکرد. لە بەرنامەکانی حیزبی توودەی ئێران لە کۆنگرەی یەکەم (١٣٢٣) و کۆنگرەی دووەم کە دوو ساڵ پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللی ئازەربایجان لە ساڵی ١٣٢٧ پێک هات، ئاماژە بە «ئازادیی تەواوی کەمایەتییەکان لە کاروبارە کولتووریی و ئایینییەکان» کراوە[1] و هەروەها لە بەرنامەی حیزبی توودەی ئێران دوای پلێنۆمی حەوتەم و کۆنفرانسی یەکگرتن لەگەڵ فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لە هاوینی ١٣٣٩ی هەتاوی ئاماژە بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانی ئێران کراوە.[2] لە سەردەمی کۆماری کوردستان، حیزبی توودەی ئێران لەڕاستیدا تاقانە پشتیوانی نێوخۆیی ئەو کۆمارە بوو. ئەم حیزبە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان ڕۆڵێکی کاریگەریی بۆ وێنە لە بواری زیندووکردنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پەروەردەکردنی کادر و یارمەتیدان لە چاپکردنی بڵاوکراوەکان و.. بینیوە.

«حیزبی توودەی ئێران لە کۆنگرەی دووەمی خۆیدا خوازیاری پێکهێنانی پێوەندیی نزیکتر لەگەڵ «فیرقە»ی دێموکراتی کوردستان بوو و بە پراکتیزەکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی دووەم، حیزب گوڕ و تینی زیاتری بە تەبلیغات لەبارەی مەسەلەی «قەومی» دا. بەم پێیە دروشمگەلێکی وەک «بژی یەکێتیی خەڵکی ئێران»، «بژی بزووتنەوەی نەتەوەیی ئازەربایجان و کوردستان»، نەمانی هەر چەشنە سەرکوتێکی نەتەوەیی» و « پشتیوانی لە مافی خودموختاریی بۆ کوردستان و ئازەربایجان بکەن» بە لیستی دروشمە خەیابانییەکانی ئەم حیزبەوە زیاد بوو... لە ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان لە دەیەمین ساڵی کۆچی دوایی «ئەرانی» دا ڕۆژنامەی سەرەکیی حیزب لە ژمارەی تایبەتیی خۆیدا لەژێر ناونیشانی «شەهیدە گەورەکانی ئێران» نە تەنیا ڕێزی لە سیما بەرچاوەکانی ئازەربایجان بەتایبەت حەیدەرخان، ستارخان و خەیابانی گرتبوو، بەڵکو یادی سەدان خەباتگێڕی کورد و ئازەری کردەوە کە لە ڕاپەڕینی ١٣٢٤-٢٥ گیانیان لەدەست دابوو.[3]

لە ساڵی ١٣٢٧ دا ڕێبەرایەتیی کاتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەڕێگەی ئاغای سارمەددینی سادق وەزیری یاساناس و ئەندامی حیزبی توودەی ئێران و، نەمر سدیقی ئەنجیری ئازەر سەرنووسەری بڵاوکراوەی «هاواری نیشتمان» ئۆرگانی یەکێتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستان، پێوەندیی لەگەڵ ڕێبەرایەتیی حیزبی توودەی ئێران گرت و[4] هاوکاریی ڕێکخراوەیی ئەوان دەست پێ دەکا. پێوەندییەکانی حیزبی توودەی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم قۆناغەدا بەشێوەیەک لێک نزیک و تووندوتۆڵ بوو کە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی کوردستان دەچوونە ناوچەکانی جێی‌چالاکیی حیزبی توودەی ئێران. حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بە کردەوە ڕۆڵی ڕێکخراوی ئەیالەتیی حیزبی توودەی لە کوردستان دەگێڕا و شوێنکەوتوو و جێبەجێکاری سیاسەتەکانی ئەو حیزبە لە کوردستان بوو. ئەم پێوەندییە هەتا بەهاری ساڵی ١٣٣٤ و پچڕانی پێوەندیی کادرەکان و ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ حیزبی توودەی ئێران بەهۆی نفووزی هێزەکانی پۆلیسی ئێران لە ڕێکخستنەکانی حیزبی توودەی ئێران درێژەی کێشا.[5]

لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٣٣٢ هەتا ڕوودانی شۆڕشی ڕێبەندانی ٥٧ی هەتاوی بێجگە لەو هەوراز و نشێوە زۆرانەی کە لە پێوەندییەکانی نێوان دوو حیزبدا هاتە کایەوە، بەشێکی زۆر لە کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەتا کۆتاییەکانی دەیەی ٧٠ی سەدەی بیستەمی زایینی پێوەندییەکی نزیک و توندوتۆڵیان لەگەڵ حیزبی توودەی ئێران هەبوو و کەڵکیان لە یارمەتییە ماددیی و مەعنەوییەکانی ئەو حیزبە وەردەگرت.

لە مەودای نێوان ساڵانی ١٩٦٥ هەتا ١٩٧٠ بە یارمەتیی حیزبی توودەی ئێران ٢٦ ژمارەی «کوردستان» بە سەرنووسەریی دوکتور قاسملوو و هاوکاریی کەریم حیسامی، حەسەن قزڵجی، محەمەد موهتەدی، عەلی گەلاوێژ لە ئورووپا بڵاو کرایەوە. لە ڕادیۆ پەیکی ئێران»یش بەرنامەکانی کوردی بڵاو بوونەوە کە تێیاندا باسی مەسەلەکانی کوردستانی ئێران و عێراق و ... دەکرا. لە ڕەوتی شکڵگرتنی «حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ کۆمیتەی شۆڕشگێڕی» و دەسپێکردنی خەباتی چەکدارانە لە کوردستان لە ساڵەکانی ٤٧ ـ ٤٦ دا، لە دانیشتنی دوکتور ڕادمەنیش سکرتێری گشتیی حیزبی توودەی ئێران لەگەڵ نوێنەرانی «کومیتەی شۆڕشگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستان» لە نۆی فێورییەی ١٩٦٨ لە بەغدا [6] ڕێککەوتنێک لەبارەی هاوکاریی ئەم حیزبە و یارمەتییە ماددیی و مەعنەوییەکانی بە بزووتنەوەی چەکدارانە لە کوردستان هاتە کایەوە. بەشێکی زۆر لە کادر و پێشمەرگەکانی ئەم بەشە لە حیزبی دێموکرات لە خەباتی چەکدارانە بە دژی ڕێژیم پڕچەک و پۆشتەوپەرداخی شا گیانیان لەدەست دا و پشتیوانیی حیزبی توودەی ئێران بەکردەوە لە دەربڕینی هاودەردی و گەیاندنی هەواڵ لە بڵاوکراوەکانی خۆیدا و ڕەنگدانەوەی ئەم ڕووداوانە لە بەشی کوردیی «ڕادیۆ پەیکی ئێران»دا کورت بۆوە.

لە سەرەتاکانی دەیەی ٧٠ی سەدەی بیستەمی زایینی بە گەڕانەوەی دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو بۆ کوردستان و زیندووکردنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن ناوبراو و کادر و ئەندامەکانی دیکەی ئەو حیزبە لە ئێراق کە بەشێکی زۆریان لایەنگری حیزبی توودەی ئێران و ئۆردوگای سۆسیالیستیی بوون، ئەم هیوایە بۆ حیزبی توودەی ئێران دروست بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ببێتەوە ڕێکخراوی ئەیالەتیی ئەو لە کوردستانی ئێران. بەڵام سیاسەتەکانی دوکتور قاسملوو و ڕێبەرایەتیی نوێ سەرەڕای ئەوەی خوازیاری پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ حیزبی توودەی ئێران و ئۆردوگای سۆسیالیستی و پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی نیشتمانی بوون، مەبەستیان بەسەربەخۆ ڕاگرتنی ئەو حیزبە بوو. هەوڵەکانی دۆستانەی ڕێبەرایەتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەیەی ٧٠ی سەدەی بیستەم زایینی بۆ پێکهێنانی بەرەی یەکگرتوو لەگەڵ حیزبی توودەی ئێران سەرەڕای حەز و مەیلی ئیرەجی ئەسکەندەری سکرتێری ئەوکاتی حیزبی توودەی ئێران بەهۆی کارشکێنییەکنی نورەددینی کیانووری و بە فەرمی نەناسینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک حیزبێکی سەربەخۆ لەلایەن ئەو حیزبەوە دەرەنجامێکی نەبوو. بە چوونەدەری دوکتور کیانووری لەدانیشتنێک کە لە جولای ١٩٧٥ لە بێرلین لەنێوان هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزبی توودەی ئێران (ئیرەج ئەسکەندەری، کیانووری و عەلی گەلاوێژ) لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ( دوکتور قاسملوو، کەریم حیسامی و حەمەدەمینی سیراجی) پێک هاتبوو،[7] بە کردەوە پێوەندییە دۆستانە و مێژووییەکانی ئەوان تێک چوو. ئاستی ئەو ناکۆکییانە گەیشتە ڕادەیەک کە حیزبی توودەی ئێران لە بەیاننامەیەک کە لە ڕۆژنامەی «مردم» ژمارە ٣٦ ـ گەلاوێژی ١٣٥٤ ـ چاپ و بڵاو کرایەوە و چەندین جاریش لە ڕادیۆ پەیکی ئێران خوێندرایەوە، خوازیاری هاتنەدەری خەباتگێڕانی کورد لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و چوونەناو «حیزبی چینی کرێکاری ئێران» بوون. ئەم کارە لەگەڵ دژکردەوەی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وناڕەزایەتیی دۆستانە و لۆژیکیانەی ئەوان بەرەوڕوو بۆوە و لە وتارێک لەژێر ناونیشانی «وەڵامی پەیامێک» لە ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران) ژمارە ٣٧ ـ گەلاوێژی ٥٤، وڵامیان دانەوە.[8] دژایەتیی کیانووری لەگەڵ دوکتور قاسملوو لەم بڕگە زەمانییەدا کاریگەرییەکی نەرێنیی لەسەر پێوەندییەکانی حیزبی توودەی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەردەمی دوای شۆڕشی ڕێبەندانی ٥٧ بەجێ‌هێشت. دوکتور کیانووری لە «پرسیار و وەڵام»ی خۆیدا جەختی لەوە کردووە: «حیزبی توودەی ئێران سەرەڕای هەوڵەکانی چەند ساڵەی دوکتۆر قاسملوو هیچکات ئامادەی دانیشتن لەگەڵ ناوبراو بە نێوی فەرمیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر مێزی وتووێژ نەبووە.»[9]


مردم
ارگان مرکزی حزب توده ایران
ممانعت از فعالیت حزب توده ایران
محمل قانونی ندارد
املاک فئودالها و مالکین بزرگ باید
بلاعوض میان دهقانان تقسیم شود
مشت گردانندگان خائن
سربازان! درجه‌داران! افسران باشرف ارتش!

*سەرچاوەکان:*

*١. اسناد و دیدگاه‌ها، حزب توده ایران از آغاز پیدایی تا انقلاب بهمن ١٣٥٧. چاپ اول ١٣٦٠. ص:٦٦ و ١٤٣.*

*٢. سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٤٠٣ و ٤١٩.*

*٣. ایران در بین دو انقلاب، یرواند ابراهامیان، ص ٥١٠ چاپ شانزدهم، نشر نی، تهران ١٣٥٩.*

*٤. پەنجا ساڵ خەبات، کورتەمێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەرگی یەکەم، لاپەڕی ٧٧، جەلیل گادانی، چاپی موکریانی، هەولێر.*

*٥. لە کۆبوونەوەیەکدا بە بەشداریی غەنی بلووریان، عەبدولڕەحمان قاسملوو، هاشم ئەقڵوتتولاب، سلێمان موعینی، حەمەدەمین ڕاتبی، عەبدوڵڵای ئیسحاقی، سدیق ئەنجیری و ئەسعەد خودایاری لە بەهاری ١٣٣٤ی هەتاوی ـ ١٩٥٥ی زایینی لە ماڵی سدیق ئەنجیری لە تاران پێک هات، بە سەرنجدان بە نفووزی پۆلیس لە تەشکیلاتی حیزبی توودەی ئێران، بۆ پێشگرتن لە ئاشکرابوونی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بڕیاری پچڕاندنی تەواوی پێوەندییەکانی تەشکیلاتیی لەگەڵ حیزبی توودەی ئێران درا. ئاڵەکۆک، بیرەوەرییەکانی غەنی بلووریان، لاپەڕە ١٥٥، ستۆکهۆڵم ١٩٩٧.*

*٦. بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی، بەرگی سێهەم، لاپەڕەی ١٠١، ستۆکهۆڵم ١٩٨٨.*

*٧. بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی، بەرگی چوارەم، لاپەڕەی ١٦٢، ستۆکهۆڵم.*

*٨. لەم وڵامنامەیەدا وێڕای سەرلەنوێ پێداگرتنەوە لەسەر خەبات و پێکهێنانی بەرەی یەکگرتوو بە دژی ڕێژیمی دیکتاتۆریی شا و هەروەها ڕەتکردنەوەی تۆمەتەکانی حیزبی توودەی ئێران لە پێوەندیی لەگەڵ ئیدیعای پاشگەزبوونەوەی حیزبی دێموکرات لە بەڵێنی یەکگرتنی تەشکیلاتیی دوو حیزب بۆ نموونە هاتووە:» ئەوەکە حیزبی دێموکراتی کوردستان نەریتی هاوپێوەندیی و یەکێتیی سیاسیی و تەشکیلاتیی چالاکە تێکۆشەرەکانی وەلا ناوە، تۆمەتێکی بێ‌ئینسافانەیە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژی یەکەمی دروست بوونی خۆیەوە، ڕێکخراوێکی سیاسیی سەربەخۆ بووە و هەرلەوکاتەوە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی نیشتمانی لەنێو حیزب و ڕێکخراوە دێموکراتە ئێرانییەکان و بۆهاوکاریی و هاوپێوەندیی هێزە نیشتمانییە دژە ئیمپریالیستییەکان و دژی ڕێژیمی دیکتاتۆریی شا تێ‌دەکۆشێ.*

*یەکگرتنی سیاسی و تەشکیلاتی شتێکە و بەشداریی لە بەرەی یەکگرتوو و هاوکاریی نێوان دوو حیزب شتێکی دیکەیە. یەکگرتنی سیاسی و ڕێکخراوەیی کە لەنێوان ڕێبەرایەتیی حیزبی توودەی ئێران و فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لەدەرەوەی وڵات و دوور لە نیشتمان دروست بوو،ناتوانێ ببێتە ئۆلگوو و سەرمەشقێک بۆ حیزب و ڕێکخراوە دێموکراتەکانی دیکە. یەکگرتوویی سیاسی و ڕێکخراوەیی دوو حیزبی جیاواز کە بەرنامە و پێڕەوی جیاوازیان هەیە بەم ئاسانییە نیە و بە ناردنی پەیام و پێشنیار و بەپێی حەز و ویستی چەند ڕێبەرێک جێبەجێ نابێ. داواکاریی حیزبێک کە خۆی بە حیزبی چینی کرێکار و خاوەن دنیابینی زانستیی دەزانێ لە ڕێکخراوەکانی حیزبێکی نەتەوەیی و دێموکرات بۆ پێوەندیی گرتن لەگەڵ ڕێبەرایەتیی حیزبێکی دیکە و پێڕەوی لە بەرنامە و ئامۆژگارییەکانی بە پاراستنی ناوی خۆیەوە، کارێکی نادروست و دوور لە ڕێباز و لێکدانەوەی مارکسیستییە. ڕێبەرانی حیزبی توودەی ئێران باش دەزانن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی چینێکی دیاریکراو نیە. حیزبێکی نەتەوەیی و دێموکراتە کە لە قۆناغی خەباتی ڕزگاریخوازانە بۆ ئێرانێکی دێموکرات و بۆ وەدەسهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، نوێنەرانی هەموو چین و توێژە دێموکراتەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی لە دەوری خۆی کۆ کردۆتەوە. ئایا حیزبێک کە خۆی بە مارکسیست دەزانێ، دەتوانێ وەها ڕێکخراوێک بەم شێوە و پێکهاتەیەوە لەنێو ڕێکخراوەکانی خۆیدا جێ بکاتەوە؟ کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی توودەی ئێران بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییە کە دەستتێوەردان لە کاروبارە نێوخۆییەکانی حیزبێکی دیکە لەگەڵ بنەماکانی مارکسیسم و ڕێبازی سیاسی و ئەخلاقیی حیزبێکی دێموکرات و پێشکەوتنخواز یەک ناگرێتەوە، داوای لە هەموو تێکۆشەرانی کورد کردووە گرووپ و کۆمەڵە جۆراوجۆرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەپێی بەرنامەی سیاسی و ڕێنوێنییەکانی تەشکیلاتی حیزبی توودەی ئێران، دابڕێژنەوە و پێوەندیی لەگەڵ ناوەندی حیزبی توودەی ئێران بگرن.»... ئێمە چالاکیی تەواوی حیزب و ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکان لە کوردستانی ئێران بە کارێکی ڕەوا دەزانین بەڵام دەستتێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە کردەوەیەکی خراپکارانە و نادۆستانە لەقەڵەم دەدەین. مافی خۆمانە لە ڕێبەرانی حیزبی توودەی ئێران بپرسین ئێوە کە خۆتان بە حیزبی چینی کرێکاری ئێران دەزانن، بۆ لە کوردستان بە نێوی حیزبی توودەی ئێران، ڕێکخراوی سیاسیی چینی کرێکاری دروست ناکەن و بۆچی داوا لە ڕێکخراوەکانی حیزبێکی نەتەوەیی و دێموکرات دەکەن دەست لە حیزبی خۆیان هەڵگرن، بەرنامە و پێڕەوی خۆیان وەلا بنێن و بێنە نێو حیزبی توودەی ئێران؟ ئایا داواکاریی ڕێبەرایەتیی حیزبی توودەی ئێران لە خەباتکارانی گەلی کورد بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەک ڕێکخراوەکانی حیزبی توودەی ئێران خۆی نیشاندەری ئەم ڕاستییە نیە کە حیزبی ئێمە لەنێو خەڵکی کوردستانی ئێران خۆشەویستە و تێکۆشەوانی گەلی کورد حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە حیزبی پێشڕەوی کوردستانی ئێران دەزانن؟ (سەرچاوەی کوردی)*

*٩. پرسش و پاسخ، مسائل داخلی و خارجی انقلاب ایران شمارە ٩(١٩)،ص٧٦.*

---

درێژەی:

## قەیرانی سیاسی‌و بارودۆخی نوێی گۆڕانە سیاسی ـ کۆمەڵایەتی‌یەکان

پێناو بەرگری لە نەریت و زەبروەشاندن لە مۆدرنیتە دەخاتە گەڕ.

ناڕەزایەتی گرژ و دژکردەوەی توندو تیژی وڵاتانی ئیسلامی کە تەنانەت ئەزموونی بەهاری ئیسلامیشی تێپەڕاندوە ، لەبەرابەر بڵاوبوونەی فیلمی (بێ‌تاوانی موسڵمانان) داو هێرش کردنە سەر باڵوێزخانەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئازارو ئەزێتو دەستدرێژی کردنە سەر دیپلۆماتو باڵوێزخانەکانیانو لە کۆتایی دا کوشتنی بێ بەزەییانەی ئەوان، تەقینەوەو هێرشی خۆکوژی، کە هێرشی ١١ی سیبتامبر باشترین نموونەیەتی، ئاگرتێبەردانی مەشروب فرۆشیو دەرکردنی بڕیاری کوشتنی کەسانی وەک سەلمان ڕوشدی و... نموونەیەکن کە ڕادەی ناهەماهەنگی و پێنەگەیشتوویی گۆڕانی کۆمەڵایەتی زۆربەی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان لە

**کوردستان بە هۆی پێکهاتەی ئەتنیکی خۆی و بە سەرنجدانی بە فاکتەرەی گرینگ نەبوونی ئەزمونی پێویست لە سیستم و سترەکچەری حکوومەتداری، دەبێ هەمیشە لە هەلومەرجی گۆڕانی کۆمەڵایەتی‌و دامەزراندنی نەزمی نوێ ورد بێتەوەو لە ئێستاوە هەوڵ بۆ دامەزراندنی پێوەندی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی زیاتر و لۆژیکی تر لە کۆمەڵگەی کوردی بدرێ**

سەر بەستێنی نەریت دەردەخا و بە بێ نەزمی خۆی، نەزمی نوێی جیهانی و تەنانەت داهاتووی دیموکراسیخوازیش دەخاتە مەترسی‌یەوە.

دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی و بەریانی نەریتی و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی بە ئامادەکردنی هێزەکانیان لە بەرامبەر فەرهەنگی ڕۆژئاوا، بە ناوی داکۆکی لە ئایدێنتیتیو فەرهەنگی ئیسلامیو کەڵک وەرگرتن لە پڕو پاگەندەی نەریتی و شێواندنی ئەندێشە دژە ڕۆژئاواییەکان بە مۆرکی دوژمنانی ئایین و کافران و... هێز و پوتانسییەلەکانی وڵات لە ژێر ناوی سەبازو فیدایی دەخەنە ڕێگەی بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان.

کوردستان بە هۆی پێکهاتەی ئەتنیکی خۆی و بە سەرنجدانی بە فاکتەرەی گرینگ نەبوونی ئەزمونی پێویست لە سیستم و سترەکچەری حکوومەتداری، دەبێ هەمیشە لە هەلومەرجی گۆڕانی کۆمەڵایەتیو دامەزراندنی نەزمی نوێ ورد بێتەوەو لە ئێستاوە هەوڵ بۆ دامەزراندنی پێوەندی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی زیاتر و لۆژیکی تر لە کۆمەڵگەی کوردی بدرێ و هەروەها فاکتەری ئایین (نەریت) وەک پوتانسییەلێک کە توانای پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی لە کەشی دوای گۆڕانی کۆمەڵایەتی کوردستانو دامەزراندنی دەسەڵاتی مافی دیاریکردنی چارەنووسی کوردی بە دەستی خۆی هەیە و ڕەنگە بە هۆی نەبوونی پێوەندی و بەستێنی سازی دروست، کوردستانیش ببێ بە گۆڕەپانی گەشەو پێگەیشتنی بەریانییە ئایینیو نەریتی ڕەوتە سیاسییو یان خەڵکێک کە ماوەیەکی زۆرە لە حکومەتێکی ئایینی دڵخوازی خۆیان بێبەش بوون.

# لەبارەی ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی عێراق

## لە وتووێژێکدا لەگەڵ عەبدوڵڵا بەهرامی

**ئارەش لورستانی: بە لە بەرچاوگرتنی ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەشەکانی کوردستان، دۆخی سیاسیی نەتەوەی کورد بەگشتی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

من پێم وایە ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ناوچەدا ڕوویان داوە یان لە حاڵی ڕوودان دان، کارتێکەریی بەرچاویان لە سەر پارچەکانی کوردستان داناوە. ڕوونە کە چەندو چۆنی ئەم کارتێکەرییە لەسەر هەر کام لە پارچەکانی کوردستان وەک یەک نیە. دیارە لە پەنا کارتێکەریی ڕووداوەکانی ناوچەدا پێویستە باس لە دوو دەستە ئاڵوگۆڕی دیکەش بکەین. یەکەم ئەو ئاڵوگۆڕانەی لەم وڵاتانەدا کوردستانیان بە سەر دابەش کراوە ڕوو دەدەن و دووەم ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە نێو گۆڕەپانی سیاسەت و کۆمەڵگەی هەر کام لە پارچەکانی کوردستان دا دێنە گۆڕێ. دەکرێ بەدڵنیاییەوە بڵێین ئەم ئاڵوگۆڕانەی بەتایبەت دۆخی سیاسیی پارچەکانی کوردستانیان گرتۆتەوە لە داهاتوو دا قووڵتر دەبنەوەو بە شێوەیەکی بەرهەستتر ئاکامەکانی دەردەکەون.

ئەوە کە باشووری کوردستان لە ئاکامی ئەو ئاڵوگۆڕانەی عێراقیان گرتۆتەوە کەوتۆتە دۆخێکی زۆر جیاوازەوەو پرسی سەربەخۆیی باشووری کوردستان بە ناوچە دابڕێندراوەکانیشەوە بۆتە پرسی وڵاتانی ناوچەو تەنانەت زلهێزەکانی دنیاش بەرچاوترینی ئەم ئاڵوگۆڕانەیە. ئەم دۆخە نوێیە دەتوانێ سەربەخۆیی باشووری کوردستانی لێبکەوێتەوە، کە بە لێکدانەوەی ژمارەیەکی زۆر لە شارەزایانی سیاسی پێداویستییەکانی ئامادە بوون. ڕوودانی ڕوداوێکی ئەوتۆش دەتوانێ جگە لە گۆڕینی نەخشەی سیاسیی ناوچەکە کاردانەوەی پۆزەتیڤی لە بەشەکانی کوردستان بەداوە بێ.

هاوکات لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی باشووری کوردستان و عێراق لە تورکیە و باکووری کوردستان پرۆسەی ڕووداوەکان کەوتوونەتە ڕێڕەوێکی بنیاتنەر بە قازانجی چارەسەر کرانی پرسی کورد لە تورکیە. لەم پێوەندییەدا پەسەندکرانی گەڵاڵەی ئاشتی لەگەڵ کورد لە پارلمانی ئەو وڵاتەدا دەتوانێ ببێتە بەستێنی پتەوتربوونی پێگەی سیاسیی کوردو لە درێژماوەدا ئاشتیی نێوان بزووتنەوەی کورد و حکوومەتی تورکیەی لێ بکەوێتەوە.

لە ڕۆژئاوای کوردستانیش هەرچەند دوورەدیمەنی ڕووداوەکان تاڕادەیەک ناڕوونەو بەستراوەتەوە بە داهاتووی سووریەوە، بەڵام بەوحاڵەش پاراستن و بەهێز کردنی سەنگ و قورسایی کوردو یەکگرتوویی هێزە ساسییەکان و دیپلۆماسیی ژیرانە دەتوانن ببنە هۆکارێکی گەرەنتیکار بۆ ئەوەی ستاتۆی ئێستای کورد نەک درێژەی هەبێ، بەڵکوو بەهێزتریش بێ.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا ئەگەرچی بەشێوەیەکی بەرهەست نیشانەکانی ئاڵوگۆڕێکی سیاسی تێدا بەدی ناکرێ، بەڵام بێگومان ئەمڕۆ زیاتر لە هەر کات ئیلهامی هیوابەخشی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان وەرگرتوە. جگە لەمە دەکرێ بڵێین ئەم بەشەی کوردستان زیاتر لە هەر کات دەریخستوە کە کە سیاسەتی سەرکوتی حکوومەتی ناوەندی نەیتوانیوە لە درێژخایەن دا سەرکەوتوو بێ. ئەمڕۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەناوی خۆی دا خەریکە ئاڵوگۆڕی بەرچاو و بنچینەیی بەخۆیەوە دەبینێ. تەنینەوەی کولتووری مافخوازی و شکاندنی تابۆی بڤەبوونی هێنانە گۆڕێی داخوازە سیاسییەکانی نەتەوەی کورد کە دەکرێ بە هەنگاوە بەراییەکانی هەرچی زیاتر بە جەماوەری کردنی خەباتی نەتەوەیی دانرێ.

پەرەگرتنی کولتووری کاری مەدەنی و فەرهەنگی لە پەنا گەشەی هەستی شوناسخوازی داو بەرەوژوورچوونی ئاستی وشیاریی سیاسی لە نیشانە بەرچاوەکانی ئاڵوگۆڕەکانی ئەم بەشەی کوردستانن. بەدڵنیاییەوە لە ئەگەری ڕەخسانی هەرچەشنە هەلێکی سیاسی دا ئەم پێشکەوتنانە دەتوانن ببنە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ قورس بوونی سەنگی سیاسیی کورد لەم بەشە کوردستان.

**ئارەش لورستانی: ئەگەر باشووری کوردستان سەربەخۆیی ڕابگەیەنێ پرسی کورد دەچێتە چ قۆناخێکەوە؟**

سەربەخۆیی باشووری کوردستان دەکرێ بە یەکێک لە ڕووداوە سیاسییە هەرە گرنگەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە قەڵەم بدرێ. ئەم هەنگاوە لە یەکەم ڕوانین دا بە دەسکەوتێکی گەورەی سیاسی، یان قەرەبووکردنەوەی بەشێک لەوغەدرە مێژووییە لە قەڵەم دەدرێ کە لە مێژوودا لە کورد کراوە. ئەم غەدرە مێژووییە دەبێ ڕۆژێک کۆتایی بێ و گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت حەقی خۆی وەرگرێتەوە. هەنگاوێکی ئاوا گەورە لەلایەن کوردەوە هەم دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان، هەم کارتێکەریی ڕاستەوخۆ لە سەر بەشەکانی دیکەی کوردستان دانێ. ئەم هەنگاوە لە هەمان دەتوانێ ببێتە مایەی نیگەرانی و تەنانەت ترسێکی گەورە بۆ حکومەتەکانی ناوچە کە دەبینن سیستمی دەوڵەت_نەتەوەی زۆرەملی و پێکەوەژیانی بەزۆر لە عێراق شکستی هێناوە. بۆیە چاوەڕوان دەکرێ حکومەتی سەربەخۆی باشووری کوردستان لە چەند لاوە بکەوێتە ژێر فشارو هەڕەشەوە. ئەوەش کۆی بزووتنەوەی کورد دەخاتە دۆخێکی بە تەواوی جیاوازەوە.

**ئارەش لورستانی: بیروڕای گشتیی کۆمەڵگەی جیهانی و دەسەڵاتە باڵادەستەکانی دنیا چۆن دەڕواننە سەربەخۆیی کوردستان ؟**

ناکرێ چاوەڕوان بین بیروڕای گشتیی کۆمەڵگەی جیهانی ڕوانگەیەکی وەک یەکیان بۆ پرسی کورد هەبێ. بەڵام لانیکەم دەتوانین چاوەڕوان بین بیروڕای گشتیی وڵاتان پێشکەوتوو بە تایبەت لە ئورووپا پێشوازی لە پێکهاتنی دەوڵەتی کوردستان بکەن یان لانیکەم دژایەتیی نەکەن. لە ئاستی وڵات و دەسەڵاتە باڵادەستەکانیش دا دیارە نابێ چاوەڕوان بکەین ڕوانگەکان وەک یەک بێ. لێرەدا تەنیا بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانن کە دیاریی دەکەن کام وڵاتی بەهێزی دنیا پشتگریی لە سەربەخۆیی کوردستان دەکا. ڕاستە بەشێک لە وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکا بەرژەوەندییان لە عێراق هەیە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەو بەرژەوەندییانەی ئەوان لە وڵاتێک دا کە جێگیریی سیاسی و تەناهیی تێدا نیە هەمیشە لە مەترسی دان.

ڕەنگە لێرەدا بەرژەوەندیی ئەوان لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە بێتە گۆڕێ. بەڵام ئەم فاکتەرەش بەهیچ شێوەیەک ناتوانێ وەک پێشوو دەور بگێڕێ. ئێستا لەو چوار وڵاتە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە دوویان لەگەڵ ڕۆژئاوا ململانەی توندیان هەیە، وڵاتی عێراق بەکردەوە دابەش بوە. دەمێنێتەوە تورکیە. دەوڵەتی ئەم وڵاتەش جگە لەوەی کۆمەڵێک هەنگاوی بۆ چارەسەری پرسی کورد لەو وڵاتە هەڵێناوەتەوە، بەرژەوەندیی ئابووریی گرنگی لە باشووری کودستان هەیە. کەواتە لە سەردەمی ئێستادا دۆستایەتیی ڕۆژئاوا لەگەڵ وڵاتانی ناوچە ناتوانێ کارتێکەریی جارانی لەسەر ڕوانگەی ئەوان لەبارەی پرسی کوردەوە هەبێ.

من پێم وایە هەرچەند پشتگریی دنیای دەرەوە گرنگە. بەڵام گرنگترین فاکتەر یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکان و ویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە. ئەگەر ویستی ئەوان دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێ، پێم وانیە هیچ لایەنێک بتوانێ بەر بە سەربەخۆبوونی باشووری کوردستان بگرێ.

**ئارەش لورستانی: دەکرێ کوردستانی سەربەخۆ ببێتە شوێنێک کە وڵاتانی بەهێزی دنیا بەرژەوەندییەکانی خۆیانی تێدا ببیننەوە؟**


پێم وایە هەر ئێستاش هەرێمی کوردستان بۆتە شوێنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی بەشێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پوتانسیلە ئابوورییانەی هەیەتی و هەروەها جێگیرییەکی تەناهی و سیاسی کە لەوێ بەدی دەکرێ، چاوەڕوان دەکرێ باشووری کوردستان ببێتە شوێنی کۆکردنەوەی بەرژەوەندیی وڵاتانی ڕۆژئاوایی. ئەو سەرمایەدانانە قورسانەی کۆمپانیا بیانییەکان لە هەرێمی کوردستان کردوویانە و دەیکەن نیشانەیەکی ڕوونی ئەو ڕاستییەیە.

**ئارەش لورستانی: حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کوێی ئەو ئاڵوگۆڕانەدا هەڵکەوتوون؟**

ڕوونە کە لە پێوەندی لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی باشووری کوردستان دا حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەورێکی ئەوتۆیان نیە، بەڵام بێگومان هەر ئاڵوگۆڕێک کە لەو بەشەی کوردستان یان بەشەکانی دیکەدا ڕوو دەدا، کارتێکەریی لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبە سیاسییەکانی دەبێ و بەدڵنیاییەوە ڕووبەڕووی بەرپرسیارەتیشیان دەکاتەوە.

پێم وایە سەرەکیترین کارتێکەریی سەربەخۆیی باشوور لەسەر ڕۆژهەڵات دەتوانێ بریتی بێ لە گەشەی بە بیری نەتەوەیی و قوڵبوونەوەی هەستی شوناسخوازانە. دیارە ئەوەش فاکتەرێکی گرنگە کە پێویستە حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە قازانجی بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی لەم بەشەی کوردستان کەلکی لێوەرگرن.

لە پێوەندی لەگەڵ بەرپرسایەتییەک کە سەربەخۆیی باشوور ڕووبەڕوی هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی دەکاتەوە دەبێ بڵێین هەروەک ئاڵوگۆڕەکانی دوای ١٩٩٠ بەرپرسیارەتییەکی نەتەوەیی بۆ بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات دروست کردو تەنانەت لە زۆر بارەوە سنورداری کردوون، لە دۆخێکی ئەوتۆدا دەتوانێ تووشی سنووردارییی زیاتری بکاتەوە. مەبەست لە سنووردار‌بوون ئەوەیە کە چالاکیی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان لە بنکەکانی باشوورەوە لەوەش زیاتر دەکەوێتە ژێر کارتێکەریی بەرژەوەندییەکانی ئەو بەشەوە. بۆیە ئەو حیزبانە ناچارن لەوەش کە هەیە چاوەڕوانییان لە باشوور وەک پشتی بەرەیەک کەمتر بێ.



**پێم وایە سەرەکیترین کارتێکەریی سەربەخۆیی باشوور لەسەر ڕۆژهەڵات، دەتوانێ بریتی بێ لە گەشەی بە بیری نەتەوەیی و قوڵبوونەوەی هەستی شوناسخوازانە. دیارە ئەوەش فاکتەرێکی گرنگە کە پێویستە حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە قازانجی بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی لەم بەشەی کوردستان کەڵکی لێوەرگرن**

---

**سوپاسنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ خەڵکی کوردستان**

# ڕێز لە وەفاداریو هەڵوێستی ئەمەگناسانەتان دەگرین

**خەڵکی ئەمەگناسی کوردستان!**

هۆگران و ئەویندارانی ڕێگا و باوەڕ و ئامانجەکانی د.قاسملووی ڕیبەڕ!

تێکۆشەران، ئەندامان، لایەنگران و دڵسۆزانی دیموکرات!

یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدبوونی د.قاسملووی ڕێبەڕ، جارێکی دیکەهەمووومانی لەدەوری یەک کۆ کردەوەبۆ ئەوەی وێکڕا ئاوڕ لەخەبات و تێکۆشانی سیاسیی ئەو کەسایەتییەگەورەیەبدەینەوە.

بۆ چەند حەوتوو دەچێ، کوردستانو هەروڵاتو شوێنێک کە ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی نیشتمانپەروەرو ئەمەگناسیان لێ دەژین، بوون بەمەیدانی چالاکیی سیاسیی،ڕۆشنبیری، نەتەوەیی و خەباتکارانەبەمەبەستی ڕێز گرتن لەیادی ئەو ڕێبەرەبەتوانایەی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەمان لەڕۆژهەلاتی کوردستان.

لەنێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێوەهۆگرانی ڕێگاو ئامانجەکانی د.قاسملووی ڕێبەڕ لەحەوتوویەک زووترەوە قۆڵتان لەیادکردنەوەی ڕێبەری شەهیدی خۆتان هەڵماڵی. بەکاری تەبلیغیی بەرینو بڵاوکردنەوەی وێنەو وتەکانی د.قاسملووی نەمر لەزۆربەی شارو گوندەکانی کوردستانو شەکاندنەوەو هەڵاوەسینی ئاڵای کوردستانو پوستێری د.قاسملوو، وەفاداریی خۆتان بەڕێگاو ئامانجەکانی ئەو ڕێبەرەنەمرەدووپات کردەوە. ڕۆژی٢٢ی پووشپەر، لە گەڵ ئەوەی کۆماری ئیسلامی، زۆر لە شارەکانی بە هێزە ئەمنییەتی و سەرکوتکەرەکانی تەنیبوو، پاڕازیتی خستبووە سەرکاناڵە تەڤیزیۆنییە کوردییەکان، خەتی ئەنترنێت و پێوەندەییە تەلەفۆنییەکانی لە گەڵ کێشە و گرفت بەرەوڕوو کردبوو، ئێوە بەبایکۆتکردنی شەقام وبازاڕو شوێنەگشتییەکانو لەزۆر شوێنیش بەداخستنی دوکانو بازاڕو زاڵکردنی کەشوهەوای نەتەوەییو حەماسی بەسەر شوێنی ژیانتان دا، جارێکی دیکە سەلماندتان کەتاوانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر د.قاسملووو نەتەوەکەی لەبیر ناکەن. شەوی ٢٢ لەسەر ٢٣ی پووشپەڕیش بەکوژاندنەوەی چرای ماڵەکانتان لەساتەوەختی شەهیدکرانی د.قاسملووو هاوڕییانی دا، ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیتان سەرلەنوێ مەحکووم و ڕیسوا کردەوە.

لە هەرێمی کوردستانو لە وڵاتە ئورووپاییەکانیش، ڕێبوارانو درێژەدەرانی ڕێگای د.قاسملوو، بە بەشداریی کوردانی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان ودۆستانی ئێرانیو بیانیی نەتەوەی کورد، یادی کارەساتی تیرۆریستیی ڤییەن و کەسایەتیی د.قاسملوویان کردەوە. لە کۆڕو کۆبوونەوەو سمینارو مراسمی تایبەت دا، ڕێزیان لەخزمەتەکانی ئەو ڕێبەرە بە توانایە بە خەباتی نەتەوەکەی گرت، تیشکیان خستە سەربیروبۆچوونو ڕوانگەکانی، وتەو ئامۆژگارییەکانیان وەبیر هێنایەوە، تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامیو ساتوسەوداوهەڵوێستی شەرماویی دەوڵەتی ئوتریشیان مەحکووم کردو لە گەڵ گیانی ئەو ڕێبەرە پەیمانیان نوێ کردەوە کە هەتا وەدیهێنانی ئامانجەکانی، لە تێکۆشان و خەبات دا بەردەوام دەبن.

ڕەهەندێکی دیکە لە یادکردنەوەی ٢٥ساڵەی تیرۆری د.قاسملوو، گرنگیدانی ڕاگەیەنە کوردییەکانو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بە بیرەوەریی تیرۆری د.قاسملوو وئەندێشەو خزمەتەکانی ئەو کەسایەتییە زانستی وخەباتکارە بوو. نووسەران، چالاکانی بواری میدیاوهەڵسووڕاوانی دنیای مەجازی بە بایەخەوە ئاوڕیان لە ڕۆڵی بیۆێنەو شوێندانەری د.قاسملوو لە بزووتنەوەی نەتەوەیی و دیموکراسیخوازی لە ئاستی کوردستانو ئێراندا دایەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە ڕێزو پێزانینەوە دەڕوانێتە وەفاداریو هەڵوێستی ئەمەگناسانەی هەمووی ئێوە هۆگرانو ئەویندارانی بیرو خزمەتەکانی د.قاسملوو. بە بۆنەی بەشداریتان لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی یادی ٢٥ساڵەی تیرۆری ئەو ڕێبەرە مەزنەدا دەستخۆشیو ماندوونەبوونیتان لێدەکەین..خۆشحاڵین کە ئێوە بە هەڵوێستی ساڵ بەساڵ گشتیتر و یەکگرتووانەترتان، بە کردەوە ڕۆژی شەهیدبوونی د.قاسملووتان کردوە بە ڕۆژی مەحکوومکردنی تیرۆرو سەرکوتو، لەم ڕۆژە دا بە کۆماری ئیسلامیی دەیسلمێننەوە کە قاسملوو ئەگەر بە جەستە لە نیومان دا نەماوە، بیرو ڕێگاوئامانجەکانی و خەبات لە پێناویان دا، هەر زیندوو و بەردەوامە.

ئێمە وەک سامانێک دەڕوانینە وانەو ئەزموونەکانی نارەزایەتیدەربڕینی ٢٢ی پووشپەڕی خەڵکی کوردستانو، نیازو هیوامان وایە بەم سامانە خەباتکارانەیە، یەکگرتوویی نەتەوەیی وهاوخەباتیمان لە لە بۆنە و ساڵانی داهاتوو دا،بەهێزتر و دەوڵەمەندتر بکەین.

سڵاوی دووبارە لە گیانی پاکی شەهیدانی ٢٢ی پووشپەڕو سەرجەم قوربانیانی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی،

سەربەرزی و سەرکەوتن بۆ خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**کۆمیسیۆنی تەشکیلات**
**٢٤ی پووشپەڕی١٣٩٣**
**١٥ی جولای ٢٠١٤**

# ٧ هۆکار بۆ دژایەتیی ئێران لەگەڵ سەربەخۆیی باشووری کوردستان



موختار نەقشبەندی
و: مەسعود ڕەواندوست

ویڕای پێشکەوتنەکانی داعش و پەرەسەندنی شەڕ و تێکهەڵچوونەکان، نیگەرانیی بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران زیادی کردوەو، ئەم نیگەرانییانە دوای وتوویژی بەڕێز مەسعوود بارزانی لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی سی ئێن ئێن و راگەیەنەکانی دیکە و باسکردن لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد بەوپەڕی خۆیان گەیشتون و بۆتە هۆی ترسانی بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران. عێراق بۆ ئێران تەنیا ولاتێکی دۆست و هاوپەیمان نیە، بەڵکوو ئێران وەک کارتێکی گرنگ لە گەمە سیاسییەکان لەگەڵ رۆژئاوا و رکەبەرە ناوچەییەکاندا سەیری دەکاو، لەدەستدانی ئەم هاوپەیمانە بە مانای دەسپێکی شکست و تەریک مانەوەی لە ناوچەدا دەزانێ کە بواری رووخان و دارمانی خێرای دەرەخسێنێ. بە هێنانەبەرباسی هۆکارەکانی دژایەتیی ئێران لەگەڵ سەربەخۆیی باشووری کوردستان گرنگیی زۆری ئەم ولاتە بۆ ڕێژیمی ئێران روونتر دەبێتەوە:

**١ـ لە دەستدانی کارتی گەمارۆی نەوتی لە کاتێکدا کە رۆژئاوا یان ئیسرائیل هێرش بکەنە سەر ئێران:** عێراق دووەمین بەرهەمهێنەری نەوتی خاوی ئۆپێکە کە رۆژانە نزیک دوو میلیۆن و هەشسەدهەزار بۆشکە نەوت هەناردە دەکا و بڕانی ئەم ڕێژە نەوتە شۆکێکی گەورەدەبێ بۆ بازاری نەوت و دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و زیان بە ئابووریی جیهانی و بە تایبەت ولاتانی رۆژئاوایی دەگەیەنێ. ئەگەر رۆژئاوا هێرش بکاتە سەر ئێران، ڕێژیمی تاران لە ڕێگەی دەوڵەتی گوێ لەمستی خۆی لە عێراق هەناردەی نەوتی عێراق رادەگرێ و تەنانەت ئەگەری ئەوە هەیە چاڵە نەوتەکانیش ئاگر تێبەردا و تێچووی هێرش بۆسەر ئێران بۆ رۆژئاوا بەرێتە سەر. ئەگەر باشووری کوردستان سەربەخۆ بێ ئەم ولاتە خێرا پەرە بە مەیدانە نەوتییەکانی دەدا و پلە و گرنگیی عێراق وەک دووەم ولاتی ئۆپێک کەم دەبێتەوە.

وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان رایگەیاندوە کە هەتا کۆتایی ساڵی زایینیی داهاتوو هەناردەی نەوتی هەرێم دەگاتە رۆژانە یەک میلیۆن بۆشکە. بە وەبەرچاو گرتنی پاشکەوتی نەوتی کوردستان کە لە ساڵی ٢٠١٢ لە کۆنفرانسی وزەدا، نزیک ٤٥ میلیارد بۆشکە راگەیەندرا، ئەم ناوچەیە دەتوانێ بە راکێشانی سەرمایەی دەرەکی و کۆمپانیا گەورە نێونەتەوەییەکان لە ماوەی کەمتر لە دوو ساڵدا هەناردەی نەوتی خۆی بگەیەنەتە زیاتر لە ٢ میلیۆن بۆشکە لە رۆژێکدا. ئەگەرچی زۆربەی هەناردەی نەوتی عێراق لە باشووری ئەم ولاتەوەیە بەڵام بێگومان سەربەخۆیی باشووری کوردستان و پەرەسەندنی سەنعەتی نەوتەکەی گرنگیی عێراق کەم دەکاتەوە و ئەوە بۆ ئێران شتێکی دڵخواز نیە، چونکە بڕیاراتی ئۆپێک لەژێر کاریگەریی بڕیارە سیاسییەکاندان و ئێران لە بوونی رکەبەرێکی هاوپەیمانی رۆژئاوا لە ئۆپێکدا دەترسێ و هەر بۆیە سەربەخۆیی باشووری کوردستان کارتی نەوت لە دەست ئێران دێنێتەدەر.

**٢ـ دابەشبوونی عێراق بەسەر سێ وڵاتدا و بڕانی کەوانەی شیعە:** بێ شک سەربەخۆیی کوردستان کۆتایی کاری عێراق نابێ و بە دوای ئەودا ناوچە سوننەنشینەکانیش لە عێراق جیا دەبنەوە. ناوچە شیعەنشینەکانی عێراق هیچ سنوورێکیان لەگەڵ ولاتی سووریەدا نیە و ئەوە بە مانای پچرانی کەوانەی شیعەیە. ناوچە سوننەنشینەکانی عێراق کاتێک سەربەخۆ بن بێگومان خۆیان بە مووشەکی دژە ئاسمانی تەیار دەکەن و ئێران تەنانەت لە ڕێگەی ئاسمانیشەوە ناتوانی هێز و چەکوچۆڵ بۆ سووریە بنێرێ و ئەوە دەبێتە هۆی رووخانی بەشار ئەسەد یان دابەشبوونی سووریە.

**٣ـ ترس لە هاوکارییە نیزامی و ئەمنییەتییەکانی کوردستان لەگەڵ رۆژئاوا:** کوردستان بەهۆی بارودۆخەکەی پێویستیی بە سپایەکی بەهێز هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ بەرگری لە بەرژەوەندە سیاسی و ئابوورییەکانی بکا و وەزارەتی بەرگریی کوردستان بۆ تەیارکردنی ئەم سپایە کە بتوانێ پێداویستییەکانی کوردستان لە ناوچەی ئاڵۆز و نائارامی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دابین بکا، پێویستیی بە چەندین میلیارد دۆلار هەیە لە ساڵدا. کوردستان ولاتێکی دەوڵەمەندە و ئەگەر سەربەخۆبێ گەشەو هەڵدانێکی خێرای ئابووری بەخۆوە دەبینێ و لە ماوەی کەمتر لە دوو ساڵدا هەناردەی نەوتەکەی دەگاتە سەرووی دوو میلیۆن بۆشکە لە رۆژێکدا و ئەگەر نرخی هەر بۆشکە نەوتێک ١٠٠ دۆلار بێ، ولاتی کوردستان تەنیا لە ڕێگەی هەناردەی نەوتەوە ساڵانە ٧٣ میلیارد دۆلار داهاتی نەوتیی دەبێ کە بۆ ولاتێکی وەک کوردستان بە ٧ میلیۆن دانیشتووەوە بە داهاتێکی زۆر بەرز دێتە ئەژمار و ولاتی کوردستان بە ئاسانی دەتوانێ بەشێک لەم داهاتە زۆرە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی وەزارەتی بەرگری تەرخان بکا. بە دڵنیاییەوە ولاتی کوردستان سیاسەتێکی نزیک لە رۆژئاوای دەبێ و هەوڵ دەدا پێداویستییە نیزامییەکانی لە ڕێگەی رۆژئاواوە دابین بکات و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی پێی نیزامییەکان و کارناسانی رۆژئاوایی بە بیانووی جۆراوجۆری وەک فێرکردن و راهێنان بۆ کوردستان بکرێتەوە و ئەم پێوەندییانە بەرەبەرە پەرەدەستێنن و دوور نیە کوردستان پەیمانی نیزامیی دوو لایەنە و چەند لایەنە لەگەڵ ولاتانی رۆژئاوایی ئیمزا بکا و ئەوە بە مانای دوو کێشە و گرفتی ئەمنییەتی و نیزامییە بۆ ئێران؛ یەکیان پێکهاتنی سپایەکی رێکوپێک، تەیار و بەهێز لە سنوورەکانی رۆژئاوای ئێران و دووەمیان لە ئەگەری هێرشی رۆژئاوا بۆ سەر ئێران، خاک و ئاسمانی کوردستان بۆ هێرش بۆسەر ئێران کەڵکی لێوەردەگیرێ.


**٤ـ زیادبوونی هەستی نەتەوەیی لە نێو کەمایەتییەکانی ئێران بە تایبەت کوردەکان:** سەربەخۆیی کوردستان شەپۆلێک لە گوڕ و تین لە کوردەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پێک دێنێ، کوردانی دانیشتووی ئێران کە لە لانیکەمی مافە سیاسییەکانیان بێبەش کراون بە درێژایی مێژووی هاوچەرخ بە هۆی هەوڵدان بۆ ئازادی و دێموکراسی بەردەوام لەژێر ستەمدا بوونە و چەوساونەتەوە؛ بێگومان سەربەخۆیی کوردستان هیوا و ورە لە دڵی خەڵکی ستەملێکراوی کورددا زیاد دەکا و پەرەسەدنی هەستی نیشتمانپەروەرانە لە کوردستانی ئێران بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش وەک ئازەربایجان، خوزستان و بەلوچستان دەکێشێرێ و ئەوە ڕێژیمی تارانی زۆر نیگەران کردوە.

**٥ـ ترس لە بوون و نفووزی ئیسرائیل لە کوردستان:** بە وەبەرچاوگرتنی قسەکانی بێنیامین نێتانیاهۆ سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل کە سەربەخۆیی کوردەکانی وەک هێزێکی میانەڕەو لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بۆ هاوکارییە ناوچەییەکان بە گرنگ زانی و هەروەها لە قسەکانی چەند بەرپرسێکی دیکەی ئیسرائیل، بەو ئاکامە دەگەین کە ئیسرائیل پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردستان دەکا و ئەوە بەدگومانیی هەمیشەیی بەرپرسانی ئێرانی بە هاوکارییەکانی ئیسرائیل و کوردستان زیاتر کردوە. توندڕۆیی مەزهەبی لە نێوکورداندا لە هەموو نەتەوەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی نێوەراست کەمترە و کوردستان نە لەگەڵ ئیسرائیل و نە لەگەڵ هیچ ولاتێکی دیکە دوژمنایەتیی نابێ و هەر ئەوە ڕێژیمی ئێرانی لە دامەزراندن (یان پەرەپێدانی) پێوەندیی نێوان ئیسرائیل و کوردستان ترساندوە.

**٦ـ ترس لەوەی کوردستان ببێتە حەشارگەیەکی ئەمن بۆ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و ناردنی دێموکراسی بۆ ئێران:** ڕێژیمی ئێران بۆ پاساوی جینایەت و سەرکوتەکانی لە کوردستان بەردەوام هەوڵیداوە نەتەوەی کورد بە پیاوکوژ، بێ فەرهەنگ، لایەنگری توندوتیژی، دژە دین و دوژمنی ئێران بناسێنێ بۆ ئەوەی خواستە رەواکانی نەتەوەی کورد بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران پەرەنەستێنی، چونکە کوردەکان بە دروشمی دێموکراسی بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستان هاتنە مەیدانی خەباتەوە. بە زیادبوونی سەفەری خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران بۆ کوردستان بە مەبەستی سەفەر و کڕینی کاڵا لە بازارچە سنوورییەکان، لەگەڵ فەرهەنگی میواندۆستی و ئینساندۆستانەی کوردەکان ئاشنابوون و درۆکانی ڕێژیم لە دژی گەلی کوردیان بۆ روون بۆتەوە. لە چەند ساڵی رابردوودا هاتوچۆی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و هەروەها هونەرمەندانی ئێرانی بۆ بەڕێوەبردنی کۆنسێرت و بەرنامە سیاسییەکانیان بۆ هەرێمی کوردستان زیادی کردوە و بێگومان ئەگەر کوردستان سەربەخۆ بێ ئەم هاتوچۆیانە زیاتر دەکا و خەڵکی ئێران زیاتر لەگەڵ ولاتی دێموکراتی کوردستان ئاشنا دەبن و ئەم مەسەلەیە لەباری فەرهەنگییەوە بۆ ڕێژیمی ئێران کێشەخوڵقێنە.

**٧ـ زیادبوونی هێز و نفوزی تورکیە و عەرەبستان لە ناوچەکە:** سەربەخۆیی کوردستان و بە دوای ئەویشدا جیابوونەوە ناوچە سوننەنشینەکانی عێراق بە زیانی ئێران و بە قازانجی ولاتانی رکەبەری ئێران واتە تورکیە و عەرەبستان دەبێ. بە وەبەرچاوگرتنی قسەکانی بەرپرسانی تورکیە وەک وتەبێژی حیزبی داد و گەشەپێدان کە دابوشبوونی عێراقی بە شتێکی حەتمی زانی و گوتی ئەگەر کوردستان سەربەخۆیی رابگەیەنێ ئەوان برای ئێمەن، دەردەکەوێ کە تورکیە بە سەربەخۆیی باشووری کوردستان رازییە. لە چەند ساڵی رابردوودا تورکیە بە ئاشکرا پشتیوانیی لە باشووری کوردستان کردوە و تەنانەت بە پێچەوانەی سیاسەتەکانی بەغدا ڕێگەی بە کوردەکان داوە کە لە ڕێگەی تورکیەوە نەوت هەناردە بکەن. سەفەرە بەردەوامەکانی هەردوولا بۆ لای یەکتر یەکێکی دیکە لە نیشانەکانی گەرمی و جیددی بوونی پێوەندییەکانیانە. چونکە باشووری کوردستان ڕێگەی بۆسەر دەریای ئازاد نیە پێویستیی بە تورکیە هەیە کە وەک ولاتێکی دۆست و برا بۆ پێوەندی گرتن بە دنیای ئازاد و هەناردەکردنی نەوتەکەی کەڵکی لێوەرگرێ و تورکیەش لەم پێوەندییەدا قازانجی ئابووریی دەست دەکەوێ و بواری ئاشتەوایی نیشتمانی لەگەڵ کوردەکانی دژبەری خۆی پێکدێنێ و ئەم نفوزەی تورکیە لە باشووری کوردستان، نفوزی کۆن و نەریتیی ئێران لەم ناوچەیە کەمڕەنگتر دەکاتەوە و ئەوە شکستێکی دیکەیە بۆ ڕێژیمی تاران لە ناوچەکەدا. لە لایەکی دیکەوە ولاتی عەرەبستان ئەگەرچی لە بوونی هێزی توندڕەوی داعش لە سنوورەکانی خۆی نیگەرانە بەڵام بە سێ هۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان بە قازانجی دەبێ: یەکەم، پێکهاتنی دەوڵەتی کوردستان لە دژی بەرژەوەندەکانی ڕێژیمی ئێرانە. دووەم، سەربەخۆیی کوردستان و ناوچە سوننەنشینەکان دەبێتە هۆی لاوازبوونی عێراق کە هاوپەیمانی ئێرانە. سێهەم، بڕانی کەوانەی شیعە زەبرێکی قورس لە بەرژەوەندەکانی ئێران لە ناوچەکە دەدا و بواری رووخانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد وەک هاوپەیمانی ئێران و دوژمنی عەرەبستان دەڕەخسێنێ.

بە وەبەرچاوگرتنی ئەم ٧ هۆکارە بێگومان ڕێژیمی ئێران هەموو کارێک دەکا بۆ ئەوەی ڕێگە لە سەربەخۆیی باشوووری کوردستان بگرێ، بەڵام بێشک سەرکردەکانی کورد بە شێوەیەک سەربەخۆیی رادەگەیەنن کە پشتیوانیی تورکیە و چەند ولاتی عەرەبی لە پشت بێ و، لەم حاڵەتەدا ڕێژیمی زاڵ بەسەر ئێراندا تەنانەت بە دەستێوەردانی راستەوخۆش لە عێراقدا و شەڕ لەگەڵ کوردەکانیش ناتوانێ ڕێگربێ لەبەردەم سەربەخۆیی کوردەکان. ڕێبەران و خەڵکی باشووری کوردستان لە دوو دەیەی رابردوودا سەلماندویانە کە هیچ دوژمنایەتییەکیان لەگەڵ هیچ نەتەوە و مەزهەبێک نیە و خەڵکی ئێران بە دۆست و برای خۆیان دەزانن و پێکهاتنی ولاتی کوردستان لە تەنیشت سنوورەکانی ئێران جگە لە قازانجی هیچ زیانێکی بۆ ئێران نیە و ئەوە ڕێژیمی ئێرانە کە لە پێکهاتنی ولاتی کوردستان زەرەر دەکا نەک خەڵکی ئازادیخوازی ئێران.




**بێگومان ڕێژیمی ئێران هەموو کارێک دەکا بۆ ئەوەی ڕێگە لە سەربەخۆیی باشوووری کوردستان بگرێ، بەڵام بێشک سەرکردەکانی کورد بە شێوەیەک سەربەخۆیی رادەگەیەنن کە پشتیوانیی تورکیە و چەند ولاتی عەرەبی لە پشت بێ و، لەم حاڵەتەدا ڕێژیمی زاڵ بەسەر ئێراندا تەنانەت بە دەستێوەردانی راستەوخۆش لە عێراقدا و شەڕ لەگەڵ کوردەکانیش ناتوانێ ڕێگربێ لەبەردەم سەربەخۆیی کوردەکان.**

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 636 22 July 2014

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# چەند دیمەنێک لە کۆڕ، سمینارو ڕێوڕەسمەکانی تایبەت بە ٢٥ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوو نەمر




فەرانسە، گۆرستانی پێرلاشیز – سەردانی مەزاری ڕێبەرانی شەهید، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانیان



سمینار لە پارلمانی بریتانیا



سمیناری نۆروێژ



کانادا



کۆیە– بنکەی دەفتەری سیاسی



کۆیە، مەزاری شەهیدانی دێموکرات– چالاکی نەمام چاندن بە بۆنەی ٢٥ ساڵەی تیرۆری ڤییەن، لە لایەن یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانەوە